هاوکاری

التضامن

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتی‌یە

لە دار الجماهیر دەرئەچێو لە دار الحریە چاپ ئەکرێ

ژمارە ١٥٣ ٩-٢-١٩٧٣

نرخی (٣٠) فلسە

تەلەفون ٢٠٣٦٥

سەرۆك بەکر لەگەڵ وەزیرەکانا کۆبۆتەوە

رۆژی چوار شەممەی رابوردو سەرەك کۆمار ئاك احمد حسن بکر لە هەولی کوبونەوەکان لە کۆشکی جمهوری بۆ ماوەی ٢ سەعاتو نیو لەگەڵ وەزەیرەکانا کۆبۆتەوە • وە لە کۆبونەوەکانا باسی کاروباری وەزارەتیان کردوە •

ئا•د•ع

دکتور زید حیدر گەیشتە مۆسکو

رۆژی سێ شەممەی رابوردوو دکتور زید حیدر ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەیی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب ولێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندی‌یەکانی دەرەوە لەسەرداخوازی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کومونیستی سۆڤییەتی بەرەو موسکۆ کەوتە رێ • وەلەوێ لەگەڵ کاربەدەستانی سۆڤییەت دەربارەی باری ناوچەی عەرەبو سیاسەتی دەولەتانا گفتوگۆ ئەکات • سەردانەکەشی دوو هەفتە ئەخایەنێ •

ئا•د•ع

ئەلیندی: دەسەلاتی کارگەران دەستەبەری گۆڕینی ژێرخانی ئابوری وڵات ئەکات

دوو بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەربارەی فەلەستین

وتوویژ لە نێوان پارتی بەعس و بەرەی گەلی دیموکراتی دا

دوو بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش بڕیاری‌دا کە ٣ ملیون دۆلار بەبزوتنەوەی پێشمەرگەکانی فەلەستین بداتو ملیونێك دولار بۆ سنوقی شەهیدانی فەلەستین تەرخان بکات ئەمەش دوو بڕیارەکەیە :-

بەپێی ناوەرۆکی بەندی (أ)ی مادەی (٤٢)ی دەستوری وەختی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش لەکۆبونەوەی ٧-٢-١٩٧٣ بڕیاری دا :

١ - ملیونێك دۆلار لە سنوقی دەزگای ولاتانی عەرەب دابنرێ بۆ سنوقی تەقاویتی شەهیدانی فەلەستین •

٢ - ئەگونجی ئەو پارەیەی سەرەوە زیاتر بکرێت بەپێی هەر ریککەوتنێك کەلەنێوان ولاتانی عەرەبدا ببێ •

٣ - وەزیری دارایی جی‌بەجێ‌کردنی ئەم بڕیارەی پێسپێردراوە •

مانگرتنی کریکارانی کەمبودیا

فنوم‌پن : ئەسۆشیتدپریس : رژێمی لون نول دوچاری گەورەترین گیروگرفتی ئابوری بودو رۆژی ٦-٢ نزیکەی ٤٠ هەزار کریکاری کەمبودیا کە لە ٤٠ فابریقەدا کار ئەکەن دەستیان بەمانگرتن کردوە بۆ نارەزای دەربڕین دژی ئەو سیاسەتەی خاوەنانی‌کار دژیان ئەیگرنە بەر • وە کریکاران بەم مانگرتنەیان داوای کەم کردنەوەی سەعاتی ئیش کردنو زیادکردنی رۆژانەو چاککردنی باری گوزەرانیان ئەکەن •

احمد حسن بکر

سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش

هەروەها ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش ئەم بڕیارەی‌تری داوە :-

١ - تەرخان‌کردنی ٣ ملیون دۆلاری تر بۆ بزوتنەوەی بەرگری فەلەستینو خەباتی چەکدار •

٢ - وەزیری دارایی جی‌بەجێ‌کردنی ئەم بڕیارەی کەوتۆتە ئەستۆ •

احمد حسن بکر

سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

تەنگوچەڵەی نەبونی سوتەمەنی لە ئەمەریکا

بەپێی راپۆرتێکی کۆنگریسی ئەمەریکا ، حکومەتی واشنتون دووچاری کەم‌بونی سوتەمەنیو وزە بـووە ، وە راپۆرتەکە کە هەفتەی رابوردوو بلاوکراوەتەوە وتویە: تاوەکو ساڵی ١٩٨٥ ئەمەریکا ناچار ئەبێ نیوەی سوتەمەنی وپترولی پیویست لەدەرەوە بیهێنێ •

راپۆرتەکە وتویە ، ئەمەریکا پار ٢٦٪ سوتەمەنی پیویستی لە دەرەوە هێناوە •

ئاژانسەکان

● رۆژی سێشەممەی رابوردو مامۆستا شبلی العیسمی یاریدەدەری سکرتێری گشتی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب لەبارەگاکەیا پێشوازی کاك نایف حواتمەی ئەمینداری گشتی بەرەی دیموکراسی گەلی رزگاری هێنەری فەلەستینی کردوە وە لەچاوپێکەوتنەکەدا کە نزیکەی سەعاتێکی خایاندوە باسی مەسەلەی فەلەستینو باری ناوچەی عەرەبو دەوڵەتانیان کردوە

وتوویژ لە نیوان پارتی بەعس و بەرەی گەلی دیموکراتی

رۆژی ٧ی شوبات وەفدێکی پارتی بەعس بە سەرۆکایەتی مامۆستا عبدالخالق السامرائی و وەفدێکی بەرەی گەلی دیموکراتی بەسەرۆکایەتی مامۆستا نایف حواتمە کەوتنە وتووێژەوە •

دوای وتووێژەکە کە سەعاتو نیوێکی زیاتر خایاندووە کاك یاسر عبد ربە ئەندامێکی بەرەی دیموکراتی وتویەتی : باسی وەزعی فەلەستینو عەرەبو وەزعی گشتی دەوڵەتانمان کردووە ، بەتایبەتی دوای کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی بەرگری عەرەب ، هەروەها باسی ئەوە کراوە کە پیویستە رێڕەوی یەکێتی پارتیزانەکانی فەلەستین بەهێزبکرێت •

هەروەها وتویەتی لە کۆبونەوەکەدا دیاربوو کە هەردوولا دەربارەی وەزعی فەلەستینو عەرەبو یەکێتی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی پێشمەرگەکانی فەلەستینو بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی عەرەبو نەخشەدانان بو لەگۆشەنانی دەستە راستو ساتو سەواکەرانی خۆ بەدەستەوەدەر ، دەربارەی ئەمانە هەموو باری سەرنجی هەردوو لا یەك بوە •

ئا•د•ع

رای رۆژنامەیەکی ئنگلیزی دەربارەی ریککەوتنی کۆمپانیای نەوتی فەرەنساو کۆمپانیای نیشتمانی عیراق

لەندەن -٧- ئا•د•ف : کۆمپانیای نەوتی عیراق (ئای• پی•سی) دەربارەی ریککەوتننامەکەی نێوان کۆمپانیای نەوتی فەرەنساو کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی عیراق بێدەنگ بووە سەرەڕای ئەم بێدەنگی‌یە رۆژنامەی « فاینانشال تایمز » لەو بڕوایەدایە کە ئەم ریککەوتننامەیە نارەحەتی‌یەکی زۆری خستۆتە نێوان هاوبەشەکانی کۆمپانیای نەوتی فەرەنسا کە یەکێکە لە بەشدارانی کۆمپانیای نەوتی عیراق • رۆژنامەکە ئەلێت ، هاوبەشەکانی کۆمپانیای نەوتی فەرەنسا سەرسامی دایگرتون لەترسی ئەوەی کە کۆمپانیاکە هەڵوێستی بگۆڕێت ، هەروەها وتویەتی ، هێشتا هۆی مۆرکردنی ئەم ریککەوتننامەیە دەرنەکەوتووە وە لەوانەیە ئەم کۆمپانیایە بەزۆری حکومەتی فەرەنسا ئەمەی کردبێت •

بە یەکێتی هێزە نیشتمان پەروەرو پێشکەوتن خوازەکان پیلانە تازەکانی ئەمەریکا پوچەڵ ئەبێتەوە

دوای دامەزراندنەوەی ئاشتی لەڤێتنامداو پاشەکشێی ئەمەریکا ، ئیتر ئەمەریکا بەتەواوی چاو ئەبڕێتە رۆژهەلاتی ناوەراستو نیشتمانی عەرەب نەك هەر بۆ جێگیرکردنی ئیسرائیل بەڵکو بۆ پاراستنی قازانجو بەرژەوەندی‌یەکانی خۆی لەم ناوچەیەدا بەتایبەتی سەبارەت بە نەوت کە لەم دواییەدا شارەزایانی وزەی (الطاقە) ئەمەریکایی پێیان لەو راستی‌یە ناکە ولاتەکەیان پێویستی‌یەکی ئێجگار زۆری بە نەوتی ولاتانی عەرەب ئەبێت بەتایبەتی لە سالی ١٩٨٥ەوە کە ئەبی نیوەی پێویستی ناوت لەم ناوچانەوە وەرگرێت کە سێ‌یەکی یەدەگی دنیا نەوتی‌یان تێدایە •

وەنەبی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا هەر دوای تەواوبونی جەنگی ڤێتنام بیری لە روژهەلاتی ناوەراست کردبێتەوە بەڵکو هەر دەستکورتی ئەمەریکا لەروی سەرچاوەکانی وزەوە هۆیەکی گرنگی ئەو پاشەکشێیەی ئەمەریکابوو لە ڤێتنامدا کە ئیتر نەوزەیا نەمابو ملیارەها دولار نە جەنگێکی روخێنەری وادا خەرج بکات کە زۆر چاك ئەیزانی چ دوا رۆژێکی رەشی دێتەرێگا •

لەبەر ئەوە وە بەپێی وتەکانی نیکسونو کاربەدەستە گەورەکانی تری ئەمەریکاو سەرکردە کۆنەپەرستە هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا لە روژهەڵاتی ناوەراستدا وەکو مەلیك حسەینو شای ئیرانو گۆڵدا مائیر ، بەپێی وتەی ئەمانە هەموو ئیتر ئەمەریکا خەریکی روژهەلاتی ناوەڕاست ئەبێت •

باوەر ناکەین کەس بەقەدەر سەرە موویەك دوو دڵ بێت لەوەی کە خەریك‌بوونی ئەمەریکا بە روژهەڵاتی ناوەراستەوە مانای هەوڵ دانە بۆ جێگیرکردنی ئیسرائیلو هەموو رێژیمە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەو جێگیرکردنی بەرژەوەندی‌یەکانی ئەمەریکاو پەلاماردانی بزوتنەوە شورشگێری‌یەکانی گەلانی ناوچەکە بەتایبەتی هی گەلانی عەرەب وە لەناوبردنی ئەو سیستەمانەی بەگژ ئیمپریالیزمو کونەپەرستی‌دا ئەچن •

دیارە جێ‌بەجێ‌کردنی ئەم نیازە گڵاوەش بەئاسانی بۆ ئەمەریکاو نۆکەرە کۆنەپەرستەکانی ناچێتە سەر لەبەر ئەوە پەنا ئەباتە بەر هەموو نەخشەو پیلانێك بۆ لەناوبردنی بەرگریو خەباتی گەلانی عەرەبو گەلانی تری رۆژهەڵاتی ناوەراست •

بی‌گومان ئەمەریکا بۆ جێ‌بەجێ‌کردنی ئەم پیلانو نەخشانە ماوەیەکی زورە خەریکی ئامادەکردنو بەهێزکردنی هیزو حکومەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەیە ، خەریکی بەهیزکردنی هەموو هێزێکی دەستەڕاستە وە بەپێی وتەکانی کاربەدەستەکانی ئەمەریکاو روخساری نەخشە ئاشکرا بووەکانیشی لەوە ئەچێت کە بەتەمابن لەماوەی چەند مانگێکی داهاتوودا بە خەیاڵی خویان ئاو بکەن بە ئاگرداو بزوتنەوەی نیشتمان‌پەروەریو ئازادی خوازی ئەم گەلانە خەفە بکەن •

بۆیە پیویستە هیزە نیشتمان‌پەروەرو چەپ‌خوازو ئازادی‌خوازەکانی ناوچەکە چ حکومەت بن یا پارتیو کۆمەڵی سیاسی هەریەکە لای‌خویانەوەو هەمووشیان لەبەرەیەکدا خویان بۆ پوچەڵ‌کردنەوەی ئەم نەخشە رەشانە ئامادەبکەنو وەکو گەلی قارەمانی ڤێتنام ئاواتەکانی ئەمەریکاو ئامانجە گڵاوەکانی زیندە بەچاڵ بکەن •

گفتوگۆی دووقۆلی نیکسونو مەلیك حسەین

واشنتۆن : رۆیتەر ، ئەسۆشیتدپریس : رۆژی ٤-٢ مەلیك حسەین پاشای ئەردەن بە سەردانێکی رەسمی چوو بۆ ئەمەریکا • وەرۆژی ٦-٢ لەکۆشکی سپی لەگەڵ نیکسونی سەرۆکی ئەمەریکادا دەربارەی نەخشە نوێیەکەی واشنتون سەبارەت بە چارەسەرکردنی مەسەلەی رۆژهەڵاتی ناوەراست گفتوگۆی کرد • وەنیکسون لەبەردەمی رۆژنامەنوسانا بە مەلیك حسەینی وتووە •

ئەم مانگە مانگی مەسەلەی رۆژهەڵاتی ناوەراست ئەبێ ئیمرۆ چاوم بەتۆ کەوتووەو لەمانگی ئازارا چاوم بە گۆڵدا مائیر ئەکەوێ ، ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوەی کە لەڕاو باری سەرنجی هەموولایەنێك شارەزا ببین •

وەبڕیار وایە کەمەلیك حسەین لەگەڵ ولیم رۆجەرزی وەزیری دەرەوەو ئلیۆت‌ریچاردۆن وەزیری بەرگری‌وئەندامانی لیژنەی پەیوەندیەکانی ئەنجومەنی سەناو نوینەرانی ئەمەریکا کۆببێتەوەو داوای یارمەتی تر لە ئەمەریکا بکات•

ئاگادارە سیاسیەکان لەوباوەڕەدان کە پاشای ئەردەن لەم سەردانەیدا هەوڵ ئەدات کە ریککەوتننامەیەك دەربارەی باری ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست گەڵاڵە بکات • لەلایەکی ترەوە رۆژنامەی « دێلی تلگراف »ی لەندەنی دەربارەی ئەم سەردانە وتویە ، مەلیك حسەین ئەمجارە نیکسون بەگوێ رایەڵی ئەبینی بەتایبەتی دوای‌ئەوەی کە ئەمەریکا لەڤیتنام دەربازی بو وە چونکە پیویستی بەنەوتی رۆژهەڵاتی ناوەراست هەیە •

ئیسرائیل نەوت لەکوێ وەرئەگرێ

گۆڤاری - حیل‌هیام - ئۆرگانی‌هێزی دەریایی‌ئیسرائیل لە ژمارەی هەفتەی رابوردوبابڵاوی‌کردەوە کە • ئیسرائیل نەوتێکی زۆر لە ئیران‌وەرئەگرێ ، گۆڤارەکە وتویە : ئیسرائیل هێزی دەریایی خۆی‌لەدەریای سورا بەهێزکردوە بۆ زامن‌کردنی گەیشتنی نەوتی‌ئیران ، وە چەند پاپۆڕێکی رژێمی ئیرانیش پارێزگاری‌پاپوڕە نەوت هەڵگەرەکانی ئیسرائیل ئەکەن تاوەکو ئەگاتەبەندەری ئیلات ، وە لەو رۆژەوە ئیران سێ دوورگەکەی خلیجی داگیرکردوە نەوتی‌ئیران بێ‌وچان ئەگاتە بەندەری ئیلاتو لەوێوە بەبۆڕی ئەگوێزێتەوە بۆ قەراغ دەریای سپی ناوەراست•

لەلایەکی تریشەوە ئاژانسی دەنگوباسی فەرەنسا بلاوی کردەوە کە عباس هویدای سەرەك وەزیرانی شای ئیران لەو تووێژێکدا لەگەڵ‌پەیامنێری گۆڤاری (عمان المساء)ی ئەردەنی وتویە ولاتیکی عەرەب نەوت ئەدات بە ئیسرائیل وەوتویە ، رۆژی ١٢ ملیون بەرمیل نەوتی عەرەب ئەچێ بۆ ئیسرائیل بەلام ئیران رۆژی ٤ر٥ ملیون بەرمیل نەوتی‌ئیران بەتەل‌ئەبیب ئەگات ئیتر بۆچی ئیران بەوە تاوانبار ئەکریت کە نەوت بەئیسرائیل ئەدات •

ئاژانسەکان

هەفتەی دروستکردنەوە لە هانۆی

رۆژی ٨ی شوبات هەفتەی کارکردن لە هانۆی‌دا دەستی پێ‌کرد تاکو ئەو شەقامو خانوە جێگایانە دروست بکەنەوە کە فرۆکەکانی ئەمەریکا ویرانی کردون •

ئاژانسەکان ئەڵێن: هەزاران قوتابیو کریکارو میلیشیای ژنو منال رژابوونە سەر شەقامەکان تاکو دروشمی لیژنەی شۆڕشگێری شاری هانوی دەربارەی دروستکردنەوەو چاککردنەوە جێ‌بەجێ بکەن •

ئاژانسەکان

ئەلیندی : دەسەلاتی کارگەران دەستەبەری گۆڕینی ژێرخانی ئابوری ولات ئەکات

سانتیاگۆ : ئا•د•ف : دکتور سلفادور ئەلیندی‌سەرۆکی شیلی رۆژی ٦-٢ وتارێکی لە کۆبونەوەیەکی فراوانی جەماهیری‌یاخوێندۆتەوە تیایدا وتویە : لە مانگی مارتی ئایندەداهەڵبژاردنی ئەندامانی‌ئەنجومەنی نوینەران دەست پێ‌ئەکات ، ئەم هەڵبژاردنەش‌سەرەتای شەڕی ژیانو مردنەکە دژی ئیمپریالیزمو بەکرێ گیراوان دەستی ئەدەینێ‌وە ئەم شەڕەش کاتی کۆتایی‌دێت کە توانیمان بە یەکجارەکی هەموو شورەو کۆتو پێوەندێك بشکێنین •

دکتور ئەلیندی وتویە ، بەپێی بەرنامەی ئیئتلافی دەستەی بەرەی‌چەپ پەرلەمانێکی میللی کە لەیەك ئەنجومەن پێك دێت لەجێگای کۆنگریسی ئیستا ئەبێ ، وە سەرەك کۆمار مافی پەکخستنی ئەم پەرلەمانە تازەیەی ئەبێ •

دکتور ئەلیندی وتویە : حکومەت رەصیدێکی ٦٠ ملیون دۆلاری‌هەیەو بۆ جێ‌بەجێ‌کردنی نەخشەی ئیستسماری بەکاری ئەهێنی ، هەروەها وتویە : ئیمە لەو باوەڕەداین کە دەسەلاتی (سلطە) رەنجبەران دەستەبەری گۆڕینی ژێرخانی ئابوری ولات ئەکات ، راستە ولات بەدەست گیروگرفتی ئابوری‌یەوە ئەنالێنی بەلام ئەم گیروگرفتانە هەمووی ئەنجامی جموجوڵیو پیلانەکانی کۆنەپەرستو ئیمپریالیستەکانە وە هەڵبژاردنی مانگی مارت دەسکەوتێکی گرنگی چینی کریکاران ئەبێو بەتەوژم ولات بەرەو کۆمەڵێکی سوشیالیستانە پاڵ‌پێوە ئەنێ •

شۆڕشگێڕانی ئەنگۆلا سێ‌یەکی ولاتەکەیان رزگار کردوە

جەزایر : ٤-٢ ئاژانسەکان: بەبۆنەی دوانزەهەمین بیرەوەری هەڵگیرسانی شورشی ئەنگولا ، بەرەی رزگاری هێنەری ئەنگولا بەیاننامەیەکی لەشاری جەزایر بلاوکردۆتەوە تیایدا وتویە : **شۆڕشگێڕانی بەرەی گەلی سێ‌یەکی خاکەکەیان لە چنگی ئیمپریالیزمی پورتگال رزگار کردوە •** وە ئەگەرچی ئیمپریالیزمی

بڕوانە ل : -٧-

هەفتەی باسێك

بیرەوەری ٢٥ ساڵەی دامەزراندنی لەشکری گەلی کۆریا

ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابوردو (٨-٢) گەلی کۆریا بە بۆنەی ٢٥ ساڵەی دامەزراندنی لەشکری گەلی کۆریای دیموکراتەوە ئاهەنگی گێڕا .

لەشکری گەلی کۆریای دیموکرات خاوەن مێژوویەکی پڕ شانازی و فیداکاریە ، وە هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە تاکو ئێستا کە لەژێر چاودێری پارتی کارو سەرۆك کیم ئیل سونگدا پێگەیەنراوە دڵسۆزانەو بەکۆمەکی کرێکارو جوتیارو ڕوشنبیران لەدوی قۆڵەوە تێکۆشاوە لەقوڵێك وەکو شورەیەکی پۆلاپارێزگاری خاکی نیشتمان و ژووروی کوریای ڕێبازی مارکسیزمی لینینزم و ڕژێمی جمهوری کردوەو دلێرانە بەرەنگاری هێرش و پیلانەکانی ئیمپریالیست و بەکرێ گیراوانی خواروی وڵات بوەوەپەیتا پەیتا قوربانی داوە لەپێناو پووچەڵ کردنەوەی ئەم پیلانانەی دژی ڕژێمی جمهوری کوریای دیموکرات و دەسەلاتی چینی ڕەنجبەران ڕێکخراون . وە لەشەڕی کۆریادا نەبەردانە بەیارمەتی بەگژ دوو ملیون سەربازی ئیمپریالیزمی ئەمەریکای ئەو ١٥ دەوڵەتەدا چوو کە سەربە ئەمەریکا بوون و دەرسێکی باشی دادان و ئەوەی سەلماند کە هەرگەلێك پشت بەخۆی ببەستی و چاکی خەباتی لێ بکات بەلادا هەر سەرئەکەوێ .

لەلایەکی تریشەوە ، لەشکری گەلی کوریای دیموکرات هێزێکی لەبن نەهاتوی بەرهەمهێنان و بنیاتنان و ئاوەدان کردنەوەی وڵات بوە ، شان بە شانی هەموو گەل ، وڵاتی کوریای لەبارێکی دواکەوتو و ویران بووەوە گەیاندۆتە بارێکی پێشکەوتوو وە وەکو بیلبیلەی چاو پارێزگاری ژێرخانی مادی ڕژێمی سوشیالیستی کردوە .

گەلی کوریای دیموکرات و لەشکرەکەی لەژێر سەرکردایەتی پارتی کارو سەرۆك کیم ئیل سونگ و ڕێبازی سوشیالیستی عیلمی بەهەنگاوی گەورە بەرەو پێشەوە ئەڕوات . ئێمەش بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لەگەڵی کۆریاو لەشکرە قارەمانەکەی ئەکەین ، ئەو گەل و لەشکرەی لە خەباتێکی ناوکۆیی‌دان لەگەڵ گەلی عیراق بەکورد و عەرەب و هەموو گەلانی دنیادا دژی ئیمپریالیزم و شەڕ و کۆنەپەرستی .

ـ دانا ـ

شۆڕشگێڕێکی کورد کە ناوی ,, سمکۆ ,, یە

زنجیرە لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی ڕاپەڕینە ڕزگاریخوازیەکانی ”سمکۆ“

بەدرخان سندی

بەشی دووەم :ـ

لەبەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەماندا باسی باری سەرنجی پڕ سڵ کردنەوەی ئیمپریالیزمی دنیا بەشێوەیەکی گشتی و بەریتانیامان بە تایبەتی کرد ، دەربارەی مەسەلەی کوردو ڕاپەڕینە ڕزگاریخوازەکانی کوردستان .

بەریتانیا بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی وای لێ ئەکرد کە مەسەلەی کورد بشێوێنێ جا بۆیە ڕووی ڕاپەڕینەکانی کوردی بەڕواڵەتێکی شێواو نیشان ئەدا وە چەندین ڕێگای ئەگرتەبەر بۆ لەناوبردنی ئەم بزوتنەوە ڕزگاریخوازانە بەتایبەتی بەهۆی حکومەتە کونەپەرستەکانی ناوچەکە کەوەکو (داشی شەترنج) بەدەست بەریتانیاوە بون .

جا سەرمان سوڕ نامێنێ کە ڕاپورتە ژەهراویەکانی (میسس بیل)مان دەربارەی مەسەلەی کوردو سمکو بەرچاو بکەویت ، کە بەئاشکرا هەوڵ ئەدات ناوەڕۆکە شۆڕشگێریەکەی ئەم بزوتنەوانە بشێوێنێ کەچی لەزۆر شوێنا لەڕاپورتەکەیا ئەم تەقەللا بەئەنقەستەی خۆی لەبیر ئەچێتەوە .

(میسیس بیل) دەورێکی کاریگەری هەبووە لەڕاپەڕاندنی ئیش و کاری بەریتانیادا لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستا وە چەند پلەو پایەیەکی گرنگیشی هەبووە وەکو سکرتێری دایەرەی ڕۆژهەڵاتی سەر بەدەزگای جاسوسیەتی بەریتانیا . وە بەشێوەیەك دەربارەی سمکۆی شۆڕشگێر نوسیویەتی کە بە ئاشکرا پڕیەتی لەقین و شتی سەیر .. ئەمەش لەبەر ئەوە بووە کە سمکۆ ساتوسەودای لەگەڵ حکومەتی بەریتانیادا نەکردوە ، لەکاتێکدا کە سەرچاوەکان باسی هەردوو بزوتنەوەی سمکۆو شیخ مەحمود ئەکەن ئەوە ئەدرکێنن کە سمکۆ پەیوەندی لەگەڵ شیخ مەحمودا کردوە وە پەیوەندی دوستایەتی لەگەڵیا هەبووە ، کەچی (میسیس بیل) هەوڵ ئەدات کە ئەم دۆستایەتیە بشێوێنێ وە وای نیشان بدات کە ئەم پەیوەندیە تەنیا حەسودی نێوانیان بووە .. میسیس بیڵ لە کتێبەکەیا کە ڕاپۆرتێك بووە لە سەردەمی حوکمڕانی بەریتانیا لە عێراقدا نوسیویە لە لاپەڕە (٢٠٢) دا هەوڵ ئەدات کە وێنەیێکی بوڕبوڕێنی (مونافەسە) و حەسودی بەیەکتر بردنی نێوان سمکۆو (سەید تەها)ی شەمزینی لەلایەك وەنێوان شیخ مەحمود لە لایەکی تر بخاتە ڕوو . بەڵام هەروەکو لەمەوبەر وتمان پەیوەندی نێوان سمکۆو شیخ مەحمود پتەو بووە ، وە بەڵگەیێکی وا بەدەستەوە نەبووە کە نیشانەی حەسودی و مونافەسەی نێوان ئەم دوو سەرکردە شۆڕشگێڕە بوو بێت .

وە هەروەها لافی ئەوە لێ ئەدا کە گوایە هیچ جۆرە یەکێتی و هەستکردن بە لێك نزیك بونەوەی کوردستانی ژوروو خوارو نەبووە . کەچی لە شوێنێکی تری کتێبەکەیا مسیس بیڵ ئەم قسەیەی خۆی لەبیر ئەچێتەوە وە لە لاپەڕە (٢١٣) دا ئەڵێ :ـ

(سەیدتەها لە سەردانەکەی بەغایا زۆری لە لێپرسراوان کرد کە لە ژێر سەرپەرشتی بەریتانیادا کوردستانێکی یەکگرتوو دابمەزرێت .. وە کوردەکانی وڵاتی ئێرانی بخرێتە سەر ، بەڵام کاتێك کە پێیان وت ئێمە ناتوانین ئەم مەبەستەی بۆ جێ بەجێ بکەین بە تایبەتی دەربارەی کوردەکانی ئێران هیوا بڕاوی خۆی نیشان دا ، بەڵام سەیدتەها وتبوی جیا بونەوەی کوردستانی ئێران لە ئێران هەر ئەبێ ببێت ئەگەر چی ئێمەش (بەریتانیا) بەمە ڕازی نەبین .

باشە ئەمە نیشانەی یەکێتی و هەستی نزیك بوونەوە نیە کە یەکەم جار میسیس بیڵ نکوڵی لێ کردوەو لەدواییدا ئەڵێ :ـ سەردانی سەیدتەها لە بەغا بە مەبەستی دامەزراندنی کوردستانێکی یەکگرتووە بووە !؟

وە لە شوێنێکی تری کتێبەکەیا ، لە لاپەڕە (١١٦)دا کاتێك کە باسی سمکۆ ئەکات ئەڵێ :

(دوژمنایەتی سمکۆ لەگەڵ ئێراندا کە ئێمە ڕێکەوتن‌نامەیەکی تایبەتیمان لەگەڵا دوز کردبو ، بو بە هۆی ئەوەی کە هیوایان پێمان نەمێنێ یارمەتیان بدەین بۆ پێکهێنانی یەکێتییەکی نەتەوەیی لە نێوان کوردەکانی تورکیاو ئێراندا) .

جارێکی تر پرسیار ئەکەمەوە کە ئاخۆ مەبەستی میسیس بیڵ چی بێت دەربارەی نەبوونی یەکێتی و هەستی نەتەوەیی لە نێوان بەشەکانی کوردستاندا ، کەچی هەر خۆیشی ئەم قسەیەی خۆی لەبیر چوەتەوەو باسی یەکێتی کورد ئەکات کە سەیدتەهای شەمزینی و سمکۆ داوایان کردوە .

هەرچی چۆنێك بێت سەیر نیە کە ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکانی بەریتانیا بەم شێوەیە بێ ، مامۆستا جەعفەر خەیات لە کتێبی (صفحات من تاریخ العراق القریب)دا لە پێشەکی تەرجەمەکردنی ئەم ڕاپۆرتانەدا بەئاشکرا پەنجە بۆ ئەم لایەنانە درێژ ئەکات و ئەڵێ :ـ

میسیس بیڵ وای دەرخستوە کە جیاوازیەکی زۆر لەنێوان عەشیرەت و دانیشتوانی شارەکانا هەبووە وە هەر دوو لا لە یەکتری ترساوون ، وە هەست بەوە ئەکرێ کەبەشێوەیەکی ناشیرین باسی سەرکردەکانی وڵات ئەکات بەتایبەتی ئەوانەی کە دەوریان لە بزوتنەوە نیشتمانپەروەرەکانا هەبووە).

جا بۆیە لە خۆیەوە جۆرە ناکۆکییەك لەنێوان سمکۆو شیخ مەحمودا دروست ئەکات بەڵام خۆی و دایەرەکەی خۆی لەبیر ئەچێتەوە کە بە پێی سیاسەتی (جیاوازی دروست کەو ئاغا بە) ناکۆکیەکی زۆری لەنێوان سەرکردەکانی بزوتنەوە نیشتمانپەروەرەکانا خولقاند .

بەڵام (ویگرام) لەکتێبەکەیا (کوردستان یاخود مەڵبەندی ئادەمیزاد) دا بە شێوەیەکی دەمارگیری تر باسی سمکۆ ئەکات ، جا وای بە پێویست ئەزانم کە لە پێشا ویگرام بناسین ئینجا بزانین چۆن باسی سمکۆ ئەکات !؟

ویگرام یەکێك بووە لەوانەی کە گوایە بەناوی (تبشیر) هاتونەتە کوردستان ، بەڵام کاتێك کەڕۆیان دەرکەوت مەسەلەی (تبشیر) لە کوردستاندا بەتایبەتی وە لە نێوان گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستا ، مسلمانەکان بەگشتی بازاڕی گەرم نیە ویستیان لە ڕوواڵەتی ئەوانەدا خۆیان نیشان بدەن کە ئارەزووی پێش خستنی تیرە مەسیحیەکان ئەکەن ، بەڵام مەبەستی سەرەکی‌یان جاسوسی کردن بوو لەگەڵ بەرپاکردنی ئاژاوەدا بە بێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە ئەم مەبەستەیان ئەبێتە هۆی بەرپا بوونی کوشتار لە نێوان تایەفەو نەتەوە هاوسیکاندا .. چونکە لەفەلسەفەی ئەمانەدا مەبەست (تبریری وەسیلە) ئەکات .

بەم جۆرە ویگرام هات بۆ عیراق بەو شێوەیە کە گوایە ئەندامی ئەو دەستەیە کە سەرۆکی قەشەکانی (کانتبری) بۆلای ئاسوریەکانی (حەکاری) ناردبو ، بۆ ئەوەی فێری شارستانیەت و خوێندەواریان بکەن بە بێ ئەوەی لاقەی کاروباری ئاینییان بکەن وەیا خود بیان هێننە سەر ڕێبازێکی تری ئاین .. ئەمەش لە سەر داخوازی (بطریرك)ەکەیان بووە کە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەما داوای کردبو ، (بەرگی پشتەوەی کتێبی ویگرام کە جەرجیس فتح‌الله وەری گێراوە)

ویگرام بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە باسی سمکۆ ئەکات ، گیانی دەمارگیری و زیادەڕۆی کە

بڕوانە ل : ـ٧ـ

بەیاننامەی کۆماری دیموکراتی ڤیێتنام دەربارەی مەسەلەی کەمبۆدیا

هانۆی ١-٢ شینخوا : ئاژانسی دەنگو باسی ڤیێتنام بڵاوی کردەوە کە حکومەتی کۆماری دیموکراتی ڤیێتنام بەیاننامەیەکی دەربارەی مەسەلەی کەمبۆدیا دەرکردوە تیایدا ئەڵێ :

لە پێناوی دامەزراندنەوەی ئاشتی لە سەرانسەری هیندی چیندا گەل و حکومەتی کۆماری دیموکراتی ڤیێتنام پشتگیری خەباتی گەلی کەمبودیا ئەکەن . وە پێویستە ئەمەریکا ڕێزی مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کەمبودیا بگرێ و گەلی کەمبودیا خۆی چارەسەری گیروگرفتەکانی ناوخۆی بکات بەبێ خۆ هەڵقورتاندنی هیچ لایەکی بێگانە . هەروەها سامدیش نوردوم سیهانوك نوێنەری گەل و سەرۆکی شەرعی دەوڵەتی کەمبودیایە ، وە حکومەتی یەکێتی نیشتمانی مەزنی کەمبودیا کە سامدیش پین نوشا سەرۆك وەزیرانیەتی تاکە حکومەتی ڕاستەقینەی گەلی کەمبۆدیایە . گەلی ڤیێتنام بڕوای بەتینە کە خەباتە عادیلانەکەی گەلی کەمبودیا بە سەرکردایەتی بەرەی نیشتمانی کەمبودیاو خەباتی گەلی لائوس بە سەرکردایەتی بەرەی نیشتمانی لائوس هەر سەرئەکەوێ . بەیاننامەکە وتویە چارەنوسی هەرسێ گەلەکەی هندی چین بەیەکەوە بەستراوەتەوەو دۆستایەتی و هاوپەیانێتی گەلانی ڤیێتنام و لائوس و کەمبودیا بەخوێن گۆش کراوە لەخەباتی درێژخایەندا دژی دوژمنی

بڕوانە ل : ـ٧ـ

چەند یادداشتێك لە
زیندانەکانی شای ئێرانەوە

ـ ٩ ـ

جارێکیان بازجویەك کەلەبەر ڕیشی زل و سەروسیمای ڕێکوپێکی ناویان نابو « پرۆفسۆر بزن » یەکێك لەکوڕەکانی بەدیوارەوەداگرتبوو و بەهەموو کەیفی خۆی بە شەپلاغە دای گرتبو ، چەند بازجویەکی دیکەش لەسوچێکی تری ژورەکە بیرەی ساردیان دەخواردەوە ، هاواڵەکەمان لەتەماشاکردنی ئەوچەندکەسە زیاتر لە مشت و شەپلاغەکان نارەحەت بو ، ددانی بەجەرگی خۆیدا گرتبو و ناوچاوانی تێك نەدەدا . ئەشکنجەچی و هاواڵەکانی زۆر بەوە نارەحەت بون . کابرا هەر لێی‌دەدا و دەیگوت وەڵڵا ئەوەندەت لێ‌دەدەم تاشەخسیەتت دەشکێنم ، جا دەبینی تۆ دەیمەیەوە یا من . پاش ماوەیەك لێدان لەکاتێکدا چاوی سور هەڵگەڕابو دەستی ڕاگرت ، دوخەبی لە گیرفانی دەرهێنا و بەکەڵ کەمێك بیرە قوتی دا و سەرلەنوێ دەستی کردەوە بە لێدان . ئەمجار هاواڵەکانی کە بۆخۆشیان ڕقیان هەستابو بانگیان کرد لێی‌گەڕێ ، زیاتر خۆت نارەحەت مەکە . بەڕاستیش کابرا ئەوەندەی ڕق هەستابو کەلەداخان دەلەرزی ، ئاخرەکەی هاوکارەکانی ڕایان کێشاو بەسەربازێکیان گوت زیندانیەکەی لەبەرچاو لابا و بی‌باتەوە قوش .

ئەوهاواڵەی ئێمە ئەوجێدایە زیاتر لەهەشتا مست و شەپلاغەی بەرکەوتبو جگە لە ئەوەی بەچاوی سوك تەماشایان دەکرد و لەداخی ئەوان هەر خۆی ڕاگرت و خۆی تێك نەنا .

شێوەیەکی دیکەی ئیقرار وەرگرتن لەلاوان و ژنان هەڕەشە بەکردەوەی دژی ناموسە . ئەوگاڵتە ئەناویاندا باوە کە بەتاوانبارکراو دەڵێ : «پیپسیت بۆ بانگ کەم یا کەنەدا ، هاواڵەکانت کەنەدایان پێ باشترە .»

بۆ خوێندکارێکی منداڵ و بێ‌تەجروبە شانۆیەکی وایان دروست کردبو : پاش ئەوەی بە کردەوەی دژی ناموس هەڕەشەیان لێ‌کردبو ، بانگی مەئمورێکیان کردبوو گوتبویان بیبە ژوری تایبەتی ئەوە نایەوێ قسە بکا . مەئمورەکە لەڕێگا کەسێك ئامۆژگاری کوڕەکەی کردبو و پاشان لەبەر دەرگای ژورێك ڕای دەگرێ و دەرگاکە دەکاتەوە و پاڵی پێوە دەنێ بۆژورێ . کە وەژور دەکەوێ بەقەوڵی خۆی توشی دوغولی بێ‌شاخ‌وکلك دەبێ کە وادیارە نوستون و تازە وەخەبەر هاتون . ئەودوکەسە بەڕواڵەت لەسەر وەپێش کەوتن وەزوتر بەدەست گرتنی کوڕەکە بەکێشە دێن و ئاخرەکەی بەوشانۆسازیە وەحشیانە کوڕەکەی بەچۆکدا دێنن و ناچاری دەکەن قسە بکا . واش هەیە بۆ سوکایەتی‌پێ‌کردن و شکاندنی شەخسیەتی خەڵك لەوکردەوە گڵاوە کەڵك وەردە گرن . لەگەڵ پیاوێکی وەناوکەوتو و خاوەن ژن و منال لەسەر ئەوەی جنێوێکی پێدابون ئەوەفتارەیان بەکار هێنابو .

خوێندکارێکی لاو لەسەر ئەوەی کە لەپێش چاوی خۆی ئیهانەتیان بەدزگیرانەکەی کردبو (کە ئەویش گیراوە) و نەیتوانیبو قبوڵی بکاوجنێوی بەبازجۆکاندا بو ، شێلاق و کوتەکێکی زۆری وێ کەوت .

موهەندیس بدیع زادگانیان ماوەیەکی زۆ لەسەر تەباخی کارەبا دانابو ، بۆگەنی برینەکانی کە قەت جارێکیش بۆیان دەرمان نەکردبو ، هەم خۆی و هەم دەوروبەری خۆی نارەحەت دەکرد .. بەڵام بەوحاڵەوە بەاصطلاح موحاکەمە و پاشان ئیعدام کرا .

یەکێ تر لە خانوبەرەکان کە لەبەر ئەوەی جێگاکەی نزمە دەبێ بە پلیکانێکی زۆردا بۆی بچیە خوارێ ، ژورێکی گەورەی تێدایە کە چوار قەرەوێڵەی لێ‌دانراوە ، ژورەکە ئەوەندە تاریکە بەڕۆژیش دەبێ چرای تێدا هەڵگرێ . بێجگە لەدەرگا تەنیا کونێکی بۆدەرەوەی هەیە هەواکێشێکی نیومیتریە کە دەزگایەکی هەواکێشی گەورەی قایم کراوە . کاتێك ئەشکنجە و شێلاقکاری لەوژورەدا دەست پێ‌دەکرێ ، هەواکێشەکە وەکار دەخەن کە دەنگی زۆر گەورە و ناخۆشە . کوڕەکان پێیان وابو هەڵکردنی هەواکێشەکە بۆ ئەوەیە کە دەنگەدەنگی زۆرەکە لەدەرەوە نەبیسترێ ، چونکە ئاوەدانی زۆر لێ‌نیزیکە . لەوێدا زۆرتر بەکۆمەك خەڵکی ئەشکنجە دەکەن و چەندکەسێك لە پەنای یەکتر شێلاقکاری دەکەن بۆ ئەوەی لەسەر مەسەلەیەك اعتراف بکەن .

ڕۆژێکیان لەگەڵ چەند کەسێکی تر لەبەر دەرگای ئەوژورە لەژێر چاکەتدا دانیشتبوین و چاوەڕوان بوین نۆرەمان بگاتێ ، لە کەلێنێکی چاکەتەوە کوڕێکی گەنجم چاوپێکەوت کە لەبەر ئەوەی

بڕوانە ل : ـ٧ـ

بەبۆنەی بیستوحەوتەمین بیرەوەری دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستانەوە :

لاپەڕەیەکی زێڕین لەمێژووی نەتەوەی کورد

ـ٣ـ

نووسینی : عادل

دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری مەهاباد :

ساڵی ١٣٢٢ی هەتاوی(١٩٤٣ی زایینی) قازی محمدی نەمر هاتە ناو ڕیزەکانی کۆمەڵەی (ژ.ك) . بەهاتنی قازی محمد کە گەورەپیاوێکی کۆمەڵایەتی کورد و خاوەنی شەخسیەتێکی بەرچاوی سیاسی بوو ، خەباتی کۆمەڵە زیاتر لەپێشوو ڕێكوپێك بوو وباشتر لەناو کۆمەڵانی هەراوی گەلی کورددا ڕەگ ئاژۆیی کرد .

هەرچەندە کۆمەڵەی (ژ.ك) بەهۆی بەرنامەی نیشتمانی خۆی و بڵاوکردنەوەی هەست و بیروباوەری نەتەوایەتیەوە توانیبوی سەرنجی چین وتوێژ جۆربەجۆرەکانی گەلی کورد بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و بەشی زۆری گەلەکەمان لەکوردستانی ئێران لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە بەڵام هێندێ بەندی بەرنامەی ئەوکۆمەڵە لەگەڵ قۆناخی نوێی خەباتی گەلەکەمان بەتەواوی ڕێك نەدەکەوت وپێویست بوو ڕێکخراوێکی سیاسی ئەوتۆ ڕابەرایەتی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەمان بکا کە خاوەنی پێڕەو و پرۆگرامێکی پێشکەوتوانەتر و ئاسۆی بیرکردنەوەیەکی بەربڵاوتر بێ .

بۆیە لە کونفرانسێکدا کەبەبۆنەی سێهەمین بیرەوەری دامەزرانی کۆمەڵەوە لەرۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاویدا بەسترا ، لەسەر دارو پەردووی کۆمەڵەی (ژ.ك) حیزبی دیموکراتی کوردستان دامەزرا و گەلاڵەی پێڕەو و پرۆگرامی نوێی حیزب دارژاو بۆ پەسەندکردن و بڕیاری یەکجاری ڕاگیرا بۆ کۆنگرەی حیزب .

گرنگترین بەندەکانی بەرنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بریتی‌بوون لە :

ـ خودموختاری «ئوتونۆمی» بۆ گەلی کورد لەچوارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا .

ـ بەکارهێنانی زمانی کوردی وەك زمانێکی ڕەسمی بۆ خوێندن و نووسین و قسەکردن لەئیدارە دەوڵەتیەکاندا

ـ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی بەرزی ئەوەمەڵبەندە .

ـ دامەزراندنی یەکیەتی و پێوەندی برایەتی لەگەڵ گەلی ئازەربایجان لە خەباتی هاوبەشیاندا .

ـ باشترکردنی باری ئابووری بە کەلك وەرگرتن لە سەرچاوە سروشتیەکانی کوردستان .

ـ پەرەپێدانی کشتوکاڵ وبازرگانی ، و گەشەپێدانی فەرهەنگ و لەشساخی .

دوابەدوای کۆنفرانس حیزبی دیموکراتی کوردستان یادداشتێکی دا بەحکومەتی مەرکەزی و داخوازیەکانی گەلی کوردی بەگوێرەی بڕیارەکانی کۆنفرانس لێ داواکرد .

بەڵام کۆنەپەرستی ئێران لەجیاتی سەرنەوی‌کردن بۆ ئەوداخوازانەکە سەرەتاییترین مافی هەرنەتەوەیەك بوون دەستی کرد بەپەلاماری تەبلیغاتی بۆ سەر جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد و هەڵبەستنی بەیت‌وبالۆر و ناوو ناتوری جیاوازیخوازی .

لەرۆژی سێهەمی خەزەڵوەری ١٣٢٤ی هەتاوی (٢٥ی ئوکتوبری ١٩٤٥ی زایینی)داحیزبی دیموکراتی کوردستان یەکەمین کۆنگرەی خۆی بەست‌لەو کۆنگرەیەدا کەزیاتر وەك کونگرەیەکی میللی دەچوو ، بڕیارەکانی کونفرانس و بەرنامەی تازەی حیزب کە گەلاڵەکەی لەلایەن‌کونفراسەوە ئامادە کرابوو پەسەندکرا وقازی محمدی نەمر بەپێشەوای حیزب هەڵبژێردرا .

٢١ی سەرماوەزی ١٣٢٤لەتەورێز پایتەختی ئازەربایجانی ئێران گەلی ئازەربایجان لەژێررابەرایەتی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان‌دا حکوومەتیێکی میللی دامەزراند و دەستی کرد بە ئیسلاحاتێکی کۆمەڵایەتی وسیاسی :

ـ زمانی ئازەربایجانی کردەزمانی ڕەسمی ، کە لەپێشدا بەکارهێنانی قەدەخە بوو .

ـ زەوی دەرەبەگ و خائینەکانی بەسەر جووتیاراندا دابەش کرد و ڕادەی بەڕۆلکانەی زەویە دابەش‌نەکراوەکانیش دانا .

ـ سەعاتی کاری ڕۆژانەی کرێکارانی کردە هەشت‌سەعات و زۆر ئیسلاحاتی ئیداری وسیاسی دیکەی دەست‌پێ‌کرد .

لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤(١٧ی دیسامبری ١٩٤٥) دا پاش ئەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەتەواوی بۆی دەرکەوت کە کۆنەپەرستی ئێران ئامادە نیەگوێ بۆ داخوازە ڕەواکانی گەلی کورد شل بکا ، حکوومەتێکی خودموختاری بەسەرۆکایەتی پێشەوا قازی‌محمد دامەزراند و هەروەها هەیئەتێکی کاتی بەناوی هەیئەتی ڕەئیسەی میلی دامەزراند کە حاجی بابەشێخ سەرۆکایەتی دەکرد . ئەمجار بۆپاراستنی دەستکەوتەکانی گەل و پاراستنی ئەمن و ئاسایش لەوڵاتدا هێزی میلی پێك‌هات و پێشەوا قازی محمد بۆخۆی سەرۆکایەتی ئەوهێزەی وەئەستۆ گرت . لەوڕۆژەدا ئاڵای کوردستان هەڵکراو بەم جۆرە بەشێك لەبڕیارەکانی کونفرانس و هێندێك لەئامانجەکانی گەلی کورد هاتنە دی و گەلی کورد لە بەشی شیمالی کوردستانی ئێراندا بەکردەوە کاروباری خۆی گرتەدەست .

ڕۆژی دووی ڕێبەندانی ١٣٢٤ ـ٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦ـ لەمێژووی نەتەوەکەماندا ڕۆژێکی پیرۆزەو بۆهەتاهەتایە لەسەر لاپەرەکانی تاریخ بەخەتی گەورە نووسراوە . لەو ڕۆژەدا بوو کە نەتەوەی کوردلەسووچێکی نیشتمانەکەیدا ئاواتی لەمێژینەی خۆی وەدی

بڕوانە ل : ـ٧ـ

قۆناغی گواستنەوە لە ئەدەبی سۆڤیەتدا

وەرگێڕانی : ئەرسەلان بایز

لەپاش جەنگی جیهانی دووەمەوە نووسینی پەخشان لە سەر بنجی نەرێتی ڕێبازی گۆرکی بەردەوام بوو ، کە ئەوە بووە هۆی داهێنانێکی زۆر گرنگ لە ئەدەبی سۆڤیەتدا ، پاڵەوانێتی میللەتی سۆڤیەت لەجەنگدا زۆر بە ئاشکرایی لەلایەن هەندێ نووسەری پێشکەوتوی وەك : الکسندر فادییفو فکتور نکراسۆفو .. هتد ، دیار دەکەوێت ، ئەوانیش بە نوێنەری ڕاستەقینەی واقعی سۆشیالیست دەژمێردرێن .. تەنیا باس لە قوربانیو سەرکەوتنی سەربازەکانی سۆڤیەت ناکەن ، بەڵکو .. ڕاستی ناخۆشیەکانی جەنگ وەکو ماندووبوونو برسیەتیوساردی .. دەخەنە بەرچاوی خوێندەواران .. بۆیە پەخشانی ئەو کاتە زیاتر لە هەموو قۆناغەکانی تر سودی بەمیللەتی سۆڤیەت گەیاند بۆ بناغەدانانی سۆشیالیستی .

پاش کۆتایی جەنگ چەند کتێبێکی بەنرخ لەسەر ژیانو کاری میللی دەرچون وەك : کتێبی (بەختیاری) لبیوتر بافلنکو لەسالی ١٩٤٧دا و کتێبی (دوری مۆسکۆ) فاسیلی احاییف لە سالی ١٩٤٨دا هەروەها کتێبی (خێزانی جوربین) لە نووسینی فزیفولود کوشیتوف لە سالی ١٩٥٢دا پەخشانی سۆڤیەت لەچەندسالێکی کەمدا ڕێگایەکی دوری بڕی کە چەند جار تووشی سەرکەوتنو ژێرکەوتن بوو.. واتە وەك ژیان ڕێگایەکی پڕ لە ناکۆکی بوو ..

ئەدەب نابێ تەنیا نوێخوازی بێ .. بەڵکو ئەبێ نوێ داهێنەر بێ ..

هونەری واقعی سۆشیالستی ڕاست ڕێگای خۆی گرتەبەرو بەسەرچەند ڕێبازگەیەکی هەڵەدا سەرکەوت .. بەتایبەتی هەندێ پەخشان سەرکەوتنێکی هونەری زۆر باشیان وەرگرت .. هەر لەو کاتەشدا چەندنووسینێکی تر بەپێچەوانەی ڕاستییەوە دەنوسرانو دوور بوون لە واقعی ناکۆکیەکانی ناو میللەت.

هەر لەو کاتەشدا چەند ڕووداوێکی نوێو ناکۆکیەك بەدیارکەوت کە لە چەرخەکانی پێشودا رووی نەدا .. بۆ چوونە ناوەوەو تێگەیشتنی پێویستی بە شارەزاییەکی هونەری قوول دەکرد ئەویش لە سالی ١٩٥٣ - ١٩٥٤دا بوو ، کە بە سەرەتای گۆڕان دەژمێردرێت .. لە ژیانی وڵاتو نووسەری سۆڤیەتدا .. واتە سەرەتای ئەدەبێکی نوێ سەری هەڵدا لە هونەری سۆڤیەتدا .

لە پێش کۆتایی سالی ١٩٥٣دا داستانی (دارستانی روسیا)ی لیونید لیونوف بلاوکرایەوە .. (زویا بوکوسلافسکایا)ی ڕەخنەگری تایبەتی بەرهەمەکانی لیونوف دەڵێ : لەو کاتەوە کە چەند کتێبێکی سەرنج ڕاکێشەری دوور لە واقعی ناکۆکی بلاوکرایەوە .. لیونوف .. لەسەر خەباتی مرۆڤایەتی لە پێناوی ژیان دادەنوسی .. خەباتێك کە لەسەر ئایدیۆلۆژیەتو ڕەوشتی کۆمۆنیستانە دەڕۆیشت .. هەڵوێستی نووسەریش بەتەواوی ئاشکرایە .. هەروەکو نیشتمان پەروەرێك یان فەیلەسوفێك یان سیاسیەك .. بەرگری لە تێگەیشتنی تایبەتی خۆی دەکرد بەرامبەر جیهان .

(فیخرۆف)ی پرۆفیسۆر بە ئاشکرا پاڵەوانێتی (کوڕی جوتیار) پێشکەش دەکات .. کە تێکۆشەرێکی گۆش کراوە بەعەقڵێکی دیموکراتی .. هەروەها لەلایەکی ترەوە (کراتسیانسکی) بەنوێنەری شەڕ دەژمێردرێت .. داستانی (دارستانی روسیا) بەباشترین داستانی ئەو کاتە دەژمێردرێت .. کە لە ڕاستیدا پەیوەندییەکی بنەڕەتی دەخاتە نێوانی دوو قۆناغی ئەدەبی وەچەندبەڵگەیەکی هونەری چاونەترس دەخاتە روو.. سەرنجێکی وردەداتە ژیانی ڕابوردوو ژیانی ئێستای رۆژانە ..

لەسالی ١٩٥٤دا چاپەمەنی کۆنترین نوسەری وەکو :: کتێبی (سالانی رەش)ی فیدر کلاڕۆفو کتێبی (داری کەشتی) میخائیل بریشفین بلاوکرایەوە لەو کاتەی کە کۆنگرەی دووەمی نووسەرانی سۆڤیەت بەستراو چەند ڕەخنەگرێك بەدیارکەوتن ..

بەڵام ئەوەی کە جێی ڕەزامەندی بێت نەوەیەکی نوێ لە پەخشان نوس بەدیارکەوتن وەك : دانیال کرانینو سیرجی زالجین .. هتد .. ناوەڕۆکی نووسینەکانیان بەڵگەی ئەوەن کە ئەدەب بۆ ژیانەوە پاڵپشتی سەرکەوتنی ژیانە.. بەئاشکرا دەست نیشانی ناکۆکیەکانی ژیانیان دەکردو بەرەو شتێکی کۆمۆنیستانە چارەسەرەکەیان دەدۆزیەوە وەهێرشێکی توندیان دەبردە سەر کۆنەپەرستو دوو دڵیو ڕازانەوەی بریقەداری ناوەڕۆك پوچەڵ .

ئەم سەرەتا ئەدەبیە نوێیەش لە (بلینسکی)یەوە دەست پێ دەکات کە لە سالانی پەنجادا سەری هەڵدا .. ئەم ڕێبازگە نوێیە بەربەرەکانیەکی تیژی ڕێبازگەی ڕۆمانتیکی ڕازانەوەی دەستکردی دەکرد .. بایەخی سەرەکی ئەم ڕێبازگە نوێیە پاڵپشتی ژیانی کامەرانی کۆمۆنیست بوو.. نەخشەیەکی روونی چۆنیەتی هەڵسەنگاندنو سەرکەوتن بەسەر ناکۆکیدا دەکێشا .. وەنەبێ ئەم نوێخوازیە دژی ئەدەبی سۆڤیەت بێ بەڵکو نمونەی پێشکەوتنو ڕەوشتی باشی واقعی سۆشیالستی بوو .. نیشانەی ئەم نوێخوازیەش لە ژیاندا بەتەواوی لە وتارە چیرۆکیەکاندا بەدیار دەکەوێت .. کە ناوەڕۆکەکەیان لە واقعەوە هەڵدەقوڵاو هەوڵیان دەدا بەهۆی ئەدەبەوە بگەنە ڕاستیو چۆنیەتی سەرکەوتنی کۆمۆنیستی لەژیاندا .. گەورەترین نووسەری ئەو کاتە (فالنتین اوفشکین)ە کە لە سالی ١٩٥٢دا زنجیرەی یەکەمی لە کتێبی (گەڕانی ڕۆژانە لە ناوچەیەکی کشتوکالیدا) بلاوکردەوە .. کە باس لە پێشکەوتنو گۆڕانی قۆناغی کۆنی بۆ گەڕەن بەقۆناغێکی خۆشتر دەکاتو دەڵێ : باری ئێستای ژیان پێویستی بەجۆرە بیرکردنەوەو عەقڵێکی جیاواز هەیە لەگەڵ کۆندا بۆئەوەی لەگەڵ خەباتی جەنگاوەرانو پێشکەوتن بگونجێ .. بۆیە ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی لەسەر مەسەلەی سیاسیو ئابوریو ناکۆکیەکانی ناو کۆمەڵ بوو لە پێناوی پێشکەوتندا .. دوو جۆرە موچەخۆری پارتیمان بۆ هەڵدەسەنگێنێ .. (بورزوف)ی بەجێهێنەری ئاڵیو بیروکراتیو (مارتینوف)ی داهێنەرو پێشکەوتوو نوێخواز کە پشت بەجەماوەر دەبەستێو بەشێوەیەکی ڕۆشنبیرانە لە ژیان دەکۆڵێتەوە ..

بەڵام ئەوەی کە سەرنج ڕادەکێشێ وتاری (بەهاری ئەم سال)ی زالجینە کە لە سالی ١٩٥٤دا بلاوکرایەوەو دەربارەی ئەدەب دەڵێ : ئەدەب بایەخێکی گرنگ بەژیانی لادێی هاوچەرخو کارە وردەکانی سەرسوڕهێنەری زانستی نوێ .. دەدا .

بۆیە لەو کاتەدا داستانی (ئەوانەی لێدەکۆڵنەوە)ی زانای لاوی ئەندازیار (دانیال کراینن) بلاوکرایەوە کە بریتی بوو لە گیانێکی شۆڕشگێڕانەی بەسۆز .

تیژرەویو چاونەترسی زانستو دۆزینەوەی ڕۆژانەی نهێنیەکانی سروشت .. پف لەبالۆنی پێشکەوتنی ژیان دەکاتو هەوڵی دامالینی کۆسپی ڕێگای پێشکەوتن دەداتو دژی زانا بیرتەسکەکانی وەك پرۆفیسۆر (تونکوف) دەجەنگا .

بەشێوەیەکی گشتی ناوەڕۆکی بەرهەمی ئەو قۆناغە پاڵەوانێتیو چاونەترسی مرۆڤی ئەو کاتەی سۆڤیەت پیشان دەدا لە جەنگی جیهانی دووەمدا .. ئەو مرۆڤەی کە لەو کاتەدا بەنوێنەری ڕاستەقینەی جەماوەری ڕەشو ڕوتی سۆڤیەتو بگرە جیهان لە سەردەمی سۆشیالستیدا لە گۆشەی ئەدەبەوە بخەنە بەرچاوی خوێنەوارانو کۆمەڵ .

ورێنەی دەمتای عاشقێك

سەعدوڵلا پەرۆش

-١-

زستانێکی سارد و سڕە .. ،
ئاگردانی حوجرەی دەروون ..
لە قوڵایی نیوەشەوی (بەفرانبار)ی ئەمساڵدا ..
پشکۆکانی لەژێر لیفەی ژیلەمۆدا
بۆ خەوێکی کپتر لە مەرگی کاکەمەم ..
وەنەوز ئەدەن !

-٢-

وەرن .. فریام کەون .. وەرن !
فریشتەکانی یادگاری بیرەوەری هەڵاوگرتوم !
خێرابگەن بە بارەگای دوورەشاری فەرامۆشیم ،
وەرن .. ئەمشەو ..
خێڵەساتی کۆچەری دڵەی غەریبم
کۆچو کۆچباری بێکەسیوغەریبی
لێك ئەنێو ئەڕوا ..
بەرەو هەوازرو کوێستانی ..
ساڵێکی تری ڕێی بڕد !

-٣-

بەربەیانێکە .. گزنگی زەردی سەردەم ئاسۆ ..
تاریكو روون ..
بەدرێی کاروانی کۆچباری ماڵئاوایی ئەدۆزێتەوە ..
دڵی بووکی سەرەك خێڵی خێرنەدیوم ..
لەناو کەژاوەی بووکێنی (خاتوزین)ی خامۆشی یا
بەرەو (جەزیری بۆتانی) ئاوزەنگ دانا
ملی ڕێگای گرتۆتەبەر !

-٤-

دەخێرا .. دەی ..
دەروێشەکانی دەفژەنی
بیرەوەریی هەڵاوگرتوم ،
دەفژانی موچڕکاوی ..
لە تەکیەی گیانی ویرانی ..
نامرادیما لێبدەن ..
ئەوا شێخی دڵی سەرخۆشی عەشقیشم
لەگەڵتانا ..
لە حەلقەی زکرو حاڵدایە !

هەستی پێشمەرگەیەك

شاعیری مۆزەمبیق :
جۆرجی ریبیلۆ
گۆڕینی : طارق جمباز

هۆ دایە گیان..
تفەنگم وا لەدەستایە ،
کاتێ بینیت ..
کوڕەکەی تۆ..
لە پێوەندو زنجیرایە ..
گریایت .. گریایت !

× ×

هۆ دایە گیان..
ئەمڕۆ .. ڕۆڵەکەت سەربەستە
تفەنگم وا لەناودەستە
تفەنگەکەم :
گشت پێوەندو زنجیرەکان
تێك ئەشکێنێ ..
ڕەگ وریشەی خوێنمژەکان
لەبن دێنێ .. ،
دەرگای هەموو زیندانەکان
ئەکاتەوە ،
نیشتمانی داگیرکراومان
ئەداتەوە !

× ×

هۆ دایە گیان..
شەڕ .. چەند خۆشە ..
لەپێناوی ئازادیدا .. ،
هەر گوللەیەك ئەیتەقێنم ..
دەنگی ڕژێمی دادوەریو
خەونە کۆنەکانی تیایە ،
گوللەکانی تفەنگەکەم ..
لەناو جەرگەی گرمەی شەڕا
بلاوئەبن ..
وەك باڵندە ..
یەك یەك ئەفڕن !

× ×

هۆ دایەگیان
هەموو .. ساتێ ..
وێنەکەتم لەناودەرونو دڵ دایە ،
تاکو چاوەجوانەکانت ..
چیتر فرمێسك هەڵنەڕێژن ..
لەپێناوتا ڕۆڵەکەت هەر لە جەنگایە

چەند بیروڕایەك دەربارەی تازەکردنەوە

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە
فوئاد مەجید میسری

-٢-

تازەکردنەوە لە ڕۆژئاوادا هونەرە تەشکیلیەکانیشی گرتەوە ، بەڵام لە سنووری شێوە نەچووە دەرەوە . هونەری وێنەکێشان لەوەی کە تەعبیر لە ژیانی مرۆڤو باری ژیانی کۆمەڵ ئەکات ، بووە ئوسلوبێکی زەخرەفیو چەند شێوەیەکی هەندەسی بێ گیان . ڕاستە کە هەندێك لەم قوتابخانانەی ئەم سەردەمە چەند بەرهەمێکی جوانی هێناوەتەدی بەڵام بەتەنها توانیویەتی دەرگاو پەنجەرەو هەندێك کەلوپەلی ناوماڵو جلوبەرگی ئافرەتان بڕازێنێتەوە !!

لێرەدا ، پرسیارێك خۆی ڕاست ئەکاتەوە ... ئایا ئەمە دەوری ئەو هونەرەیە ؟ بەبڕوای من ، ئەم ڕێبازانە شێواندنو کەمکردنەوەیە لە نرخی ئەو هونەرە مەزنەی کە تەعبیر لە هەستی مرۆڤ ئەکات بەجوانترینو ناسکترین شێوە .

بەم جۆرە شەپۆلی « بەناو تازەکردنەوە » لە ڕۆژئاوا ، چ فەلسەفەو چ ئەدەبو هونەر ، بەرەو دوورخستنەوە چوو لە جەماهیر .. ئەگەر جاروبارێش توخنی هەندێ مەسەلەی کۆمەڵایەتی بکەون ، ئەوە بەشێوەیەك ، تەنها لایەنە سلبیەکانی ناو کۆمەڵ ئەخەنە پێش چاو ، بۆ نانەوەی ئاژاوەیەکی ئەوتۆ تەنانەت هەموو کۆمەڵی تیا تاوانبار ئەکرێتو نایانەوی دەست بخەنە سەر ئەو ناتەواوییانە ، هۆیەکانی ، ئەبنە هۆی وونکردنی ڕاستە ڕێگا کە لە کۆمەڵانی خەڵکی . بۆیە چینی بورژواو نووسەرو ڕەخنەگرەکان یان هەمیشە پاڵپشت بوون بۆ ئەم قوتابخانەو چینی بورژواو ، بەتایبەتی چونکە ئەم ڕێبازانە دژ بە مەسەلەی ئیلتزامن لە ئەدەبو هونەرداو ئیفلیجیان ئەکات لەوەی دەوری کۆمەڵایەتیو شۆڕشگێری خۆیان ببینن و بۆ مانەوەو درێژەپێدانی کۆمەڵی کۆن ، کۆمەڵی بورژوا . ئا بەو جۆرە بەناوی تازەکردنەوەو نوێخوازیەوە هەوڵو تەقەلا ئەدرێت بۆ هێشتنەوەی کۆنو پاریزگاری کردنی .

دووەم زۆربوونی ئەم قوتابخانە ئەدەبیو هونەریانە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەموو شتێك لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا ملکەچی سەوداو سەواکاریو پاڵەپەستۆیە لە بازاردا . ئەدەبو هونەر وەك هەرکەلو پەلێکی تر مامەڵەی پێ ئەکرێت ، چونکە دەزگا چاپەمەنییەکانیان نەك هەر توانای کڕینو خولقاندنی نووسەرو هونەرمەندیان هەیە ، بەڵکو جاروبارێش دەست بەرداریان ئەبن ! لەهەمان کاتدا هەندێك لەو دەزگایانە پارەو پولێکی زۆر تەرخان ئەکەن بۆ پێك هێنانی ڕێبازو قوتابخانەی ئەدەبیو هونەری .

هەندێ لەو بازرگانانەیشیان تابلۆکرینە دەسەڵاتیان لە ڕادەیەکدایە ، هونەرمەندێك یان نووسەرێ ئەگەیەننە پلەیەکی باڵا ، بەشێوەیەك نرخی تابلۆیەکی ئەچێتە پارەیەکی خەیاڵی ، ئەمە لە کاتێکا لەوانەیە ئەو هونەرمەندە هیچ شایانی ئەو پایەیە نەبێت بەڵکو مەسەلەکە بەستراوە بە سوودو قازانجی بازرگانەکەوەو بەس

ئەوەی بەبیرما بێت لەم ڕووەوە ، پاش ئەوەی کە « فرنسواز ساگان » ناوبانگێکی چاکی پەیداکرد بە کتێبەکەی « مرحبا ایها الحزن » لەسالی ١٩٤٥دا ، کە ئەوەش نەك لەبەر نرخی ئەدەبیی کتێبەکە بەڵکو بەهۆی هیمەتی بلاوکەرەوەکەی « جولیاو »و تەمەنی نووسەرەکەوە کە کچێکی منالی نۆزدە ساڵان بوو . دەزگایەکی گەورەی چاپەمەنی ئەمەی بەهەلزانیو بۆ بەربەرەکانی کردنی « ساگان » دیوانێکی شیعری کچێکی منالی دەساڵانەی بلاوکردەوە کەناوی « مینو درویە » بوو .

ئەگەرچی هەندێك لە ڕەخنەگرەکان وایان لە قەڵەمدا کە سەرەتای بلیمەتی بەهرەوەری لەو منالەدا بەدی ئەکرێت ، کەچی لەدوای دەساڵ هەمان منال جارێکی تر هاتەوە ناو بازاری چاپەمەنییەوە بەڵام نەك بە شێوەی یەکەم جار ، بەڵکو بەچەشنێکی ئەوتۆ زۆر لە نووسەران کەوتنە گومانەوە لە دیوانەکەی یەکەمی .

هەرلەم بارەیەوە زۆر شتی وا ڕوویداوەو ڕوو ئەدا لە دنیای ئەدەبو هونەردا بۆ نموونە .. ئەو لیژنەیەی کە بڕیار لەسەر پێشکەشکردنی خەڵاتی « گونکورد » ئەدات ، کە گرنگترین خەڵاتی ئەدەبییە لە فەرەنسەدا . زوربەی ئەندامانی ئەو لیژنەیە خۆیان کشانەوە لەو لیژنەیە وازیان هێنا لە ئەنجامی ئەو زۆرلێ کردن و کارە ناڕەوایانەی دەزگا چاپەمەنییەکان کردیان بەسەریان .

ئەدەبی پێشکەوتووخواز لە ڕۆژئاوادا :

لە وولاتانی ئەوروپای سەرمایەداریدا ، وەنەبێ هەر ئەدەبی بورژوایانەی نامۆنتەزم هەبێت ، بەڵکو ئەدەبی پێشکەوتوخوازانەش هەیە ، لەمانە ، نووسەرو شاعیرو ڕەخنەگرو ، نووسەری شانۆگەری ، کە لە دنیای داهێناندا بەرهەمی جوانو پێشکەوتوو پێشکەش خەڵکی ئەکەنو هەڵگری پەیامێکی کۆمەڵایەتی پیرۆزن و هەمیشە دژی ڕیالیزمی تەقلیدینو دەستێکی باڵایان هەیە لە تازەکردنەوەشداو هەمیشە کۆشش ئەکەن لە پێناوی گەشەکردنو قوولکردنەوەی ئەو پەیامە کۆمەڵایەتیو مرۆڤایەتییەی کە هەڵگرین ، ئەمە جگە لەوەی شێوەیەك ئەبەخشن بە بەرهەمەکانیان کە دەقاودەق گونجاو بێت لەگەڵ ناوەڕۆکە پێشکەوتووەکەیدا ، بۆیە ئەم نووسەرو هونەرمەندانە بوونەتە خاوەنی جەماوەرێکی زۆر لە خوێنەران ، هەرچەند دامەزراوە ڕەسمییەکانو بڕێك لە ڕۆژنامەکان گەرەکیانە بگرە هەوڵی بێ وچانیش ئەدەن تا لە خەڵکییان بشارنەوەو دابڕیان بکەن . جێی داخە تائێستا شتێکی ئەوتۆمان دەست نەکەوتووە لەو بەرهەمانە چونکە زوربەی چاپخانەو دەزگا چاپەمەنییەکان لە وولاتە عەرەبییەکاندا ، یان بڕوایان بە ئەدەبی بورژوایانە هەیەو لە بەرژەوەندییانە ، یاخود لەژێر سایەی ڕژێمی کۆنەپەرستدا توانای بلاوکردنەوەو وەرگێڕانیان نییە . بۆیە ئەڵێین خۆزگە لە وولاتی خۆماندا ، دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکان هەوڵی ئەوەیان ئەدا لەو مەیدانەدا ، تاوەکو خوێنەری وولاتی خۆمان ئاگادار ئەو جۆرە بەرهەمانە ببێت و شارەزایی پەیدابکات لە بریتی ئەوەی ببێتە نێچیری ئەدەبی بەرەڵلا ، کە هەمیشە دژی ئەدەبی پێشکەوتووخوازو شۆڕشگێڕانەیە ، لەکاتێکا میللەتەکەمان تینوی ئەو جۆرە بیروڕایانەیە بۆ بنیاتنانی عێراقێکی پێشکەوتوی دیموکراسی .

ڕیالیزمی سۆشیالیستیو تازەکردنەوە :

هەندێك لە نووسەرەکانی ڕۆژئاواو وولاتی خۆمان ، بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان ، یان لە ڕووی تێنەگەیشتنەوە یاخود بۆ بەگژاچوونی بیری پێشکەوتوو ئەڵێن : ئەدەبی ڕیالیزمی سۆشیالیستی دووچاری تێکشکان بووەو نەیتوانیوە لەگەڵ گیانی سەردەمدا خۆی بگونجێنێ بەتایبەتی لەپاش ئەو گۆڕانەی بەسەر ئەدەبدا هاتووەو ئەیەوێت ئەدەبو هونەر لە چوارچێوەو قاڵبی چەند مەفهومێکی چەسپاوی بێ گیاندا بهێڵێتەوە ، کە مایەی بەستنەوەو بەندکردنی نووسەرو هونەرمەندە لە داهێناندا ناتوانن بەرهەمێکی زیندووی جوان پێشکەش بکەن !!

ئەگەرچی ئەم جۆرە لێکدانەوەیە ، دەلالەت لە دواکەوتوویی و ڕوانینی ساکارانەو تێنەگەیشتن ئەکاتو دەست خستنە ناو ئەدەبو هونەرە بەشێوەیەکی بیروکراتییانە، ئەڵێین ئەگەرچی ئەم چەشنە بیرکردنەوەیە کەوتۆتە حاڵی سەرەمەرگەوە ، بەڵام ڕیالیزمی سۆشیالیستی هەر لەگەشەکردنو پێشکەوتن و بەرەودایە .

کەوابوو ڕیالیزمی سۆشیالیستی چییە ؟؟.

بەبڕوای منو بەکورتی بریتییە لە ڕوانینی سۆشیالیستانە بەرامبەر بە جیهان و ڕەسم کردنی واقیعێك لە ڕێگەی گەشەکردنو گۆڕێنێکی شۆڕشگێڕانەوەو لەبەر ئەوەی پەنا ئەباتە بەر زانستێك کە تیورەکانی هەردەم لە گەشەکردن دایە ، ملکەچی چەند قاڵبێكو قەوارەیەکی ڕاوەستاوی بێ گیان نییە .

ڕیالیزمی سۆشیالیستی ، هەمیشە لەگەڵ تازەکردنەوەدایەو لە کردەوەشدا خۆی سەلماندووە ، جگە لەوەی ئەدەبێکە تایبەتی نییە بە وولاتێك یان چەند وولاتێکی سۆشیالیستی تەنانەت لە ڕۆژئاوای سەرمایەداریدا خۆی نواندووە خۆی ئەنوێنێ لە ئەنجامی ئەو

بڕوانە ل ٧

کرێکاران لەئەنجومەنی بەڕێوەبردنی کارگەکانا بەشدارئەبن

وەزارەتی ئیش‌و کاروباری کۆمەلایەتی لەو نوسراوەدا کە بۆ لایەنە خاوەن پەیوەندییەکانی ناردووە دەربارەی چونیەتی بەشدار بونی کریکاران لە بەڕێوەبردنی کارگەکانا .

وەزارەتی ناوبراو لەونوسراوەدا رونی کردونەوە کە ئەبی بەپێیٔ یاسا دوو ئەندامی هەمیشەیی‌و دووانی (ئیحتیات) لە ئەنجومەنەکەدا بەشداربن وە ئەم کریکارانەشی ئەبی راستەوخۆ نوینەری کریکارانی کارگەو پروژەکانی بن وە ئەبیت نەقابەی کریکاران یا یەکیتی کریکاران ئەوکەسانە دیاری بکەن‌و لە هەمان کاتا ئەبێ ئیشکەری کارگەو پروژەکانیش بن .

کاربەدەستانی دەوڵەت و رێکخراوە میللی یەکان پیرۆزبایی لەسەرکۆمار ئەکەن

بەڕێز سەرکۆمارو فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان مهیب احمد حسن البکر :

بەبۆنەی یادی دەهەمی شۆڕشی ١٤ی رەمەزانی‌وە شۆڕشی سوپاو گەل کە وڵاتی عیراقی خستەوە سەر رێگای تێکۆشان پێخوشحاڵم بەناوی خۆم‌و لەجیاتی ئەندامانی هێزی چەکدار دڵسۆزترین پیرۆزبایی لە بەڕێزتان‌و ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئەکەم لە خوای‌مەزن داواکارم کە بەرقەرارتان بکاو هەمیشە لە هەنگاوناندا بن بۆ خێرو خۆشی‌و خزمەت‌کردنی نەتەوەی عەرەب‌و بۆ وەری‌هێنانی ئامانجەکانیا .

فەریقی یەکەم
حماد شهاب
وەزیری بەرگری

●

بەڕێز سەر کۆمار احمد حسن البکری تێکۆشەر :

بەبۆنەی یادی دەهەمی شۆڕشی ٨ی شوباتی نەمرەوە بەناوی‌خۆم‌و لەجیاتی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی یەکیتی گشتی نیقابەکانی کرێکارانەوە پیرۆزبایتان لێ ئەکەم .

شۆڕشەکەی ٨ی شوبات نموونەی سووربونی گەلەکەمان بو بە سەرکردایەتی پێشڕەوە شۆڕشگیرەکانی بۆ رامالینی دیکتاتۆریەت‌و تاك رەوی ..

چینی کریکارانی تێکۆشەرمان بەڵێن تازە ئەکاتەوە بۆ رۆیشتن بەڕێگای شۆڕشداو بۆ پاراستنی دەسکەوتە مەزنەکانی جەماوەرمان کە لەدوای ١٧ی تەموزەوە بەدەست هێنرا .

محمد عایش
سەرۆکی مەکتەبی تەنفیزی
یەکێتی گشتی نیقابەکانی
کریکارانی عیراق

●

بەڕیز سەرەك احمد حسن البکری تێکۆشەر :

بەبۆنەی یادی شۆڕشی ٨ی شوباتەوە بەناوی لاوە تێکۆشەرەکانی وڵاتەوەجوانترین پیرۆز باییتان لێ ئەکەم‌و بەڵێنی ئەوەش ئەدەین کە ئێمەی لاوان تەواوی توانای خۆمان تەرخان ئەکەین بۆ پاراستنی دەسکەوتە شۆڕشگیریە پێشکەوتوەکانی شۆڕشی ١٧ی تەموز .

دکتور اموری اسماعیل
سەرۆکی یەکێتی‌ی گشتی
لاوانی عیراق

●

سەر کۆمار مهیب احمد حسن البکری بەڕێز :

بەبۆنەی یادی دەهەمی شۆڕشی ١٤ی رەمەزانی‌نەمرەوە بەناوی خۆم‌و کاربەدەستان‌و خەڵکی سلێمانی‌یەوە گەرمترین پیرۆزباییتان لێ ئەکەم‌و ئومێدەدارم هەمو ساڵێك بەخۆشی یادی بکەینەوە .

علی عبدالله
پارێزگاری سلێمانی

●

سەرکۆمار احمد حسن البکری تێکوشەر :

پێخوشحاڵم بەبۆنەی یادی دەهەمی شۆڕشی ١٤ رەمەزانی پیرۆزەوە بەناوی خۆم‌و لەجیاتی کاربەدەستان‌و خەڵکی هەولێر جوانترین پیرۆزباییتان لێ بکەم‌و ئومیدەوارم هەمو ساڵێك ئەم یادە بەخۆشی بکرێتەوە

پارێزگاری هەولێر

٢١٥ جوتیاری‌تر لە دیالە زەوی وەرئەگرن

لە مانگی رابوردوا بەرێو‌ەبەرایەتی چاکردنی کشتوکاڵ لە پارێزگای دیالە ٦ هەزارو٦٠٦ دونم زەوی‌وزاری بەسەر ٢١٥ جوتیارا دابەش‌کردوە ، بەمەوە ئەو جوتیارانەی لە پارێزگای ناوبراوا کە لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی چاکردنی کشتوکاڵ رێککەوتون‌و زەویان وەرگرتوە ژمارەیان گەیشتوتە ٢٣ هەزارو٢٤٩ جوتیار کە نزیکەی ٩٥٦ هەزارو ٨١٣ دۆنم زەوی‌وزاریان وەرگرتوە .

کوردستان

زوربەی ژمارەکانی رۆژنامەی – کوردستان – ە کە لە ساڵی ١٨٩٨دا بۆ یەکەم جار لە قاهیرە دەرچوو وە لەم دواییەدا دکتۆر کەمال فوئاد لە بەرگێکی قەشەنگ‌و رێك‌و پێکدا هەر بە قەبارەی خۆی کۆی کردۆتەوە سەرلەنوێ لەچاپی داوەتەوەو لەم رۆژانەشدا کەوتە بازاڕەوە کە ئەمەش کەلێنێکی گەورە لە کتێبخانەی کوردیدا پڕ ئەکاتەوەو کارێکی بە کەڵکە لە پاراستنی مێژووی رۆژنامەگەری‌و بزوتنەوەی رۆشنبیری‌و ئەدەبی کوردیدا .

گۆران محمد رشید فتاح

رۆژی ٣١–١٢–١٩٧٢ خوا کوڕێکی بەخشی بە کاك محمد رشید فتاح‌و خێزانەکەی . ناویان نا (گۆران) هیوادارین تەمەن درێژو رۆڵەیەکی نیشتمان‌پەروەر بێ .

چین ٧٥ هەزار تەن خورما لە عراق ئەکریت

چەند رۆژی لەمەوبەر لە بەندەری بصرەوە پاپۆری (سانیو) کە ٨ هەزارو ٦٠٠ تەن خورمای عیراقی بارکردوە بەرەو چینی میللی کەوتوەرێ، بەمەوە تائیستا ٦٤ هەزارو ٨٢٨ تەن خورما رەوانەکراوە لەو ٧٥ هەزار تەنەی کە بڕیارە بۆ چین بنێردرێت .

◆

١٩ کریکاری‌تر موچەی تەقاویتیان بۆ براوەتەوە

هەفتەی رابوردوو وەزیری ئیش‌و کاروباری کۆمەلایەتی ئەو برریارەی مۆرکردووە ، کە بەپێیٔ یاسای تەقاویتی‌و (ضمان)ی کۆمەلایەتی کریکاران ، موچەی تەقاویتی بۆ ١٩ کریکاری تر ببرێتەوە .

گۆشەی تەندروستی

● هەوکردنی بۆ شاییەکانی لووت ●

– دکتۆر نەوزاد –

● لەناو ئێسقانەکانی لووتی ئادەمیزدا هەندێك بۆشایی هەیە کە بەبۆشایی‌لووتەوە بەستراون‌و ناوەوەیان بەپەردەیەکی تەنك داپۆشراوە‌پێیان ئەوترێ (الجیوب الانفیە) . هەوکردنی ئەم‌بۆشاییانە بەهۆی هەندێ میکرۆباتەوە پەیدا ئەبێ‌و بۆشاییەکانی لووت هەوئەکات‌و گەلێك جاریش ئالو وەبۆریەکانی هەناسەو گوێچکە هەو ئەکەن .

● نیشانەکانی ئەم‌نەخۆشی‌یە لە هەمو شتێك زیاتر ژانە سەرە بەتایبەتی‌بەشی پێشەوەی سەرو هەردوو لای لووت‌و نەخۆش‌لووتی ئەگیرێت‌و بەڵغێك قوزگی ئەگرێت‌کە لە لوونیەوە ئەچێتە خوارەوەو ئەگەر هەوکردنەکە درێژەی کێشا بۆگوێچکەو ئالو . نیشانەکانی هەوکردنی گوێچکەو ئالوش‌لەنەخۆشدا دەرئەکەوێ . بۆ دڵنیابوون ئەشیعەی دەم‌و چاو وەرئەگیری کە هەوکردنی بۆشاییەکانی لووتی بەئاشکراتێدا ئەبینرێ .

● چارەکردنی ئەم‌نەخۆشی‌یە لەپێشەوە بەئەنتی بایونیك‌و اسپرین‌و حەوانەوەی‌نەخۆش ئەبێ بۆ ماوەیەك‌و ئەگەر چاك‌نەبوو ئەوا لەناولووتەوە بۆشاییەکان ئەشۆرێن‌و پاك‌ئەکرێنەوەو بۆ چەند جارێك ئەنتی بایونیکی لەگەڵدا ئەدرێتێ .. ئەگەر بەمەش چاك نەبوو ئەوسا پێویستی بە عەمەلیاتێکی تایبەتی ناو بۆشاییەکان ئەکرێتەوەو پاك ئەبێتەوە .

نامەیەك بۆلاوانی هەولێر

(بازو)

چەند رۆژێك لەمەوبەر رێم‌کەوتە شارە دێرینە خۆشەویستەکەم .. بە نیازی دیدەنی برادەرانم . هەر لە یەکەم کۆڕی دانیشتمان داگوێم بە باسی شانۆو شانۆگەری کوردی‌دازرینگایەوە .. زۆر وریایانە شانۆگەری (خاڵۆی رێبوار)یان هەڵدەسەنگاندو لایەنی باش‌و خراپیان دەخستە روو .. بۆیە پیرۆزباییم لە شارەکەم کرد کەوا لاوە خوێن گەرمەکان دەیانەوێ لەو قەپێلکە بورژوازیە تاڵەدا بچنەدەرەوەو لە کاروانی خەباتی میللەت‌و گەلان دوانەکەون .. چونکە تا ئێستا لە سنوری شارەکەمان‌دا ئەم جموجۆڵە نەبووە کەچی وا قۆڵ‌و بازوی خەبات‌و رۆشنبیریان لێ‌هەڵماڵیوە .. (کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی)ش یەکێکە لەو کۆمەڵە لاوانەی کەوا دەیانەوێ خزمەتی میللەتەکەیان بکەن .. دەبێ دانیش بەوەدا بنێین کە چەند شتێکی سود بەخشمان پێشکەش کردووە ..

بەڵام ئەوەی کە سەرنجمان رادەکێشێت ئەو هەڵە زلەیە کە تا ئێستا لاوەکانی هەولێر هەستی پێ‌ناکەن‌و ئەگەر هەستیشی پێ‌بکەن ئەوا خۆیان لێ بێدەنگ دەکەن .. ئەو هەڵەیەش دانانی دیوارێکی پان‌و بەرینە لە نێوانی ژن‌و پیاودا ..

نازانم ئەم دیوارە تاکەی‌لە ناو ئێمەدا نارۆخێت .. چونکە ژن بە تایبەتی لەم‌زروفەدا دەورێکی باڵای خۆی دەنوێنێ و شان بە شانی‌پیاو لە کۆڕی خەبات دایە .. ها ئەوەتە جین فۆنداو .. ئەنجیلا دیفزو .. جوان .. خۆ لە مێژووی میللەتەکەی‌خۆشماندا حەپسەخان‌و کچە نەغەدەیی قەدەمخێر جوانترین بەڵگەی ئەم قسانەمانن .. بەڵام داخەکەم‌لە پێشکەش کردنی شانۆگەری خاڵۆی رێبوار دا .. ئەم‌دیوارەیان بە ئاشکرا دانا بوو .. ئەویش دوو رۆژ بۆ پیاوان‌رۆژێك بۆ ژنان .. ! هەر بۆ یەش لەبەر دەرگای هۆڵی‌گەل چەقیان پێ‌گرتین‌و وتیان:

– ئەمرۆ بۆ ژنانە .. !

چاوی سەرسامیمان بە یەکتردا گێڕا .. کەوا ئەم لاوانە بەم جۆرە بیردەکەنەوە .. بەڵام گەنجێکی لەوان قۆزتر هات‌و وتی : (ژنەکان‌وتویانە ئەگەر پیاو بێن ئێمە هەڵدەسین ..!) بەر لەهەموو شتێك دەمەوێ لەو برادەرە بپرسم :

ئایا رای هەموو ژنەکان وابوو ..!؟

بێ‌گومان نەء .. وە ئەگەرژنێکیش وتبێتی ئەوە رای هەموو ژنەکانی تر نییە ..چونکە هەر لە رۆژی پێشتردا ژن‌و پیاو بە تێکەڵاوی‌دانیشتبوون .. بەڵام هەر چۆنێ بێ ئێمە هەر وەك دەڵێین :

(لەسەر میلاکی ژنان‌دانیشتین ..!) .

بە رای من ئەو گەنجە نەدەبوایە بە زۆر ئەو دیوارە دروست بکات .. بەڵکو بە پێچەوانەوە هەوڵی رووخانی بدات‌و خەڵکی شارەکەش هان‌بدات بۆ رووخانی ..

ئیتر بە ئاواتم گەنجە پێشکەوتووەکانی هەولێر جارێکی‌تر رێگای ئەم هەڵەزلانە نەدەن‌و هانی خوشکەکان بدەن بۆ خەبات‌و تێکۆشان .

هەواڵەکانی شاری کەرکوك

١ – بەبۆنەی جەژنی قوربانی پیرۆزەوە .. قوتابخانەی ئامادەیی شوریجە بە هاوکاری‌کردنی نەقابەی مامۆستایانی کوردستان‌و تیپی هونەروویژەی کوردی لە شەوانی جەژندا ئاهەنگێکی گۆرانی‌و هەڵپەرکێیان گێڕا .. هەروەهاش شانۆگەری (بەهاری دزراو)یان پێش‌کەش‌کرد ، لەپێشا مامۆستا لەتیف حامید بەرێوەبەری قوتابخانەی ناوبراو ، وتارێکی خوێندەوە. وەهونەرمەندی منداڵ (سالار سلمان قادر) جێی سەرنج راکێشانی گوێگرەکان بوو .

٢ – لەرۆژی (٢–٢–٩٧٣) وە لەهۆڵی یانەی مامۆستایانی کەرکوك نەقابەی مامۆستایانی کوردستان–لقی کەرکوك ، کۆڕێکی فراوانی بەست کە مامۆستایەکی زۆری کوردی تیا بەشدار بوو .. لەپێشا لێ‌پرسراوی خوێندنی کوردی مامۆستا فاتح محمد امین بەخێرهاتنی مامۆستایانی کردو پوختەی ئەو کارانەی خستە بەرچاو کە نەقابەکەیان کردویەتی .. پاشان مامۆستا شێروان نامق راپۆرتی دارایی خوێندەوە .. ئنجا هەر مامۆستایەك چی ببوایە بەشێوەی پرسیار ئاراستەی لێ‌پرسراوانیان دەکردو وەڵام ئەدرایەوە .

٣ – لەرۆژی ٢–١–٩٧٢ یانەی رۆشنبیری جەماوەری (دار الثقافە الجماهیریە) لقی کەرکوك ، کۆڕێکی رۆشن‌بیری بەست .. کە مامۆستا عبدالکریم مەکی بەرێوەبەری گشتی‌ی یانەی رۆشن‌بیری – مەڵبەندی گشتی بەشداری تیاکرد ، گەلێ پرسیارو پێشنیاز کرا بەنیازی پێشخستن‌و گەشەپێدانی هونەروویژە لەکەرکوکدا .

٤– لە ٣–٢–١٩٧٣دا لەهۆڵی

بڕوانە ل ٧

دەربارەی جگەرەی کوردی چی ئەزانی

● باوی جگەرەی کوردی ماوە

● ئێستاش بۆڕی جگەرەی پاکەت ئەدات لەدەرەوە

● شاور بۆڕبۆڕێنی لەگەڵ رۆسمەن‌داکردوە

مرۆف زۆر لە کۆنەوە جگەرە ئەکێشێ‌و گەلێك شێوەی جگەرەکێشانیشی بەکارهێناوە کە لەپێشدا هەر توتنە رووتەکەبوەو وردە وردە پەرەی سەندوە تا بە نارێکوپێکی کاغەزی تێوە پێچراوە ئنجا لەوەش ترازاوەو رێکوپێکی لۆك نەکراوی بۆ نامادەکراوە کە پێی ئەڵێن (سیغار) .. لە دواییدا زیاتر بەرەو چاکتر رۆیشت‌و کارگەی بۆ دانراو گەلێك گۆڕانی تێداکرا لە رووی جۆرو بۆن‌و توتنەوە .

وە نەبێ ئەم گۆڕانە بە جگەرەدا شێوەی کۆنی سڕیبێتەوە بەڵکو پێ بە پێی ئەم زیادو کەمە هەر لە برەودا بوە ئەگەرچی لە وڵاتانی ئەم ناوچەیە بە تایبەتی وە رۆژهەڵات بەگشتی جۆرە کۆنەکان هەر باوەو بۆڕبۆڕێن لەگەڵ جۆری نوێدا ئەکات .

لە کوردستانی ئێمەشدا توتن زۆرەو جگەرە کێشیش زۆرەو وەکو زۆر شوێنی تری رۆژهەڵات هەمو جۆری جگەرەکان هەر لە سیغارەوە تا زەل‌و جگەرەی پاکەت بەکار ئەهێنرێت .

وە هەریەکە دەستەو کۆمەڵ‌و بەشێك لە خەڵکی داواکارێتی .

لە شارێکی وەکو سلێمانیدا کە جگەرەی جمهوری لێ دروست ئەکرێت‌و چەندەها جۆری تری تێدایە لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکیکی زۆریش هەن کە جگەرەی کوردی ئەکێشن‌و چەند کەسانێکیش خۆیان بەدروستکردنی ئەم جۆرەوە خەریك‌کردوە .

بۆ ئەوەی لەم بارەیەوە زیاتر شارەزابین ئەم گفتوگۆیەمان لەگەڵ کاك فەقێ علی توتنچیدا پێك هێنا کە لە سەرەتادا بەم جۆرەی خوارەوە باسی کرد :

لە ساڵی – ١٩٥٠ – ەوە دەستم‌کردوە بە جگەرە دروست کردن .. برەوی زۆر بوو لەگەڵ پەیدابونی جگەرەی پاکەت بە تایبەتی دوایی کردنەوەی کارگەی جگەرە لە سلێمانی هەر باوی ماو بە تایبەتی لای خەڵکی دەرەوە .. چونکە یەکەم هەرزانترە وە دوهەم توتنی بۆندار بەکار ئەهێنم .. کە لە تۆوی چاك بەرهەمدێ ..

لە ساڵی ١٩٦٥ بیرم لە کردنەوەی کارگەیەك‌کرد کە جگەرەکە لە پاکەتدا دەربکەین چل پەنجا کرێکارێك ئیشی تیا بکات‌و بە هەموو لایەکی کوردستان‌و عیراق‌و دەرەوەی عیراقدا بڵاوی بکەینەوە .. چونکە جگەرە دیمەنەکەی جوانترە لە ناو پاکەتدا وە هەروەها جگەرەکانیشی داشکێن ئەوە بو داوا کاریەکمان پێشکەش بە (ئینحصاری گشتی) دا بۆ ئەم مەبەستە وە پەسەندکرا بە مەرجێك لە ژێر دەسەڵاتی (ئینحصاردا) بێت لیژنەی تەکنیکی دوو جگەرەی کوردی دانا بەقەد یەك جگەرەی پاکەت وە بەو پێیە نیوەی جگەرەی پاکەت گومرگمان لێ‌سەندرا مانگێك ئیشمان‌کرد .. وە زۆر سەرکەوتوبوین ، بەڵام بەداخەوە تاسەر نەبو ، چونکە لەبەر باجی گومرگ‌و هەندێ شتی‌تر وازمان لێ‌هێنا .

وە پەیمانیشمان دا کە ساڵی بایی ١٠٫٠٠٠ دینار باندرول لە میری بکڕین بە مەرجێك گومرکمان لەسەر کەم‌بکەن ، بەڵام بێ‌سودبو . ئەوەی راستی بێ ئەگەر پاکەتێ یەك فلس قازانج بکردایە هەر ئەم کرد چونکە مەبەست بڵاوبونەوەی جگەرەی کوردی‌بوو گەرچی قازانجیشی ئەوەندە نەبوایە ..

پ – پاکەتەکانی ئەوسا بە ناوی (شاور)ەوە دەرئەچوو ئینجابابزانین ئەو ناوە لە چی‌یەوە هاتبوو ؟

و : شاور ناوچەیەکە لە دوەری رەواندوز باشترین توتنی لێیە .. توتنێکی لێیە بۆندارێکی سروشتی‌یە .. توتنی ئەوێم بەکارئەهێنا بۆیە ناوم نابوو جگەرەی شاور .

پ : تەڕۆ توتنچی‌یەکانی تری‌سلێمانی چ جۆرە توتنێك بەکار ئەهێنن ؟

و : ئەوی راستی‌بێت جگەرەی زەلی « مزەبەن » تەنها توتنی « رەشۆك » بە کەڵکی دێت کە لە ناوچەی چوارتاو ماوەت ئەروێنرێ چونکە توندە، هەر بۆیەش بەکار نایەت بۆ جگەرەی پاکەت تەنیا بۆ جگەرەی « مزەبەن » ئەشێت .

بەڵام توتنی « سامسۆن » لەبەر نەرمی تێ‌ناکرێت بۆیە دەست نادات .

پ : هیچ کۆسپێك هەبوو لە رێ‌تانا لەکاتی دەرکردنی جگەرەی پاکەت‌دا ؟

و : بێجگە لەوانەی کە باسمان کرد ، هیچ کۆسپو تەگەرەیەك نەهاتە رێگامان ، بەڵام تاکە شتێك کە تارادەیەك سەیریشە ئەو کاتەدا بەسەرمان هات ئەوەبوو لە « ئەردەن » وەکیلی جگەرەی « رۆسمان » پاکەتی جگەرەی « شاور »ی بینی‌بوو بە لاسایی « روسمان »ی لە قەڵەم دا بوو، ئەمەشی بە کارگە راگەیاندبوو ئەوانیش خێرا دوو پارێزەریان گرتبوو لە عیراق شکاتیان لێ‌کردم ، دوو هەڕەشەم بۆ هات‌و پاشان راپێچیان کردم بۆ بەغداو لەوێ بەرێوەبەری دایەرەی « تۆمار کردنی مارکەکان » بوو بە حەکەم لە نێوان من‌و پارێزەرەکانی جگەرەی رۆسمان‌دا ..

داوایان لێ‌کردم کە رەنگ پاکەتەکە بە « شینی »ی نەهێڵمەوە چونکە لە رەنگی رۆسمان ئەچێت‌و ئەبێتە لاسایی ، بەڵام بەرێوەبەری دایەرەکە پشتگیری منی ئەکردو بەرپەرچی ئەوانی ئەدایەوە ، بەڵکو هانیشی ئەدام بۆ ئەوەی ئەو رەنگە نەگۆڕم‌و هەروا بمێنێتەوەو بەم جۆرە دەعواکەی ئەوانمان ژێرخست .

فەهمی قەرەداخی
پەیامنێری هاوکاری لە سلێمانی

*

ئەم هەفتەیە لە مێژوودا

نەریمان

لە ١٠ی شوباتی ساڵی :

١٧٦٣لەپاریس پەیمانێك لەنێوان بریتانیاو فرەنسا مۆرکرا بەم هۆیەوە فرەنسا هەر موستعمەرەیەکی لە ئەمەریکاو هندستان هەبوو بۆ بریتانیا وازلێ‌هێنا .

١٩٥٩ ژمارەی یەکەمی گۆڤاری (رزگاری) بڵاوکرایەوە کە زمانی پارتی دیموکراتی کوردستان‌بوو .

لە ١١ی شوباتی ساڵی :

٦٦٠ پێش زایین – لەژاپۆن‌رژێمی شایەتی ئاشکراکرا .

نێوان پاپاو فرەنسا دەستی پێ‌کرد .

١٦٥٠ مردنی زانای فرەنسی (دیکارت) .

١٨٣٧ کوشتنی شاعیری‌روس (ئەلکساندەر بۆشکین) .

١٨٤٧ لەدایك بوونی داهێنەری کارەبا (توماس ئەدیسۆن) .

١٩٤٦ دامەزراندنی‌حکومەتی‌کوردستان لە ئیران .

١٩٦٣ راوەستاندنی شەڕلەکوردستانی عیراق (بوجاری یەکەم) .

١٩٧١ پارتی شورشگێری کوردستان خۆی هەڵوەشاندەوە و چووە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان .

لە ١٢ی شوباتی ساڵی :

١٦٦٨ سەربەخۆیی (**پورتگال**) .

١٨٠٤ مردنی فەیلەسوفی ئەڵمان (عەمانوئیل کانت) .

١٨٠٩ لەدایك بوونی سەرەك (ئەبراهام لەنکۆلن) وە لە ساڵی ١٨٦٥ کوژرا .

١٨٠٩ لەدایك بوونی زانای بەناوبانگ (چارلز داروین) .

١٨٥٢ مردنی نووسەری‌روسی ناسراو (گۆگۆل) .

١٩١٢ دامەزراندنی کۆماری‌چین .

١٩٦٦ یەکێتی سۆڤیات کوسمۆسی (١٠٦) سەر ئەقاند .

٦١ی کۆچی – رۆژی عاشورا کوشتنی حەزرەتی حوسەین .

لە ١٣ی شوباتی ساڵی :

١٦٩٨ پارڵەمانی بریتانیا قانوونی (ماگناکارتەر)ی مۆرکرد کە مافی میللەت ئاشکرا ئەکات .

١٩٦٠ فرەنسا لە بیابانی ئەفەریقا بۆمبایەکی ئەتۆمی تاقی کردەوە .

١٩٦٦ خۆپیشاندان لەگەڵی وڵاتدا بۆ ئەوە دەستی پێ‌کرد کە ئەمەریکا بەتەمای تەقاندنی بۆمبای هیدرۆجینی بوو .

لە ١٤ی شوباتی ساڵی :

١٩٤٣ لەشکری‌سوور شاری (رۆستۆفی) لە ئەڵمان رزگارکرد .

١٩٤٩ (فەهد)و هاورێکانی لە سێدارەدران .

١٩٥٨ یەکێتی (هاشمی) لەنێوان شای عیراق‌و ئەردەن دامەزرا .

١٩٦٣ بۆ یەکەم جار لە بریتانیا گورچیلەی مردوویەك بەعەمەلیات گوێزرایەوە بۆ نەخۆشێکی گورچیلە خوراو .

١٩٧١ دەوڵەتانی (ئۆپك)لەتاران رێك‌کەوتنێکی ناوخۆیان بۆ نەوت مۆرکرد .

لە ١٥ی شوباتی ساڵی :

١٧٨٢ شەڕێکی دەریایی لەنێوان فرەنساو بریتانیا قەوما لە ئەنجامدا فرەنسا سەرکەوت .

١٩٤٢ دورگەی (سەنغافورە)لە چنگ ژاپۆن رزگاربوو .

١٩٤٦ قانونی ئیدارەی‌مەحللی بەکارهێنرا .

لە ١٦ی شوباتی ساڵی :

١٨٢٥ رێگایەکی ژێر دەریایی‌لە نێوان فرەنساو بریتانیا دەست‌پێ‌کرا وە بە بیست ساڵ‌هەڵکەنراو تەواووبو .

١٩٤٣ لەشکری سووری‌سۆڤیات شاری (خارکۆف)ی لە ئەڵمان رزگارکرد .

١٩٥٨ بەشێوەیەکی رەسمی وڵاتی (یەمەن) چوە رێز کۆماری عەرەبی یەکگرتووەوە .

دگەل گەهشتنا مروڤێت کەڤل سپی یێت چاڤشین بوژێریا وەلاتێ ئەفریقیای ، عەردێ کەڤل ڕەشا داگیر وهشك کر ، جهێ وان ژێ ستاند ، دگەل وێ چەندێ کو ێت سپی کێم تر بون ژ ێت ڕەش ، بەلێ ێت سپی پشتەڤان هەبون ، ئارمانج و ئومێدا وان ئەوبو کو : مروڤێت کەڤل ڕەش نەهێلنە لوی جهی ، دا ێت سپی شوینا جهێ وان یێ بەرین بگرن ولێ بژین ، عەردێ بابو باپیرا داگیر کەن و خودانێت جهی بێ باهر و پشك بن ، یێ ما ساخ ژ ڕەشا ببیتە پالە و کرێکار ٠٠ بێ مز ، ئان ببیتە خلمەتکار و خولام ، یێ دهێتە کوشتن ژ ێت ڕەش دێ مریت بێ تول ٠٠ بێ گوهارتن ، ئانژی دڤێت نەمینیتە لجهێ خو ٠٠ بەلێ کیڤە بچیت عەرد دێ وی حەوینیت ٠٠ ڕەنگێ وی یێ

گونەهـ کاریا کەڤل رەشـا..

علی نقشبندی

رەش یێ دیارە ٠٠ یێ گازی دکەت (ئەز ئەڤە ٠٠ وەرنە من) ، نە لئەمریکای دحەوێنیت و نە لئەورووپای ، نە لئوستڕالیای و نە لروژهەلاتا دویر دگەل گەڤل زەر و چاڤ هویرا ، دێ (لقارێ ئاسیا) ژیت بەلێ دڤێت یێ بن دەست بیت و بەندەه بیت :

گونەها وان چیە کو دڕەشن !! ئەو بابێ لسەر وچاڤێت وان ددەت نزانیت ئەوێ لێددەت کا یێ سپیە ئان یێ زەرە ئان یێ ڕەشە ، ێت ڕەش چ گونەه کریە کو یێ ڕاهێلانێ بیت ، یێ دەرێخستی بیت ژ جهێ وی ژ مالا وی ، یێ بێ باهر بیت دژینێ دا وەکی هەمی کەسێت دی ێت سپی ، ژ بەر چێیێت سپی خو نادەنە ـ بێت ڕەش و خو پێ ناگوهوڕن !! ژ خوناگرن لئەمریکای و لئەورووپای دگەل ێت ڕەش بژین ٠٠ ژ بەر چ ؟ هەر ژ بەر ڕەشیا چەرم و کەڤلێت وان ! ئان ژ بەر کێماتیا بنەتاریێ ! نە ٠٠٠ ئەڤە هەمی نینە ێت سپی نە ژ وان بهزر و عاقل ترن ، نە ژ وان بکەلەخ و مێرترن ، نە ژ وان شولکەر و شەهرەزاترن ، بەلێ ئەڤ جوداهیە ژ کاری هزر و تەخمینێت بورجوازیانن ٠٠٠ ێت ڕەش ڕەحەت وتەنا نابن ، حەتا رجیما سوشیەلیستی نە دامەزریت لوان دەڤەرا ئەوێت ئەو لێد ژین ، دبن وێ ڕجیمێ دا چ جوداهی و هەڤبەری بوی ڕەنگی لناف پەیدا نابیت نە ژ بەر ڕەنگی ، نە ژ بەرزمانی ، نە ژ بەر بیر و باوەری و هزر و تەخمینا ێت کو هەر کەسەك لسەر دچیت ٠ هەمی مللەتێت بن دەست و پاژڤەمای بلا چاك تێبگەهن و خو تێبگەهینن ژ خەو ڕابن و خو بچو تشتێت دیڤە مژیل نەکەن ، ژ بلی شەڕێ ئیستعماری و کەڤنە پەرستا و بەهێلن رجیما بورجوازی ڕهێت خو دناڤ مللەتی دا کویر ببەت (ئەو بورجوازیێت سەربەسەر ئیمپریالزمێ) ٠

دگەل پێڤەچون و بلندبونا رجیما بورجوازی لئەمریکای و لئەورووپای پێویستی دەستێت شوکەر بون ، کەس نەدیت ژ بلی ێت ڕەش کو وێ زورداریێ لێبکەن ، ڕەنگێ وان یێ ڕەش کرە سیچ کو دڤێت ئەڤ کەسێت خودانێت ڤی ڕەنگی ٠٠ دبن دەست بن هەر و هەر ، و بخو بدەنە شولی بێ مز ئان بروژانێت کێم ، ژ بەر بێ دەستهەلاتیا ێت ڕەش ، و دلێ وان یێ ساخ و پەیدانەبونا هزر و بیروباوەرێت تێکبونا سیاسی لناف ڕێزێت وان ٠

ما هەکە مروڤێت کەڤل ڕەش پتر بان ژ ێت چەرمێت وان دسپی دا یا چاوا بیت ٠

هەر وەکی مێرك ئەورووپای و لئەمریکای خو وەکی ژنا لێدکەن بجل و بەرگی ، پابوچی کەڤلێ خو ژی ڕەش ناکەن و ێت ڕەش ژی خو سپی کەن ٠

بێ گومان جەهـ و گەرم و سەرمایێ دەستەکێ بالا یێ د ڕەنگادا هەی ٠ بەلکی ێت ڕەش ژی حەسنەکەن و بدلی نەبیت کو ڕەنگێ کەڤلێ وان یێ ڕەش بیت ، چنکو هندی ێت دیتین بچاڤێت خو و ێت هاتینە سەرسەرێ وان ژ دەستێت سپیا ، لدرێژیا مێژوویێ ٠

بەلێ ژ بەر چ ێت سپی ئازاریێ بو ێت ڕەش چێدکەن ، ما وان شولە بێت ڕەشە ، ما گونەهـ کاریە هەکە ڕەنگێ چەرمێ وان یێ ڕەش بیت ! خوینا ێت ڕەش ژی یا سورە وەکی خوینا سپیا ، هەردو وەکی ئێك دخون و ڤەدخون ، بەلکی دلێ ڕەشا پاقژتر بیت ژ ێت سپی ٠٠ هەردو وەکی ئێك بای هەلدکێشن ٠

لبنێ ئەفریقیای ێت سپی زورداریەکا مەزن لێت دکەن ، لوریێ ێت ڕەش دبێ پشتەڤانن ، حوکم و چەك و پارە ێت دەستێت ێت سپی دا دیسا لئەمریکا هەر وەسا ٠

هەرژ جودایا (دینی) ویا نەتەوەیێ و لناف بەرارێکێت سیاسی حەتا د گەهیتە ڕەنگی لەش و چەرما ئەڤە هەمی ژ کارێ هزروتە خمینێت بورجوازیا نە ڤێ جوداهییێ و هەڤبەرییێ دادرێژیت دناف مللەتێت بن دەست و د پاژڤەمای و دنیف تێگەهشتی ، بو (مەقصەدا) خو و دا بیاخو بکەڤیت و بمینیتە بکەیفاخوو پێکڤە مژویل کەت و بەردەتە ئێکودو ٠

هەر وەکی ئەمریکای کری لدەڤەرا ڤیتنامێ ، بناڤێ (جنسێ زەر) و لناف خو بناڤێ شەڕێ خاچهەلگرا بناڤێ دینی حەتا دزینا مروڤێت ڕەش لبەر لێڤێت ئاڤێ لکزیرتێ عەرەبی ژ بەر دیمێ ئەفریقیای و ڕەڤاندنا وان بگەمیێت مەزن و فروتنا وان لئەورووپای و لئەمریکای بو خزمەتکاریا سپیا لوان جهیا ٠

هەر ژ کوشتنا (مارتن لوثر کینغ)ی ئەوێ سەرگێرا شورشا ڕەشا د کر لئەمریکای ، حەتا سوتنا جاندارکێ لسالا (١٤٣١)ێ ، و ژ گرتنا (ئەنجیلا دیفیس)ێ حەتا ڤەچوپراندنا شورشا ڕەشا (لبەصرا) ، لدرێژیا ڤێ دێ دیار بیت کو هەردەم دەستێ ئیستعماری یێ تێدا هەی ٠ لچاخێ (١٧)ێ ئەمریکای دەست بگوهورینا (هندیێت سور) کر بمروڤێت ڕەش ئەوێت وەکو دزێت (بەحرێ) دئینان بو فروتنێ ، چنکی ێت ڕەش شولکەرتر بون ژ ێت سور و دخلمەت خوشتربون ، و بکێم پارەی درازیبون و پێ دژین ، گەمییێت هولەندی و ئنگلیزی بهزارا ێت ڕەش دگرتن و ئێخسیر دکرن و دبرنە باژێرێت دویر بو فروتنێ ێت سپی ژی بخو ددانە شولی لناف زڤیێت (پەمبی) و تیتن پێ دکرە تەخە ، و لەڤەنێ شەکرێ پێ دئینا دەرێ ٠ لئازادی و سەربەسینا ئەمریکای لسالا (١٧٧٦)ێ هەژمارا ڕەشا گەهشتبو (٧٥٠) هزار کەسا ئەڤەنە مانە ئێخسیرێت ڕەنگێ لەشێ خو یێ ڕەش ، لسالا (١٨٠٨)ێ دەمێ (جورج واشنطن) لجهێ سەرکومارا ئەمریکای (قانینەك) دەرکر کو : چینابیت ئازاریێ و زەحمەتێ بو ێت ڕەش چێکەن نابیت کوتەکییێ و زورداریێ لێبکەن نابیت بکوژن ، بەلێ ئەڤ قانینە بدلێ بورجوازیێت ئەمریکی نەبو ، چنکو ئەو پێدڤییێت ڕێنج بەر و پالا بون ، پێدڤییێت شولکەرێت ئەرزان بون ، ئەڤ قانینە ما و کەسێ شول پێ نەکر ، بەلکی کڕین و فروتنا دگەل عەردێ لسەر شولدکەن زێدەتر لێهات ، حەتا گەهشتیە دەڤەرا ڕوژ ئاڤا لئەمریکای ئەو قانینا دەرکەفتی لسالا (١٨٠٨)ێ بو ڕەش ڕەشك لسەر کاغەزێ ، دیسان شەڕێ هاتیەهەلکرن لئەمریکای لسالا (١٨٦١)ێ لناف وی بخو ـ بخو ، نەشیا (٤) ملیونێت ڕەشا ڕزگارکەت ژ بن دەستێنییێ ٠ یێ ڕەش هەر ما متایەك دهاتە کڕین و فروتن ٠ (لینکولن)ی لسالا (١٨٦٣)ێ بڕیارا ئازادیا ڕەشا دا بێ ڤەگرتن بەلێ ڤێ بڕیارێ ژی چ جهێت خو نەگرتن ، چنکو بزاڤا بورجوازیێت ئەمریکای تژی مەژیێ مللەتی کربو کو ێت ڕەش نەدسێنە کو ئازاد بن چنکی ئەو (ژ جنسێ کێمن) ٠

قانینا دەرچوی لسالا (١٨٩٦)ێ ، دگوتێ (قانینا جیم کراو) بو ئازادیا ڕەشا ، بەلێ هەر مان دبن دەست و شولکەر و زەحمەت کێش بو

ب ٠ ب ٠ ٧٠

ژرەوشتێت مللەتی

خویندەڤانێن هێژا : هیڤیدارین لە ئەگەر ژبەر وێ ئالوزیا هژمارا دی بوی ٠ ئەڤە بەرمایێ گوتارا هژمارا دیە ٠

(چیڤو پلیتانێ)

ئەڤە یاریەکە ژ دوکەسا زێدەتر دکەن ، دهێتە کرن لچولی ، دەرڤەی گوندا ، ولعەردیت بەیار لناف گوندا ، لناف ڕەز وبیستانێت زدرامەنی دڤالا ، ئەوێت ڤێ یاریێ دکەن کوڕ ولاو وتولاز وجەحێل دکەن بەلێ باهرا پتر ئەوێت دکەن بچکن ٠٠ دێ خوکە نەدو جوین ، ئاغلەب هەرئێکێ ڤێ یاریێ دکەت دارەکێ هەیدبژنێ (چیڤ) درێژیا وی گەزەکە و پلیت دارەکە درێژیا وی دبیتە بوهوستەك سەر وبن لێ دپلیت کریەبەر تویس هەر سەرەك دژی یێ دی (عەکسا) سەرێ دی ، دێ بخو پیفکەکی دانن و دو ژوان دی خودەنە پیفکی ، کی یێ پلیتا وی کەتە دسەر پلیتایێ دی ، دێ بیتەگەڕاوی ، دی پلیتا خو دانیت و دێ قاما وێ خوشکەت و دێ چیڤەکی لسەرێ پلیتێ دەت . پلیت دێ بلند بیت ، دگەل بلندبونا پلیتێ دێ دارێ خو لهەوا لپلیتێ دەت ژبری ، زهندی بشێت پلیت دێ قلوزبیت و دگەل لێدانا دارێ دێ پلیت لهەوا چیت ، هەکە پلیت بعەردی کەت ، یێ دارلێدای ، دێ دارێ خو لسەر پیفکی ڕانیت و دێ دانیتە سەرئاخێ ، هەڤالێ وی یێ دی ژ جونیا دی ، دێ چیت پلیمی ڕاکەت ژ ئاخێ ودێ ستێرا خو لچویڤی گریت و دێ هاڤێت ، هەکە پلیت لداری دا ، دێ بێتە گەڕاوی ، و هەکە لێنەدا ئەو کەت ، دێ جارەکا دی هەڤالێ وی ، چویڤی خولپلیتێ دەتەڤە ، دێ هەڤالەکی دی چیت هاڤێتە داری ، وهەر وەسا ، لڤی یاریێ دبیتە گەڕا هەمیا ، وهەمی کەس تێدا بەشدار دبن ٠ ئەڤ یاریە یا خوشە دهاتەکرن لگەلەك جهێت کوردا بەلێ من باوەریا هەی نوکە ژی هەر دهێتەکرن زیدە باری لگوندا ، بچیك پێڤە مژیل دبن و دەمێ خو پێڤە ڕا دبورینن یاریەکا دی یا هەی بچیکێت کوردا دکەن ئەو ژی ددەمێ چیڤو پلیتانێ دا دهێتەکرن ئەو یاری (چیخنانێ یە) ئەڤ یاریە یاجودا یە ژیار یێت دی مروڤێت ڤێ یاریێ دکەن خو ناکەنە دو جوین ، هەر ئێکێ دکەت یێ بتنێ یە (ئێك ـ ئێك) دکەن کەس ژکەسێ نینە ، هەرێك دی گورزەکێ چیخنا بخو سەرتیژ کەت و دێ جهەکێ ئاخ نەرم بخو دیارکەن و دێ دەنە بەر چیخنە هەرئێك چیخنێ خو دنیاسیت هەر چیخنەکێ دئاخێ چوکولی یێ دی دێ چیخنێ خو لبەر چیخنێ وی دەت هەکە ئێخست ئەو وی بر دێ چیخنێ وی بخو هەلگریت هەکە چیخن نەئێخست دێ یێ دی لبەردەت و هەروەسا حەتا ئان چوچیخن نەمیننە ڤێ ئان هەڤالێ خو ڕسوا دکەت ٠

* * *

ڕێکانەهێلانا هەڤ کێنیا نەتەوایەتیێ

وەرگێرانودرستکرنا ٠ چەپەری :

دگەل دامەزراندنا سنورێ (ئەلمانیا دیمقراطی) مللەتێ (صربی) مافێ خو وەرگرت بروستاهی و شیا رەوشت و تیتالێت خو بکار بینیت بێ‌ی کوتەکیەك ئان زورداریەك لسەر بیت ٠

دەمێ ئەو مللەت دبن داریێ زورداریا فاشیستاڤە ، هێتلەریا گەلەك دێشاندن و چ حال بو نەد هێلان ، ونەدکر جل و بەرگێت خو بکەنە بەرخو داوەت و شەهیانا وەنەدکر بئاخڤن بزمانێ دای بابا ، نەدهێلا جەژنێت خو یێت نەتەوایەتی بکەن ، چنکو مللەتێ (صربی) ژ مللەتێد (سلاڤی) بو ، نەژ ڕێشتا (ئەلمانا) بو ، ژ بەر هندێ فاشیستا جاڤدێریەکا هشك دانا بو سەر نڤیسەڤان و خاندەڤان و فولکلورێ وان ٠ مادێ (٤٠)ێ ، ژ دەستورا ئەلمانیا دیمقراطی دبێژیت :

(بو مللەتێ صربی هەیە مافێ خو یێ « ڕەوشنبیری وهەر تشتەکێ گرێدای ب نەتەوایەتیێ ڤە » بکار بینن بسەربەستی ، و بووان هەیە بزمانێ خو بخوینن و بنڤیسن و کارێ پێڤەچونێ تێدا بکەن ، حکومەتا ئەلمانیا دیمقراطی دێ ڤی مافی پارێزیت ژ پیچ بونێ و دێ هاریکاریا مللەتێ صربی کەت بو زیندەکرنا وی شیوەی)

دەمێ مللەتێ صربی دبن زورداریا فاشیستاڤە گەلەك ئازاری د دیتن ژ دەستێد وان ، دهاتنە کوشتن ، کەلەخێت وان دهاتنە سوتن ٠ فاشیستا دا دلێ خو کو باژێرێ (باوتسن) نەهێلنە لسەر ڕوییێ ئاخێ ، دڤیا وی باژێرێ دەلال کومباخ کەن ، شەنگستێت وی ببنی هەلشکێڤن ، (باوتسن) باژێرەیێت (صربی) یێ هاتیە ئاڤاکرن ژ بەری (١٠٠٠) سالا ٠ لسالا (١٩٤٥)ێ زێدەتر ژ (٣٠٠) کەسا خو گوری وی باژێری کر دا ڕزگار ببیت ژ دەستێ ئافاشیستا ، و هەر لوێ سالێ تانگێت ئێکەتیا سوڤیتێ گەهشتنە بەر بەدەنێ وی باژێری و دیماهیەکا چاك دانا بو زورداریا فاشیستا (لصربی) ٠ ئەلمانێت فاشی بچاڤێ جوداهیێ بەرێ خود کرە (صربی) دڤیا مروڤێت وێ بگوهەریت ٠٠ خوینا وان بگوهوڕیت ٠٠٠ خوینا ئەلمانا بکەنە لەشێ وان ، ڕێ ورەوشتا فاشیستێت هێتلەری ئەوبو کو ئەو مللەت بکێر چو ناهێت ٠٠ نە یێ سێلەیە کو بژیت لسەر ڕوییێ ئاخێ ، دەست بکوشتنا وان دکر بجڤاتی ، بسەدا دا بقنارا ڤەکەن و طەرمێت وان د سوتن دئێتوینا دا ، ئومێدا فاشیستا ئەوبو کو وی مللەتی ببرینیت ب ئێکجاری ٠ پاشی ڕزگار بونا (صربی) کەتە مەژیێ وان و باوەرکر کو چ مللەت بربدرستی ڕزگار نابن و تەنا نابن و جهێ خو یێ نەتەوایەتییێ بنایەتی ناگرن ٠٠ ئەگەر ڕێکا سوشیەلیستی یێ نەگرن و والسەر نەچن ، باوەرکر کو هەر ئەو ڕێکە مللەتا ڕزگار دکەت ژ بن دەستێ ئیمپریالزمێ و خلاس دکەت ژ ئازاری و دەربەگیێ و ژزورداریا تەعداکەرا و کەڤنەپەرستا ، هەر ئەو رجیمە بو مللەتا ڕوهن دکەت ڕێکا ئازادیێ ، مللەتێ (صربی) ژ جوتیار و پالا ژ ڕێنج بەر و کریکارا ڕەحەت نەبون حەتا ڕێکا سوشیەلیستی یێ نەگرتی ، ێت هەین دبێژن ئیمپریالزمێ گەلەك حکومەت ێت چێکرین ، وگەلەك ژ وان نەد بونە حکومەت هەکە ئیستعمارێ هارینەکربا ، ئان بلا ببینێ بلا لسەر دەستێ وان بیت ٠ بەلێ قلی نینە (حوکمەتینی) وەك هەلامەتێ بەر گارسا ٠٠ طەرمەکێ بجل و بەرگە بەلێ یێ مریە ، بو ترساندنا (چیچکانە) ٠ ئیمپریالزم لسەر دەستێ هندەك هەلبژارتیێت خو دێ حوکمەتەکێ الجهەکی پێك ئینیت ژ بو قازانجا خو ، بەلێ ئەو دێ میننە ئێخسیرێت وێ قەنجیێ یا دگەل هاتیەکرن ، و دێ بەرەڤانیێ ژ داخازێت ئیمپریالزمێ کەن بەردەوام ، دێ گەلەك مللەتێ خو ئێشینن و دێ زەحمەتێ دەنەبەر و دێ بهزارا کوژیت و بقنارا ڤەکەت دا دلێ وی خێر خازی (کوئیستعمارە) ژێ نەمینیت و ژ بوخاترا کو

برواننە ل : -٧-

دێ گەهین هەڤ

خویندەڤانێن هێژا :

دەمەکە من دلێ خو بو هەوەدەرێژ(١) نەکری !!

ژ مێژ وەرە ئەزو هوین نەگەهشتین هەڤ !!

من دڤێ ئەزو هوین هەر نێزیکی ئێك بین ، یا من دڤی بو هەوە بێژم و یا هەوە دڤێ بومن بێژن ٠

پێدڤیاتیێن ژیانێ وەمروڤی دکەن کو هەڤال ژێك دویر کەڤن ٠ وەلێ هندی دویراتی فرەهـ بین و نەدیتن وا درێژ بیت دویماهییا ڕێ دێ هەر گەهین هەڤ ٠ چنکو دەمێ مە دەست پێ کری ئارمانجێن مە ئێك بون ٠ بیرو باوەرێن مە ژ سەروکانیەکێ دهاتن ٠

ژ بەر هندێ دێ هەر گەهین هەڤ ، دێ هەر گەهین هەڤ ٠ وە هەیە ئەم جارەکا دی ژێك ڤەبین ، ژێك ڤەبونەکا دویرترو درێژتر وەلێ ئەڤ دویرکەفتنە نابیتە سویچ کو ئەم دەستێن خو بەردەینەڤە ، چنکومە باوەری وا بئارمانجەکێ هەی و ئەم لدوڤ وێ ئارمانجێ دێ گەهین هەڤ ٠٠٠٠ ڤێجا کەنگی و چاوا ٠٠٠٠ ؟ مەیەك پێ نینە ، وە هەیە خەباتا ئەڤرو ئەوەکی یا دویهی بیت ، وە هەیە دوژمنێ ئەڤرو دڕوندەتر بیت ٠٠٠٠ وەلێ بزاڤا ئەڤرو ژی بزاخ ترو بزەفترە

دویهی مە دوژمنەك هەبو ، ئەڤرو ناهێنە هژمارتن ، وەلێ دویهی ئێك بو لبەرامبەر دوژمنی ، ئەڤرو مللەت هەمی یە ، هەمی یە ٠

هندی ڕوژەك بچین بهزارازەندێن لاوێن مللەتی وێ بلند دبنە بەر دفنا دوژمنی ، هندی دوژمن هارتر لێ بێت ، قەلەمێن قەلەم تەفەنگا بزاخ تر لێ دهێت ٠٠٠٠ چنکو باوەری بژینا نوی دهێت و دڤی مللەت هەر بگەهیتێ و ٠٠٠٠ ئەو ڕوژا ئەم دگەهین هەڤ گەلەکا نێزیکە ٠٠٠٠ گەلەکا نێزیکە ٠

عبدالرحمە نقشبندی

دیروکا کوردی

خەلیل جندی

ئەدەبێ کوردی ، وەکی هەموو ئەدەبێد دنیایێ حودانێ تەرزو بابەتێد ئەدەبی یە ، ژ ڤانە دیرۆك ، ئانکو (رثاء) بەلێ زۆربەیا ئەدەبێ مە لسەر زارێ تێتە گۆتن ٠ دکارین بێژینێ ئەدەبێ شەعبی یان فولکلۆری ٠ ڤێجار هەکە ئەم لڤی ئەدەبی بکۆلین ، بێ گومان گەلەك تشتێد نەخۆیا بۆ مە ئاشکرا دبن ، وسامانەکێ بنرخ و بەها دکەفتنە بەر چاڤێد مە ٠

« لاڤژێ پیرێ » ئێکەکەژ وان دیرۆکێد کوردی ، بەلکی هەتا نهۆ کەسێ گوه لێ نەبوویە ، یان هەتا ناڤێ « لاڤژێ پیرێ » نە بهیستییە ، ئەڤ دیرۆکە ، دیرۆکەکە کلۆکە ، ژ وانە دلی دشەوێنیت هێستر و رۆندکێد کەلی ژێرا تێن باراندن ٠ ئەو کەسێ ژێرا بێتە گۆتن ، دوور نینە مرێ وێ هەفتی سالا بت ، ئەز بێژم رۆندك دێ لسەر روومەتا هورن ، یان چوونەبت دلێ وی پری خەم دکەت ٠

« لاڤژێ پیرێ » شنوارەکی بوو ، بەلێ وەکی ژ ناڤێ وێ یە دیارە کوڕێ بێژنەکا پیرەژن بوو پیرێ لڤێ دنیایێ درێنیە خودێ و وی کوڕی ٠

« لاڤژ » خوارزێ « ئاڤدەل ئۆمەرا » بوو ، ئاڤدەل ئۆمەرا هەر دەم ئیشو کارێ وی شەڕێ گاورە بوو ٠

جارەکێ ئاڤدەلی داخوازی لاڤژی کر بخۆرا ببەتە شەڕی ، دایکا پیر بڤی چەندێ ڕازی نەبوو ، ئەو کوڕە بتنێ هەبوو ، بەلێ ئاڤدەل کەفتە کەرێ ڕکێ و سۆز و قەرار دان لاڤژی بساخی بزڤرینتەڤە بۆ دایکێ ، بێ دلی پیرێ ئاڤدەلی لاڤژ بخۆرا برە شەڕی و دانەسەرێ گرەکێ داژ خۆرا تەماشا بکەت ٠ بۆ ئێغبالاخراب ، یان بۆ شەرمینیا ڤی جوامێری ، تیرەك ڕاست هات لسەرێ گری بلاڤژی کەفت ، گاڤا چاڤێ ئاڤدەلی پێکەفتی ، دەستێد وی سار بوون و ئەردێ ڕانەگرت ، دەستێ خۆژ شەڕێ کێشان ، بێهنەك ددا

بروانە ل ٦

٧ پرسیارو نوسەرو ڕوشنبیرانی کوردستان

پرسیارەکان :

١ - نوسینی کوردی لە کەیەوە باوە ؟

٢ - لە سەرەتای پەیدابونی نوسینی کوردی‌یەوە ، چ جۆرە نوسینێك باو بووە : چیرۆك ، شیعر ، وتاری ڕۆشنبیری‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ئایینی ... هتد ؟

٣ - چ جۆرە کۆسپێك هاتۆتە پێش گەشەکردنی نوسینی کوردی ، ئەوەی پەیوەندی بەنەتەوەی کوردەوە هەبوە ، یاخود بە بێگانەوە داگیرکەرەوە ؟

٤ - نوسەرە پێشرەوەکانی کورد کێ بونو بە چ هۆیەك نوسینەکانیان بلاوکردۆتەوە ؟

٥ - کام گۆڤار یان ڕۆژنامەو کتێبی کوردیتان بۆ یەکەم جار خوێندۆتەوەو ناوەرۆکی چۆن بووە ؟ هەروەها چاکترین گۆڤاری کوردی کامەیان بووەو لەبەرچی ؟

٦ - بەپێی ئاگاداریتان حیزبە سیاسی‌یەکان‌واتە « هیوا رزگاری ، شۆڕش ، پارتی دیموکراتی کوردستان ، حیزبی شیوعی» دەوریان لەپەرەپێدانی نوسین‌و بزوتنەوەی ڕۆشنبیری کوردیدا چی بووە ؟

٧ - ئێستاکە چ ڕێبازێك لە بزوتنەوەی ڕۆشنبیری‌و ئەدەبی کوردیدا باوە ؟

وەڵامی ماموستا أ.ب هەوری

وەڵامی یەکەم :

بە چاوپۆشین لە شیعرو لەو چیرۆکانەی کە بە شیعر نوسراون وەك «مەم‌وزین‌و شیرین‌و فەرهادو ناصرو مال مال»و گەلێکی تر ، وا ئەزانم نووسینی کوردی بە شێوەی ئێستە لە سالانی - ١٩٢٢ - ١٩٢٣ - وە دەست پێ ئەکات ، چونکە کاتێك لە ساڵی ١٩٢٦دا چوومە قوتابخانەی زانستی ئێواران نوسین‌و خوێندن بە زمانی کوردی بوو ، هەروەها لە قوتابخانەکانی ڕۆژیشدا خوێندن‌و نووسین هەر بە کوردی بوو ، تەنیا ئەوەندە هەیە ئەوساکە پەڕاو بە زمانی کوردی نەبوو ماموستا لە پۆلەکاندا بە کوردی دەرسەکانی بە قوتابی ئەنووسی‌یەوە ، دووای ئەم بەروارە بەرە بەرە لە دیوانی شاعیرە کۆنەکانەوە ، وەك حاجی‌قادری کۆیی‌و محوی‌و سالم‌و کوردی‌و نالی پەڕاوی چاپ کراو دەستی پێ کردو نووسینی کوردی بەرە بەرە برەوی سەند .

وەڵامی دووەم :

لەسەرەتای نووسینی کوردی‌یەوە ، نووسینەکان تێکەڵ‌بوو ، واتە هەموو جۆرە نووسینێك ئەنووسرا لە شیعردا بە زۆری شێوەی کلاسیکی‌و ڕەمزی بەکار ئەهێنرا .

بەڵام نووسینەکانی‌تر بەزۆری ئایینی‌و نیشتمانی‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ڕۆشن- بیری‌بوو .. هتد .

وەڵامی سێیەم :

من وا ئەزانم (بەپێی تاقی‌کردنەوەی خۆم) ئەو کۆسپانەی هاتوونەتە بەردەم گەشەکردنی نووسینی کوردی هەمووی بێگانەو ئیستعمار دروستی‌کردون وەك ڕێگە نەدان بە چاپەمەنی کوردی‌و راوانی شاعیرو ئەدیبەکانی کوردو زیان پێ گەیاندنیان‌و ئازاردانیان ئەگینا نەتەوەی کورد هەمیشە ئارەزوومەند بووە کە بە زمانی خۆی بخوێنی‌و بنووسێت ئەگەر لەناو نەتەوەی کوردا بووبێت هەوڵی دابێت بۆ پاش خستنی زمانی کوردی ئەوەش هەر نوکەری ئیستعمار بووەو لەسەر بەرنامەی ئەوان رویشتوە ..!

وەڵامی چوارەم :

هەر چەندە ناتوانرێ نووسەرە پیشرەوەکانی کورد بەپێی کۆنی‌یان یەك لەدوای یەك بنووسرێت ، بەڵام ئەوانەی ئاشکراو دیارن ئەمانەن :

جلادەت بدرخان ، کامەران بدرخان ، مصطفی پاشا یاملکی أمین زکی ، حسین حوزنی موکریانی ، توفیق وەهبی بەگ پیرەمێرد ، حسین ناظم ، کوردی‌مەریوانی ، معروف جیاوك ، ئەمین رەواندوزی ، شێخ سەلامی شاعیر ، صالح قەفتان مەلا رشید بەگ (کە مسلم‌و بخاری لە ئەستەموول کردوە بە کوردی .. هتد ..

ئەمانە نووسینەکانیان بەهۆی ڕۆژنامەی (بانگی‌کورد ڕۆژی کوردستان‌و گۆڤاری روناهی‌و ڕۆژنامەی ژیانەوەو ژیان‌و زاری‌کرمانجی‌وڕووناکی‌یەوە » بلاویان ئەکردەوە ..

وەڵامی پێنجەم :

یەکەم ڕۆژنامەی کوردی ، کە بۆ یەکەم‌جار خوێندومەتەوە ڕۆژنامەی ژیان بوو ، ناوەڕۆکەکەی بریتی بوو لە : « دەنگوباس ، پەندی پێشینان گاڵتەو گەپ ، باسی شاعیرەکانی کۆنی کورد ، یادی پیاوانی ناوداری کورد هتد ... » ڕۆژنامەکە لە ڕووی ئەدەبی‌یەوە مستوایەکی بەرزی هەبوو « پیرەمێرد » لە پەندەکانیدا پلاری ئەگرتە پیاوی خراپ‌و کردەوەی خراپ‌و ناپەسند ، لە ڕووی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئەدەبی‌یەوە خزمەتی باشی ئەکرد ..

لەناو گۆڤارە کوردی‌یەکانی لەمەوبەردا گۆڤاری گەلاوێژ بەلای منەوە لە هەموو گوڤارەکانی لەمەوپێش باشتربوو . چونکە مستوایەکی باشی هەبوو دڵسۆزانە بۆ گەلی کوردی ئەنووسی هەموو کوردێك بە گۆڤاری خۆی ئەزانی . ئەوەی گومانی تێدا نی‌یە ئەوەیە ڕۆژنامە یێ یان گۆڤار وەختێك باش ئەبی‌و پێش ئەکەوێ کە بۆ بەشی‌زۆری میللەت‌بنووسێت بەڵگەشمان بۆ ئەوە گوفاری‌گەلاوێژە ، کە لەو دووایییەدا لایەنگیری تێدا دەستی پێ‌کردبرەوی ئەوەڵ جاری نەما ..

وەڵامی شەشەم :

بەپێی ئاگاداریمان (هیوا ، رزگاری ، شورش) دووانەکەی پێشوویان کۆمەڵ ، واتە جمعیەتیان - ناوبوو ، لەبەر ئەوەی نەهێنی بوون و ئەزانم دەورێکی ئەو تۆیان نەبوو ، لە بلاو کردنەوەی نووسین‌وڕۆشنبیری کوردی‌دا لە هەموویان گەورەترو ناودارتر کە هیوا بوو لە دوواییدا لە مەبەستی راستی لای‌داو کەوتەدووای بەرژەوەندی تایبەتی ، بۆیە جەماوەران لێی کشانەوەو نارەزایی‌یان بەرامبەری دەربڕی ..

● بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعی لەبەر ئەوەی‌دانیان پێدا نراوە، ئاشکران‌و دەسەڵات دارن‌و خاوەندی ڕۆژنامەو گۆڤارو پەڕاون ، هەر یەکەیان لەسەر بەرنامەی خۆی دەستێکی باشی بووەو خزمەتەکانیان هەموو کەسێك ئەی زانیت .

وەڵامی حەوتەم :

ئەو ڕێبازەی ئەمڕۆ لە بزوتنەوەی ڕۆشنبیری‌و ئەدەبی کوردی‌دا هەیە ، ئەوەیە بەرەوپیشەوەیی ئەڕوات‌و لە کۆتی کلاسیکی‌و رومانتیکی لای داوەو مەبەستی خزمەتی بەشی زۆری گەلە نەك دەستەیەکی تایبەتی تەنیا نوختەیەك . کە پێویستە ئیشارەتی بۆ بکرێت ئەوەیە هەندێ نووسەر لەبەر نە شارەزایی بە موومەیزاتی زمانی کوردی‌و تەعبیری زۆر عیبارەتی کوردی ئەگۆڕن بە شێوەی عیبارەتی عەرەبی بۆ نموونە ئەڵێن (هەڵساین بە ئاهەنگی) ئەم عیبارەتە کوردی نی‌یە ، کورد ئەڵێت : ئاهەنگی‌کمان گێڕا ، یان ئاهەنگێکمان کرد ، نموونەیەکی تر ئەڵێن ! (پرسیارێکم ئاراستەکرد) ئەم عیبارەتەش کوردی نی‌یە ، کورد ئەڵێت : پرسیارێکم لێ‌پرسی ، یان پرسیارێکم لێ‌کرد .. هەروەها گەلێکی‌تر ، ئەمەش زیانی هەیە بۆ زمانی کوردی ، بۆیە ئەبێت خوێندەوارانی دڵسۆز ئاگاداربن لەم ڕووەوە .

ڕاست کردنەوەی هەڵەیەك

نووسینی : کەریم شارەزا

کوردە بخوێنە سەدەی بیستەمە
دنیا ڕووناکە ، کوردستان تەمە

بەشی لەناوبردنی نەخوێندەواری لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر ئەم شیعرەی سەرەوەی کردووە بەدروشمی لەناوبردنی نەخوێندەواری لە کوردستاناو بەهی (بێ‌کەس)ی تێ‌دەگەن .

وە لە ژمارە (١)ی ساڵی (٣)ی گوڤاری هەولێر کە شارەوانی دەری ئەکات لەداوێنی لاپەڕەی (٤٧)ی‌دا هەمان شیعر بەم جۆرەی خوارەوە نووسراوەو ناوی (بێ‌کەس)ی لەژێرەوە تۆمار کراوە !

کوردە بخوێنە سەدەی بیستەمە
ئاسۆ ڕووناکە ، کوردستان تەمە

وە لەیادی یەکەمی روژی پانزەی ئاداری مێژوویی لە شوێنێکی دیاری شاری بەغدا هەمان تاکە شیعر کرابوو بە دروشمێکی پان‌و درێژ بەڵام ئەمجارە ناوی (هەژار)ی لەژێرەوە نووسرابوو !

بەڵام ئەوەی ڕاستی‌بێ ئەوەیە کە ئەم شیعرە تاکی کۆتایی هەڵبەستێکی (دڵزار)ەو لەپایزی ساڵی ١٩٤٦ دا لەسەر داوای مامۆستایێکی قوتابخانەی سەرەتایی کۆیە دایناوەو کراوە بەسروودو تا ئێستاش بەئاوازێکی خۆش لە قوتابخانەکانی کۆیەدا ئەگوترێ و سەرەتای هەڵبەستەکەش بەم جۆرەیە .

هێزی یەکێتی ، چرای زانستی
کورد ڕزگار ئەکا لەژێنی پەستی
خوێندنە خوێنی دڵی میللەتان
زانینە دەوای دەردو عیللەتان
میللەتی نەزان سووك و ڕیسوایە
گەنجی بۆ خەڵکەو ڕەنجی بەبایە

وە لەکۆتایی هەڵبەستەکەدا دەڵێ :

ئیتر بخوێنە چەرخی بیستەمە ،
دنیا ڕووناکەو کوردستان تەمە

ئەوەی شیاوی باسە ئەوەیە کە دەقی ئەم هەڵبەستە بەتەواوی‌و بەراستی لە لاپەڕەی (١٥)ی (خوێندنەوەی کوردی) بۆ پۆلی پێنجەمی سەرەتایی ، چاپی‌یەکەم‌و دووەمی نووسراوە و لەژێرەوەش ناوی (دڵزار) چەسپ کراوە .

لێرەدا تاکە شیعری دوایی گۆڕین‌و داخوراندنی بەسەردا هاتووەو ووشەی (ئیتر) کراوە بە (کوردە) و ووشەی (چەرخ) کراوە بە (سەدە)و ووشەی (دنیا)ش کراوە بە (ئاسۆ) . بە هاتنەناوی (سەدە) کەمێك لە سەرەتای هەڵبەستێکی (بێ‌کەس) کەدەلێ :-

سەدەی بیستەمە کوردە غیرەتێ
لەخەو ڕاپەڕە هەوڵێ ، هیممەتێ
بەسیە نەزانی ، عیلم‌و صەنعەتێ !

نزیك بوتەوە ، هەر بۆیەشە کە یەکێك لەدەستەی نووسەرانی گۆڤاری هەولێروای بۆ چووە کەبڵێ تاکە شیعرەکەهی (بێ‌کەس)ە ، وەدوای بلاوبوونەوەی ئەو ژمارەیە ڕوونکردنەوەیێکم بۆ نووسین کە لەژمارەی داهاتووی‌دا بلاوبکرێتەوە کەچی‌داخی گرانم ئەو گۆڤارەی کە ڕشایێکی فراوانی لە ڕوژنامەگەریەتی کوردی‌دا پڕکردبووە وا پتر لە حەوت مانگە گیری خواردۆتەوەو ڕاگیراوەو چاوەڕوانین کە لەپاشە ڕوژێکی نزیکا گەشتر سەر لەکەڵ دەربێنێتەوە و وولات ڕۆشن بکاتەوە .

ئەم هەڵەیە نەك هەر لەسەر ڕووی دروشم‌و پەڕی گوڤارەکاندا سەری هەڵداوە بەلکوو خۆشی گەیاندووتە ناو قوتابخانەکانی ناوەندی‌و کراوە بە پرسیاری تاقی‌کردنەوەی مانگەکان‌و نیوەی ساڵی قوتابیان ، بونموونە لە قوتابخانەیێکی ناوەندی پارێزگای هەولێر ماموستایێك لە تاقی‌کردنەوەی زمان‌و ئەدەبی کوردی هەمان هەڵبەستی بەناوی (فایق بێ‌کەس) هێناوەتەوە بۆ ئەوە قوتابیان پەڕێك لەسەر ناوەرۆکەی بنووسن بەناوی دارشتن ، خوێنەری بەڕێز کەدیم ئەو هەڵەیە هەر لەپەرەسەندن‌و دووپات و سێ پات بوونەوەدایە وام بە پەسەند زانی کە لەڕۆژنامەی هاوکاری خۆشەویست ئەم هەڵەیە ڕاست‌بکەمەوە .

●

شاری کۆیە

« عاصی کۆیی »

عاصمەی سلطانی زەوقە شاری کۆیە هەم‌نشین
بۆ علوم‌و عقل‌و عرفان بۆتە یەکەم شانشین
حمدو شوکری پێ‌دەوێتن لازمە غافل نەبین
شوکری لوطفی خوابکەین‌و قەت لە ئەمری دەر نەچین
ئەم مقامەی دا بە ئێمە گوڵشە نەبۆ عیلم‌و دین
ئاوی وەك ئاوی حەیاتە وەك بەهەشتە بۆ حەیات
هەروەکو شاران زەمانە خزمەتێکی گەر بکات
تاجی فخرە شاری کۆیە بۆ جنوب‌و ڕۆژهەڵات
باغ‌و میوەی شبهی جنەت گیایەکانی بۆن ئەدات
نێرگزو لالەو وەنەوشە صف‌بەصف هەم چین‌بەچین
زۆر مەراقمە تاکو ماوم سەیری اوروپا بکەم
تا لە خۆشی وەصفی شاران دیقەتێکی چا بکەم
ئایا وەك کۆیە دەبینم تا ئەویش ئەفشا بکەم
گەر بەچاوی خۆم نەبینم زەحمەتە بڕوا بکەم
وەصفی جغرافی دەلیلە شاری کۆیە یەکەمین
هەرفنونێ لێی دەپرسی اهلی ئەولێ بونەوە
یەك بەیەك لەو شومی جەهلە خاص‌و عام جوێ بوبەوە
وەك قدیم گوڵزاری عیلمی زۆر گوڵی گرتونەوە
هەروەکو غلمان‌و حۆری نەوجەوان کۆبونەوە
وا لەناو باغاتی عرفان بۆ علوم‌و گوڵ چنین
حمدلله اهلی کۆیە بونە یەکەم بەهرەوەر
لائقی هەرنەوعە مەدحن شارو چیاو دەشت‌و دەر
اهلی فضل‌و اهلی غیرەت حق پەرست‌و باخەبەر
شێری مەستن بۆ شجاعەت‌چاو نەترس‌و پڕ هونەر
مزرعەی اوصافی زەوقیان لایەقە بۆ خۆشە چین
گەر نهایەت وەصفی خواهی زەحمەتە قەت ناکرێ
چونکە مەدحی شارو اهلی قەت بە هیچ کەس ناکرێ
اهلی دیقەت بێتە کۆیە فکری خۆی باراگرێ
تا بە چەرخی حەسرەت‌و غەم جەرگ‌و ڕیشەی بادرێ
چونکە جێگای وای نەدیوە قەت لە اقطاری زەمین
گەر جبل لبنان ببینم بێ‌شك ئەیاغی دەکەم
هەر بەسەرچاوەی حماموك سەد هەزار داغی دەکەم
صبح‌و شام بۆ کەیف‌و شادی سەیری ناو باغی دەکەم
زۆر بە مەدحی لێوەشاوە بەرزو پەرلاغی دەکەم
لایەقە بۆ شاری کۆیە پێی بلێین خولدی بەرین
من کە کۆیەم سەیری من کەن قصرو باغ‌و مەنزەرەم
سەیری کەن لەم لالەزارو ئەو هەوا روح پەروەرەم
بێت‌و لوبنان من ببینێ بێ‌شکە دەگرێ وەرەم
من بۆ غازەی زەوق‌و شادیم ئەو دەبێتە دێوەرەم
بابەتی زەوقی دەوێتن تاکو بفرۆشێ لە چین
فەسلی زستان کۆچی کردوخێوەتی هەڵدا بەهار
منظرەی اشادی‌و سرورە دەشت‌و چیاو دیمەکار
وەك بەهەشت رازانەوە هەر چوار طرفمان لالەزار
« عاصیا » بێرە تەماشاو نوکی خامەت بێنەکار
هەر لە سەدیەك وەصفی دەرخە بێ‌وەفا با دەرتەچین

بەرمایێ :

دیروکا کوردی ...

و ئێك دستاند ، وێ کاڤێ‌یێ رازی بوو خودێ رووحا وی بکێشت .

دێ جی بێژتە پیرێ ؟ کانێ سۆز و قەرارێد دایین ؟

دبێژن شیخادی پیرا گەهشت و ئەڤە لنك عەیان بوو ، جا دێ بچی تەرزی پیرێ رازی کەن . شیخادی گۆت : ئەزدێ تشتەکی ژێرا بێژم هەتا هەتایێ ناڤێ وی ندیایێ هەبت هەکە ئەڤە راست گو شیخادی ئەڤ دیرۆکە بۆرا گۆتبت ، دیارە دگەرێشە بەری (٨٠٠) سالا ، ئانکو دیرۆك گەلەکە کەفنە دئەدەبێ کوردیدا .

ئەڤ دیرۆکە ژ « سەد ، جۆتکی » پێك تێت ، بەلێ بدروستی ئەز نە گەهشتیمە واتەیا « جۆتکی » . ئایە « جۆتك » واتەیا بەیتا تەمام ددەت ، واتە دوو نیوە دێر ، یان تشتەکی دن ، داخوازیا هەر کەسەکی دکەم هەکە بدروستی رامانا جوتکا دزانت ژ مەرا شرۆڤە کەت .

ئەڤنە چەند جۆتکەکن ژ دیرۆکا لاڤژێ پیرێ ، بدروستی لێك دانا وان نزانین چاوا جا هەر وەکی شیعرێ حر دێ نڤیسین :

ئەی لاڤژێ پیرانۆ
ڕێفنگێ(١) ڕێیانۆ
تە خۆشی بۆ خۆ برن
تالی و تەنگی ژ دەیکا پیرا
هێلانۆ
سەفەر کێشید مە چۆتە
سەفەرێ
قەت و قەت قەنەگەریانۆ
ئەی لاڤژێ پیرانۆ
چەندێ دلێ من بەحرا
باتێ
خێر و خۆشی کەفتنە لالشا
نورانی
بەلەکێد بەفرێ کەفتنە سەر
چیاێد سپیانێ خەلاتێ
ئەز تەرکا لاڤژێ پیرێ
میرزایێ میرزا دانانیم
هەتا نەکێ ، گیانێ من
گۆڕی
مەهدی شەرفەدین ، رانەبنە
سەر رووێ کنیاتێ
هەی لاڤژێ پیرانۆ
چەندی من تەبیبە
ئەمێ کاغەزەکێ بنڤیسین
قرێ کەینە زۆزانێد
ژۆری
جەم شێخان و پیرا
لگەل قەوالان نەقیبا
هەکە هوون پرسیارا تربا
لاڤژێ پیرێ ژ مە دکەن
وێ ل زۆزانێد ژۆری لسەر
گرێ تخووبا

دیارە ئەڤ رووداوە یا لجزیرا بۆتا قەومی ، چونکە گرێ تخووبا دکەفتە وێدەرێ ، جا هەر ئەدەبەکی ئەم لێ بکۆلین گەلەك تشتێد نەپەنی ژ مەرا خۆیا دبن ، چ ژ ئالیێ مێژوویی بت ، یان ژ لایێ ڕێزمانێ و پەیڤێن کوردیێد پەتی بت .

وەکی مە گۆتی ئەڤ دیرۆکە سەد جۆتکە ، هەکە من کاری هەمووکێ دێ دەست ئێخم و دانیمە بەر چاڤێد خوندەڤانا . و داوایێ ژ خوندەڤانێد بەرکەفتی دکەم بنجەبتن بدوڤ ئەدەبێ خۆ ، دا بگەهینە ڕێزا ئەدەبێد خەلکێ چونکە ئەدەب سەنگەرەکێ(٢) ژ بو ناسینا هەر ملەتەکێ

(١) ڕێفنگ : ڕێبارێ‌مسافر
(٢) سەنگەر : مقیاس‌ـوەزن

خولیای خۆپەرستی لەمێشکیا کنەی ئەکرد .. ڕاستیی لای ئەو لەوچەکرابوو .. بازرگانی بە بیرو باوەڕەوە ئەکرد . با لە کوێوە بهاتایە لەوێ ڕەشەنی ئەکرد .. خۆی پێ گەیاندن لە هەستیا تەون گەری کرابوو . خەوی پێوە ئەدی‌و ئەی‌ووت

- ڕۆژەکەی باشە .. ئەتوانم خۆم پێ‌بگەیەنم .. ئەمەش شێوازو زمانی پاراوی ئەوێ .. ئەمجارەش کاك خەسرەو بانگ بکەمەوە .. بەهاوڕێکانیش بناسەم .. کاربەدەستن .. خۆیێگەیانن بەکەللەرەقی چنگ ناکەوێ ..

تێکۆشانیش بێبەرە .. پشنی‌ی پێ نابەسترێ .. ئەبوایە ئێستە (جەوهەر) سەری لە هەور توونە ببوایە .. تاوانباریشمە .. !! مارەنگەزی ئەم ڕێگەیە زۆرن .. ئەبێ دانەیان لێوەرگرم ..

- کاك خەسرەو .. لەگەڵ (.....) لە ماڵی ئێمەن ..
- دوێنێ لەوێ بووم ..
- ماڵی خۆتە ..
- ......
- ......

ئەمجار گرتی .. لە کاتی پێکهەڵدانا باسی کارگەکەیشر ئەکەم ..

- فەرموون .. بۆ سەرەوە .
- داندوویش بوون ..
- پێویستی بەوە نەئەکرد .!
- سەریشم لە ..
- ......
- ......
- چێریو ..
- ئازاد .. ئیش .. کار ؟
- سوپاس .. هەر .. هەر .
- هەر چی ..؟
- ئاخر ..
- بڵێ ..
- کارگەی (....) بەڕێوەبەری نی‌یە ..
زوو .. بۆ دەنگت نەئەکرد ..
- لە تۆ لەپێشترمان هەیە .
- بۆ تۆ بە فیرۆ ناچێت ..
- زۆر پیرۆزە ..

*

رزگارم‌بوو .. جارێ ئەمە بەرکولێکە .. هەر ڕۆژنامەیەك ئەبوایە سەری کرمە بری زەوی بدایە .. سووریش ئەیزانی .. باوو

سەرنجێك

هەندێ جار زەخنەمان لە لایەن خوێنەرانی بەڕێزەو بۆدێت بەبێ ئەوەی ناوی ئاشکرای خۆیان بنووسن‌و داوای بلاوکردنەوەشی ئەکەن کەبەلای ئێمەوە هەقی بلاو کردنەوەی نیە چونکە ئەو کەسەی هەق بەخۆی بدات ناوی خەڵك بهێنێ ئەبێ خۆیشی ئامادە بێت ناوی ئاشکرای خۆی بنووسێت .

- هاوکاری

*

خۆرەی مێوڤ

- سەلام مەنمی -

باپیری رك‌کراوی(١) ئەوبوون .. لەناو گۆمی خوماوی ئەوا ژیابوون .. گوێی لە ووتە سوودراوەکانی ئەگرت‌و ملی بۆ کەچ ئەکرد ...

- ئازاد .. ئەمانە دووای کڵاوی بابردو کەوتوون ..
- قوربان کەروێشك بەگا ئەگرن ..
- تۆ بڵێی .. ئاو لە دنگیشا ئەکوتن ..

هەتابوو ڕۆژگار شیری باشتر بۆ دائەداو لەناو سێبەری دوو ڕوویی‌یا باشتر گەشەی ئەکرد .. چمکی دادگای کەوتە دەست .. دادگەری ئەوانەی برکرد کە بەرزەوای ڕاستیی بەرستن بوون .. ئەیزانی بە ئەمەبە کەسانی .. دەست پاکو دانی ئەوان ڕۆژگار ، دەست هەڵبەستە ..

ئەی‌خاتە ناو ڕێژەوی فەرەوە :

- تاوانبارن ..

بەڵام .. ئەوان وەك « داهۆڵێك »(٢) تەماشایان ئەکردو وتیان :

- تاوانبار ئەوەیە لەناو دێڕی کرنووشا چەسپ بووە .
- دەمێکە بە دواتانا وێڵم ..
- بۆ ئەوەی کورسی‌یەکت بگوێزیتەوە .. شاخ .. زەوی .. ڕۆژ .. خۆتان .. شایەتمانن .. پاکانەمان بۆ ئەکەن ..
- لەگەڵ‌فیسارا نەبوون ..؟
- منیش بینیمن ..
- شتێکی ڕوونە ..
- جیهان ئاگادارە ..
- جیهانی ئێوەمانان ..

- ئەو کاتەی زەوی ڕۆچوو .. هیوادزرا .. هەتاو سووربوو ..

خەڵك لەناو گۆڕیچەی بێویژدانیا کرکەوتبوو .. لاووکو هۆرەی بۆ گۆڕستان ئەووت ..

- ئەڵێم ئێوە تاوانبارن ..
- ڕۆژگار ئیسباتی ئەکات .
- ئێوە کۆسپن ..
- لە ڕێگەی ئێوەدا ..
- دادگا بڕیاری خنکاندنی داوون ..
- ئێمە نامرین .. شوناسنامەمان پێیە .. ئەو پەتەی ئەنرێتە ملی ئێمە .. یاساوونە .. شایەتە .. ئاشمان لە گەرناکەوێ ..

(١) رك‌کراوە : بەستراوەتەوە
(٢) داهۆڵ : دارێکە جلێك ئەدرێ بەسەریاو لەسەر - خەرمان - یان کشتوکاڵ ئەچەقێنرێ .. هەتا بیان پارێزێ لە مالیات و باڵندە ..

١٩٧٢

*

institutkurde paris

پاشماوەی : چەند بیروڕایەک دەربارەی ••

گۆڕانەی سەرجەم بیرو جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی گرتۆتەوە ، هەروەها لە وڵاتانی دنیای سێهەمدا ئەم ڕێبازە ئەدەبیە بەتەواوی بنجی داکوتاوە زاڵبووە بەسەر گشت ڕێبازێکی ئەدەبیو هونەری بورژوایانەدا •

ریالیزمی سۆشیالیستی دژی ئەو تازەکردنەوەیە ، کە ئەو ناوە بە درۆ لە خۆی ئەنێ • لە پێناوی تازەکردنەوەدا دژی بیروڕای کۆسمۆپۆلیتی یانەیەکە نکول لەسیمای ئەدەبی نەتەوەیی ئەکات ، ریالیزمی سۆشیالیستی بڕوای بەئەنتەر ناسیونالیزم هەیە لە ئەدەبو هونەردا ، چونکە هەموو کارێکی ئەدەبیو هونەری کە ناوەرۆکی سۆشیالیستانە بێت ڕووالەتی نەتەوەییو ڕەسەنی بەئاشکرا پێوەدیارو دەرکەوتووە •

مەسەلەی نەوەی نوێ:

لەم ساڵانەی دواییدا ، بەتایبەتی لە ڕۆژئاوادا قسە لەسەر ناکۆکی نێوان نەوەکانە پاشدروستبوونو بەرپاکردنی ئەو جوولانەوەو یاخیبوونە کوێرانەیەی هەندێك لە لاوانی سەرلێشێواو پێی هەڵسانو ئەوبایەخەی پێیدرا لەلایەن بورژواکانەوە ، کەوتنە لێکدانەوەو شیکردنەوەو هاندانی ئەو جولانەوەیە بەجۆرێکی ئەوتۆ ناوی شۆڕشی لاوانیان پێ بەخشی ، هەر ئەم چینە هەزارو یەك بۆیەی جۆر بەجۆری لەخۆیدا بۆ سەرکوێرکردنی جەماوەری زەحمەتکێش ••• تاحاڵ گەیشتە ئەوەی بڕێك لە نووسەرو هونەرمەندی وڵاتە سۆشیالیستەکان کەوتنەداوی لێکدانەوەی ئایدیالیستانەو دابەشکردنو جیاکردنەوەی نووسەرانو هونەرمەندان بەپێی تەمەن ، کەوتنە دوان لە بابەت ناکۆکی نێوان نەوەکانو پڕۆگاندەکردن دژی نووسەرە سۆشیالیستی یە مولتەزمەکان بەناوی ووشك بوونەوەو پەككەوتوویەوە ، بۆ هیچ نا تەنیا بۆ بڵاوکردنەوەی بیروڕای تەحریفیو پشتگیری کردنی ئایدولوژیەتی بۆرژوایانە •••

لەڕۆژئاوادا ، هەمان ڕێگەیان گرتو نووسەرانیان دابەشکرد داوا لە نووسەرو هونەرمەندە لاوەکان کرا نکولو سەرپێچی لە ریالیزمی سۆشیالیستی بکەن •

بەرهەمەکانی - نەوەی نوێ ! - لە ئیلتزام نەکردنو ئاژاوەنانەوەو غموزو وڕاتی یەت و بێووره‌ییو هەڵاتن دا خۆی نواند ••• کەوتنە تەقەللادان بۆ پێکهێنانی شێوەی تازە پێبەپێی ئەو گۆڕانەی بەسەر جلو بەرگدا دێتو دەڕوا •

وورد بوونەوەیەك لەمەسەلەکە ئەو ڕاستی یەمان بۆ دەرئەخات کەهیچ پەیوەندی یەکی بەتەمەنو نەوەی نوێوە نی یە ، بەڵکو بەتێکڕایی بەستراوە بەباری ئایدولوژی یەوە • زۆر ئەبینین لەو نووسەرە پیرو ووشك بوانەی کە - ئەو ناوەیان لێنراوە - لە پێشکەش کردندا بەرهەمەکانیان تەوژمو جموجۆڵی تازەبوونەوەی زۆرتر تیا ئەگەڕێو لە دەربڕیندا زۆر بەتواناترن لەتازە پێگەیشتووەکان •• ئەوانەی بەزۆر ئەو ناوە بەخۆیان ڕەوا ئەبینن ••

لەلای خۆمان ، مەسەلەکە تا ڕادەیەك جیاوازترە ، بەجۆرێکی ئەوتۆ بیست ساڵی دوایی لە تەمەنی ئەدەبدا بەش ئەکرێت وەکو ئەدەبی پەنجاکانو شەستەکان ، جا نازانم قسە هاتۆتە سەر ئەدەبی حەفتاکان یا نە ؟؟!

بەلای منەوە ئەم دابەش کردنو جیاکردنەوەیە ، جگە لەوەی ڕایەکی ناعیلمی یە زۆر لە ڕاستیشەوە دوورە ، چونکە بەتەنها دەساڵ بەس نی یە بۆ گەڵاڵە بوونو دەرکەوتنو بنج داکوتانی ڕێبازێکی ئەدەبیو لەوانەیە دەیان ساڵی بوێت تاوەکو پێ ئەگاتو خۆی ئەچەسپێنێ ، چ جای دەساڵ کە ماوەی زۆر کەمەو نابێتە حەددێك بۆ ئەو ڕێبازە • جا ئەگەر جیاوازی هەبێتو بەدی بکرێت لەشێوەو ناوەرۆکی بەرهەمی ساڵەکانی پەنجاو ساڵەکانی شەستا ، ئەوە ئەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ئایدولوژی بۆ نموونە ، ڕێبازی گشتی بەرهەمی ساڵەکانی پەنجا ، پێشکەوتوو ، شۆڕشگێر ، مولتەزم بوو بەمەسەلە ئەساسی یەکانی گەلەوە •

لە شەستەکاندا نووسەرانی ساڵی پەنجا بەردەوام بوون لە بەرهەمهێناندا ، لەگەڵ ئەوەشدا ، هەندێ ڕێبازی تازە خۆی نواند کە شێوەو ناوەرۆكیان لەژێرباری شێوازیو بەڕەڵاییو نائومیدیو هەڵاتندا ئەیان ناڵان •

لەئەنجامی ئەو کارەساتو ئاڵۆگۆڕەی بەسەر باری سیاسی وڵاتدا هات هەندێکی تر کەوتنە ڕاکردن بەشوێن هەر شتێکا کە ناوی تازەی پێوەبوو! لەوانە ئەو تازە کردنەوە ساختەیەی کە باڵی کێشا بەسەر ئەدەبی ڕۆژئاوای سەرمایەداریدا ، بەرهەمی ئەم دەستەیەش سیمای نادیاری ڕەشبینیو گرنگیدان بە ئارەزوو خواستیو ڕوانینی زاتیو تاکڕەوی هەڵاتن لە مەسەلەکانی جەماهیری بەخۆیەوەلکان •• ئەو نوێخوازیو تازەکردنەوەیەی لە شەستەکانا ئەبینران بەرهەمی ئەوانە نەبوو بەتەنها کە لەو ساڵانەدا دەستیان دایە نووسین •• نەخێر ، بەڵکو زۆربەی ئەو نووسەرانە بوون کە لە پەنجاکانا دەوریان هەبوو بەڵام لەگەڵ یەك جیاوازیدا ، ئەویش ئەو گۆڕانە بوو کە سەرجەم شێوەو ناوەرۆکی بەرهەمەکانیانی گرتبووەوە •

کەواتە ، تازەکردنەوە نەك هەر شتێکی سروشتی یە ، بگرە زۆر پێویستیشە ، بەڵام مەرجی سەرەکی یە بەر لەشێوەو ناوەرۆك بگرێتەوە ، ناوەرۆکێکی نوێی پێشکەوتووی دەوڵەمەند ، کە ئاوێنەی بێگەردی ئەو هێرانە بێت لە خەباتێکی بێووچانداو شۆڕشگێرترین چینی کۆمەڵدا لەپێناوی سەربەستی مرۆڤدا خۆش گوزەرانیدا ئەجەنگن • ئەرکی هەرەگەورە لە سەرشانی نووسەرو هونەرمەندان ئەوەیە تەقەللای بێووچان بدەن لە پێناوی ئەو جۆرە تازە کردنەوەیەدا •

(١) ئەم باسە لە گۆڤاری « الادیب المعاصر »ی یەکێتی نووسەرانی عیراقدا ژمارە -٣- بەپێنووسی « ابراهیم الیتیم » لەژێر ناونیشانی « أفکار عن التجدید » نووسرابوو •

(٢) هەندێك لەو قوتابخانەو ڕێبازانە ناوەکانیان وەك خۆی هێشتمەوە بەتایبەتی بۆ ئەوەی نەبێتە دەستکاری کردنێك کە جیاوازی پەیدا بکاتو سەر لە خوێنەری خۆشەویست بشێوێنێ •

پاشماوەی : بەیاننامەی کۆماری ••

هاوبەشو لەپێناوی سەربەخۆییو ئازادی یاندا • بەیاننامەکە لەکۆتاییدا داوای کردوە کە هەرسێ گەل کۆنگرەیەکی بەرز ببەستنو سووربن لە تێکۆشانی ناوکۆیی یا دژی دەستدرێژی یەکانی ئیمپریالیزمو بۆ دیفاع کردن لەمافی نەتەوایەتی گەلانی هندی چین‌وە ناوچەکە ببێ بە ناوچەیەکی سەربەخۆ •

پاشماوەی : شۆڕشگێڕێکی کوردکە ناوی ••

لە قسەکانی ویگرامدا دیارە کاتێك کە باسی سمکۆ ئەکات لە ڕەووشتی پیاوێکی ئاینیەوە دوورە بەتایبەتی لەسەرەتای لاپەڕە (٣٣٨٠)دا وە دەربارەی مەسەلەیەك کە پەیوەندی بە ناوەرۆکی مەسەلەکەوە یاخود ئەو هۆیەوە نیە کە لەپێناویا ویگرام ڕقو کینەی خۆی بەسمکۆ ئەڕێژێ •

بەلای منەوە هۆی قینبونەوەی ویگرام لە سمکو لە کتێبەکەیا ئاشکرایە ئەویش ئەوەیە کە سمکۆ مارشیمونی بطریرکی ئاسوریەکانی کوشت وەلە هەمان کاتدا لەو باوەڕەدام کە هیچ ڕۆژێك مێژۆ لەم کردارەی سمکۆ نابوورێ کە مارشیمونی کوشت ، لەگەڵ ئەمەشدا چەند لایەنێکی پرشنگدار لە کەسایەتی سمکۆو خەباتو ڕاپەڕینو شەهیدبونی خۆیو برایەکەی بەدەستی جەللادەکۆنەپەرستەکان ئەبنیرێ جارێکی تر ئەیڵێمەوە کە کردارەکەی سمکۆ بەکوشتنی مارشیمون کە سەرچاوەکان هەریەکە بە جۆرێك باسی ئەکاتو لێکی ئەدەنەوە ئەوە ناگەیێنێ کە سمکۆ بەگژ کۆنەپەرستانی ئێرانو شۆڤێنیستی تورکیاو ئیمپریالیزمی بەریتانیادا نەچووبێت ••

ئەوی ڕاست بێت من لەگەڵ ویگراما نیم کە سمکۆ بەدەسیسەی حکومەتی ئێران مارشیمونی کوشتبێ ، چونکە هەر ویگرام خۆی کەباسی سمکۆ ئەکات بەو جۆرە ئەنوسێ :-

(زۆر قینی لە ئێرانیەکان ئەبووەوە ، (واتە سمکۆ) چونکە جەعفەر ئاغای براگەورەی کە لە پێش ئەودا سەرەك عەشیرەت بووە بەدەسیسەی شای ئێران نامەردانە لەتەوریز کوژرا) •

وەکو ئاشکرایە سمکۆ بە فەرمانی دەوڵەتی ئێران کوژراوە کەوابو چۆن ئەتوانین ڕقبوونەوەی سمکۆ لە دەوڵەتی ئێرانو ڕازی بونی بەوەی کە بە قسەی ئێران پیاوێکی سیاسیو ئاینی بکوژێ و لەدواییشدا خۆی بە دەستی ئێران بکوژرێ لێك بدەینەوە !؟

خۆ ئەگەر دەوڵەتی ئێرانیش دانی بەوەدا نابێ کە سمکۆ سەرۆکی کوردەکانی ئێرانە ، سمکۆ باشی ئەزانی کە دەوڵەت چی لەدڵدایە بەرامبەری •

(ولیم ئیگلتۆن) لە کتێبەکەیا (کۆماری مەهاباد) بەم جۆرە باسی سمکۆو کوشتنی مارشیمون ئەکات :

(چەند پڕوپاگەندەیەك باوە کە گوایە بە بەرتیلی تورکیا سمکۆ مارشیمونی کوشتوە •• ئێرەدا خوێنەر خۆی ئەتوانێت بەراوردیی بکات لە نێوان قسەکانی ویگرام کە ئەڵێت :- سمکۆ بەدەسیسەی دەوڵەتی ئێران مارشیمونی کوشتووە لەگەڵ قسەکەی ئیگلتۆن کە ئەڵی :- سمکۆ بە بەرتیلی حکومەتی تورکیا مارشیمونی کوشتوە ••!

بەڵام خوالیخۆشبو (عبدالمنعم فلاحی) مێژونوسی عیراقی لە کتێبەکەیا (ثورتنا فی الشمال) کوشتنی مارشیمون بەمشێوەیە ئەگێڕێتەوە : سمکۆ لەگەڵ مارشیمون دانیشتبوو ، وە لەمەوبەر لەدێی (کۆنە شەهر) چاویان بە یەکتری کەوتبوو بۆ ڕیکەوتنی نیوان کوردو ئاسوری یەکان •• لەو کاتەدا چەند ئافرەتێکی کورد دێنە ژورەوە سەرزنشتی سمکۆ ئەکەن کە لەگەڵ مارشیمون دانیشتووە ، وەبۆی ئەگێڕنەوە کە ئاسوریەکان لەشەڕی یەکەمی دنیادا چ‌ساردو سوکیەکیان بەسەر کورد هێناوە ، لێرەدا سمکۆ تورە ئەبێو سوور ئەبێتەوە دەس ئەداتە دەمانچەکەیو مارشیمون ئەکوژێ ••

بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم بەتەواوەتی بڕوام بە ڕایەکەی مامۆستا عبدالمنعم الفلاحی نیە چونکە ئەو ساڵی ١٩٢٦ بەساڵی کوژرانی سمکۆ دائەنێ ، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە سمکۆ **لە حوزەیرانی ١٩٣٠ دا** بەدەسیسەی دەوڵەتی ئێران کوژراوە •

دوبارە ئەمەوێ ڕای دکتور (عبدالرحمن قاسملو) لە کتێبەکەیا (کردستان والاکراد) بخەمە پێش چاو کە ئەڵێ :-

(ئینگلیزەکان سمکویان هاندا کە بەگژ ئاسوریەکانا بچێو مارشیمونی سەرکردەیان بکوژێ) •

کەواتە ڕاستی لە کوێدایە ؟ یەکێکیان ئێرانو ئەوی تریان تورکیاو یەکێکی تر ئافرەتە کوردەکان وە نوسەرێکی کوردیش ئینگلیز ئەکەنە هۆی ئەوە کە سمکو مارشیمونی کوشتووە ••

وە لە بەشێکی تری ئەم لێکۆلینەوەیەماندا ئەوە ئەسەلمێنین کە سمکۆ ساتو سەوای لەگەڵ ئینگلیز نەکردووەو بەڵکو بێوچان چوە بەگژیا •

ماویەتی

بەرمایێ : ڕێکانە هێلانا

ئەو دەستەکە بمینیتە لسەر حوکمی • مللەت دێ گەلەك زەحمەتێ بەت حەتا وێ دەستەکێ ڕادکەت (بەلێ دێ هەر ڕاکەت) ژ سەر بارێ خو ، دێ گەلەك شەهیدا دەت حەتا خو ژ بن دەستێ ئیستعمارێ دئینیتە دەرێ ، هەر وەچکو مە دیتی و ئەم دبینین • مللەتێ (صربی) کولانا سوشیەلیستیێ بخو گرت ••• ڕزگاربو ژ گەلەك ئازاریا و زەحمەتێ و شیا مللەتێ خو بپارێزیت ژ کوشتن و خەندقاندنێ ، بوێ ڕێکا وی مللەتی گراتی شیا دیماهیکەکێ دانیت بو شەرێ نەتەوایەتیێ •• شەڕێ مللەتێ (صربی) دگەل مللەتێ (ئەلمان) • زەحمەتا وان گێم تر ئێهات ، قوناغەکا بەرفرهە بری بجارەکێ ، ئەوێت سەرکێشا وی مللەتی کری دا فێرا بگەهینن هندەك ژێ یێت ماین ، و مللەتێ وان بچاڤەکێ خوشتڤی بەرێخود دەتە وان و حەتا نوکە یێ سەرگێڕا مللەتێ خو دکەن ئەوان جهەکێ بەرز یێ هەی د دلێ مللەتێ (صربی) دا ، نەوەکو یێ هاری فاشیستا دکر لسەر مللەتێ خو بناڤێ نەتەوایەتیێ ژ بیرو باوەریێت مارکسیزمێ یە کو ئەو مللەتێ تەعدایێ لمللەتەکێ دی دکەت ئاهێتە هەژمارێ لڕێزا مللەتێدا سەربەست • چنکی چینا کریکار و ڕەنجبەر و زەحمەتکێشا ئەو دشێت ئێکەتیا نەتەوایەتیێ بنەجەه بکەت بێی هەڤرکی و جوداکرن و بن دەستینی •

ژگوڤارا (المجلە)
وەرگرتی یە

پاشماوەی : چەند یادداشتێك ••

هەردوکمان چاکەتمان بەسەردا درابو ، ئەمناسی کورەکەیان بردە ژوری و دەنگی بازجۆیەکی نێرەزەلام بەرز بۆوە کە بەکورەکەی دەگوت پانتۆڵەکەی دانێ ، پاش چەند دەقیقە شەقەی شیلاق و هاواری کورەکە تێکەڵ بو • ئەو وەحشیگەریە سەعات و نیوێك درێژەی هەبوو ، لەوماوەیە..! دوجار کورەکە بێهۆش بو ، ئاویان پێداکرد و وەهۆش خۆیان هێنایەوە و دەستیان بەلێدان کردەوە • لەتەواوی ئەو ماوەیەدا بازجۆیەکە بە ڕقهەستاوی دەیەویست لەبارەی مەسەلەیەکەوە قسە بکا و کورەکەش لەئەول تا ئاخر هەر دەیگوت « من ئاگام لێ نیە » •

بازجو هاواری دەکرد کە « بێشەرەفی •• ! فلانکەس و فلان کاربەدەست بەئاشکرا مەسەلەکەیان بۆ ناردوین و فلان دایك •• دوسەجار هاتۆتە ئێرە و سەد لاپەڕە کاغەزی ڕەش کردۆتەوە ، ئێستاش تۆی •• هێشتا دەڵێی ئاگام لێ نیە » ••

پاشان لەنەکاو هاواری کورەکە زیاتر بەرز بۆوە ، بازجۆیەکە دەیگوت و دەی ئەڕاند : یاڵلا بڵێ ، ئەگینا تیزابت بەوقاچوقۆڵنە بریندارەدا دەکەم و ناکەیت تێ بەردەدەم ، یاڵلا بڵێ ، ماندو بوم • دیسان کورەکە بەناڵەوە دەیگوت : سەدجار گوتم ئاگام لێ نیە ، بۆ باوەڕ ناکەی ؟ •• لە قەرەوێڵەکەیان کردبۆوە ، گوتیان بڕۆ ، نەیتوانی بڕوا • بانیگی دوسەرباز کرد ، گونیەی فڕێی دەنە سەرێ ••

کورەکە بەکۆمەکۆمە دەستی بەئەژنۆیەوە گرتبو ، هەناسەی سوار بو ، و لەکاتێکدا چاکەتەکەیان بەسەردا دابۆوە ، هاتە دەرەوە بازجۆیەکە بن پیلی گرتبو ، دەیگوت تینوت نیە ؟ جگارەت ناوێ ؟ وریا بە نەکەوی دەست بەمن بگرە ، دەست بەمن بگرە •

لەڕقان هەمو گیانم دەلەرزی تفم لەگەرودا وشك ببو ، هەم لەداخان و لەبەر ئەو وەحشیگەریە کە ئاگام لێبو ، هەم لەخۆشی ئەوخۆڕاگری و ڕاوەستانە پڕلەشانازیە کە ئەوکوڕە مێرمنداڵە نواندی •• (بەڕاستی زۆر مەمنوونی تاقیکردنەوەی ئەوکوڕە بوم کە ئەودەم نەمدەناسی) •

بەربەرەکانی ئەوکوڕە زۆری کار کردبۆ ، سەرم ، کاتێك هاتمەوە قاوش بۆ هەموانم گێڕایەوە • لەقاوشەکەی ئێمەدا کوڕێکی خوێندکار هەبو کە سێ ڕۆژ بو هاتبۆ لامان ، دوڕۆژ دواتر یەکەمین کۆبونەوەی بازجۆیی ئەو دەست پێکرا • سەرلەئێوارە ڕۆیشت و بەری بەیانی کە هاتەوە هەمو سەروچاوی ئەستور ببو ، لەبازجۆییدا زۆری مستو پێلەقە خواردبو • کاتێك پرسیارمان لێکرد، دەرکەوت حاشای لەهەمە شتێك کردوە ، تەنانەت خوێندنەوەی کتێبی کۆمەڵایەتی کە بۆخۆی لای وابو پاش گیرانی چونە ماڵەکەیو کتێبەکانیان گرتوە •

هاواڵان گوتیان کە بێجگە لەوەی دەبێ بیروباوەڕی خۆت نەشاریەوە تا نەت هێننە سەر ئەوبارەکە جنێو بەو بیروباوەڕە بدەی ، هەر لەباری شەخسی بازجۆییدانیشەوە ڕێگایەکی باشت هەڵنەبژاردوە و باشتر بو اعتراف بە خوێندنەوەی ئەوکتێبانە بکەی و دیفاعیشیان لێبکەی •

ئەوهاواڵە نەختێك پێمان پێکەنی و تەماشایەکی کردین، لەڕاستیدا بێعەقڵ بوین • دەنگمان نەکرد ، بەڵام کە لەکۆبونەوەی دوایەمی بازجۆیی گەرایەوە بەجارێك شپرزەیان کردبو ، لەکاتێکدا اعترافی بەخوێندنەوەی کتێب کردبو ، هیچ ، زۆر شتی دیکەشی بەئاودا دابو • دیسان هیچمان پێ نەگوت ، چونکە هیچ نەمابو بۆی بڵێین و بۆخۆشی تێگەیشتبو چی کردوە •

سەرنجێك : هەرچەند ئەم یادداشتانە تائێرەش تەواو نەبون و هێشتا بەشی چەند (حلقە) یەکی تریشی دەکەن • بەڵام لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆرە دەستبە بڵاوکردنەوەیان کراوە لێرەدا دەستیان لێهەڵدەگرین •

- وەرگێڕ -

پاشماوەی : لاپەڕەیەکی زێڕین لە ••

هێنا ، خۆی لەڕیزی میللەتانی ئازاد و بەختیاردا بەدی کرد و لاپەڕەیەکی تروسکەداری خستە سەر مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی • بەخۆڕایی نیەکە ئا • ڕۆزوێلت دەنووسێ :

« پەیدابوون و گووڕانی کۆماری پچووکی کوردو مێژووی کورتو پڕ کارەسات و ڕووخانی لەنەکاوی یەکێك لە تروسکەدارترین ڕووداوەکانی مێژووی تازەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە » •

لەو ڕۆژە مێژوییەدا لە مەیدانی « چوارچرا »ی شاری مەهاباد کۆبوونەوەیەکی یەکجار بەرین بەسترا ، لەو کۆبوونەوەدا کە نوێنەرانی هەموو چینو توێژەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و چەند نوێنەرێکی کوردستانی تورکیا و عیراق و سووریای تێدا بەشدار بوو ، بۆ هەولین جار لەمێژووی پڕخەبات و کارەساتی نەتەوەکەماندا کۆمارێکی دیموکراتی کورد دامەزرا و پێشەوا قازی محمد بە سەرۆك کۆمار هەڵبژێردرا و لەبەردەمی ئەوکۆبوونەوە گەلیەدا سوێندی وەفاداری بۆ نەتەوەکەی خوارد :

« سوێند دەخۆم بەقورئان و ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان و خاکی پیرۆزی کوردستان کە هەتا دواهەناسەی ژیانم بۆ کورد و کوردستان تێبکۆشم » •

بەدوای دامەزرانی جمهوریدا یەکەمین وەزارەتی حکوومەتی میللی کوردستان دامەزرا کە لەمناوانەی خوارەوە پێك هاتبوو :

١ - حاجی بابەشێخ - سەرۆك وەزیر
٢ - حەمە حوسێنخان سەیفی قازی - وەزیری بەرگری
٣ - مەنافی کەریمی - وەزیری فەرهەنگ
٤ - حەمەدەمینی موعینی - وەزیری ناوخۆ
٥ - مەلاحوسێنی مەجدی - وەزیری داد
٦ - ئەحمەدی ئیلاهی - وەزیری ئابووری
٧ - حاجی مستەفا داودی - وەزیری بازرگانی
٨ - خەلیلی خوسرەوی - وەزیری کار
٩ - کەریمی ئەحمەدەین - وەزیری بروسکە و تەلەفۆن
١٠ - ڕەحمانی موهتەدی - وەزیری ڕاوێژکەر
١١ - سمایلی ئیلخانی‌زادە - وەزیری ڕێگا
١٢ - سەدیقی حەیدەری - بەڕێوەبەری گشتی تەبلیغات

تێبینی: ڕەحمانی موهتەدی و سمایلی ئیلخانی‌زادە دواتر بوونە ئەندامی کابینە و سەدیقی حەیدەریش ئەندامی کابینە بوو ، بەڵام بە وەزیر دانەنرابوو •

- ماویەتی -

بەرفرهەتر و گەرم تر هاتە یێت سپی ، ژ بلی کو جوداهیەکا بکار ئینان دژی وان ، جهێت هاتن و چون و خارن و لێخاندن و نەخوشخانە و جهێ مرێیت ڕەشا هاتنە جودا کرن ، و نباژێرا تاخێ ڕەشا یێ دیار و جودابو ژ یێت سپیا ، نەد هێلا لگەلێك بنفن ، یێت ڕەش هاتنە ئازاد کرن بەلێ یێت سپی نێکەلیا وان نەکەن ، شول بو یێت ڕەش هاتە دیتن لسەر ماکینە و لکارخانێت مەزن بەلێ دانان لدەرەچکا دوویێ ژ دوییری (نەقابا) هەر وەچکو تشتەك یێ ژێ کێم ، بێهنا سپێیێت ئەمریکای بفێ نەهات ، دەستەکێت دز و چەتا دروست کرن و پارە و چەك دانێ بو کوشتنا یێت ڕەش دگەل کەسپوکار پێژفە چونێ هندەك بورجوازییێت ڕەش ژی پەیدا بوون بەلێ ئەوان ژی هاریکاریا بورجوازییێت سپی دکر لسەر هەڤال و برایێت خو یێت ڕەش، بو طەمراندنا ڕوناهیا ژیاری لناف وان • لڤێرە دیار دبیت کو بەهەر چ ناف بیت و بچی ڕەنگێ بیت مروڤێ ڕزگار ناکەت ژ سوخرە و زبارا ژ ئازاریێ و بن دەسییێ هەکە ئەو رجیما کەڤن نە هێتە گوهورین • چنکو ئارمانجا بورجوازیا ئێکە لکیرێ بیت ئان کێ بن ، چو پەژان وان ناڤەگرن نە یێ دینی ، ونە یێ قەومی و نە یێ سیاسی چنکو مەصلحەت ئێکە پشتی گەلەك سال بسەر ڕەشا ڤە جوین دڤی حالی دا لسالا (١٩٥٤)ێ هاتە وەکرن کو یێت ڕەش لمەکتەبێت سپیا بخوینن ، و لسالا (١٩٦٢)ێ ماف دا ڕەشا کو دەنگێ خو بدەنە سپیا بو هەلبژارتنا نەقابا و کونگریسا • لسالێت پاشی شێستیێ ، دەنگێ شورشا ئازادیێ گەهشتە ناف جەرگێ مللەتێ ڕەش لئەمریکای ، تەناهی و بێدەنگی بدویر ئێخست ژ مەژیێ خو چنکو برەحەتییێ و بێدەنگییێ چو لخو زێدە نەکر • (مارتن الوثر کینغ) ئێك ژوان بو یێت کوت (مە نوکە سەربەستی دڤێت) ، پێدڤیە ئەم بگەهینە مافێ خو بخەباتێ و بدیبارکرنا نەڕازیبوناخو لسەر وان بڕیارا ئەوێت بورجوازیێ د دەن دژی مە ڕەشا ، دگەل وێ ژی وی نەدڤیا خورتییێ و کوتەکییێ لێت سپی بکەت ، دسەر ڤێ چەندێ را ژی هەر هاتە کوشتن لنیسانا سالا (١٩٦٨)ێ ، کوم ژ خربونێت ڕەشا هاتنە فەرەڤاندن و بەلاڤکرن و ژێك بەرتاندن بئاگری و بسەدا ژێ هاتنە کوشتن ، لسالێت (٦٤ێ - ٦٥ێ - ٦٦ێ) لگەلەك تاخێت ڕەش لێئەدژین لئەمریکای نەخوشی و ئالوزی پەیدا بون ، هەر دەم (لوثر کینغ)ی (ڤیا ئەف ئالوزیە نەبن بەلێ ئەو بخو ژێ نەد شیا ڕەشا لپیفکەکێ ڕاوەستینیت) •

پاشی وی (ستوکلی مارمایکلی) بەیداغا ڕێ بەراهیا ڕەشا ڕاکر و سەرگێڕا وان کر و گازی مللەتێ خو کر دگوت : دڤێت یێت ڕەش ژی بژین وەکی هەمی مروڤێت دی یێت سپی ، و جهێ خو یێ مروڤایەتییێ بگرن لناف ڕێزێت خەلکێ دی تر •

و دگوت : دڤێت ئەو جهێ وزرداری ژێ دەردکەڤیت بهێتە ڕەنین و نەهێلان ، و دگوت : دڤێت سەرگێڕا شولێ مە بکەڤیتە دەستێدمە نەد دەستێد سپیادا بیت ، ژ هەمی تا و ڕەخا ڤە کارێ (سیاسی و ثقافی و اقتصادی) پشتی وی (مالکولم راکس) دیاربو لبەر پەردا سیاسی و دەنگێ وی دیار بو کرەگازی ڕەشا بناڤێ بوسولمانیەتییێ داخازا وی ئەوبو کو ئەو رجیما ئەمریکا لسەر دچیت دڤێت بهێتە ڕاکرن ، و دگوت : شورشا مە ڕەشا پرتەکە ژ شورشا بەرفرهە یا هەمی مللەتێد دی دژی ئیمپریالزمێ و سەرمایەتییێ بەلێ ئەو ژی هاتە کوشتن • لسالا (١٩٦٧)ێ لهندەك تاخێت ڕەش لێدژین ئالوزیا ڕوی دا ، گەلەك قوتابی گەهشتنێ ، داخازەکا وان ئەوبو کو لەشکرێ ئەمریکی نە چیتە شەڕێ ڤێتنامێ د وی دەمی دا (کومەك پێکهات دگوتێ کوما پلنگێت ڕەش) ویێت ڕەش مانە د بن دارێ وزرداریێ ڤە • بەلێ ئەو نا ڕاوەستن حەتا کو ئەمریکا مایێ خو تێنەکەت ، دا کو بژین وەکی هەمی کەسا بێی کو بهێنە کرین و فروتن و کەسێ تەعدایێ لکەسێ نە کەت ، ژ بەر جوداهیا (دینی) ئان یا نەتەوایەتییێ قەومی (ئان ڕەنگێ ئان ژ بەر بیرو باوەرییێت (سیاسی) یێت جودا ژ ئێك دی ، بزاڤا یێت ڕەش ئەوە کو (هەمی شولکەن بو هەمیا) ئەکو (گەلەك بکەن دا پیچەك باهێ زەحمەتا شولێ وان بخون) • ئەڤەیە بزاڤ و خەباتا هەر کەسەکێ چاك ، هەر کەسەکێ دلسوزێ مللەتی براستی نە بدرەو •

پاشماوەی : شۆڕشگێرانی ئەنگولا ••

پورتوگال سیاسەتی تۆقاندنو کوشتنو بڕینی لە مستعمرەکانا گرتوتەبەر بەڵام نەیتوانیوە گیانی شۆڕشگێرانەی گەلان بزوتنەوە ڕزگاری هێنەرە نیشتمانپەروەرەکانی ئەفەریقا خەفە بکات • وەوتویە کوشتنی ئەمیلکا کابرالی سکرتێری گشتی پارتی سەربەخۆیی گینیا بیساوی ئەفەریقایی نیشانەی پەككەوتویی ئیمپریالیستەکانو پەلە قاژەی مەرگیانە • وە ڕۆژی ٦ - ٢ بەبۆنەی ڕۆژی کۆمەك کردن بە گەلی ئەنگولاوە کاك یوسف السباعی سکرتێری ڕێکخراوی هاوکاری ئەفەریقاو ئاسیا داوای لە هێزە ئاشتی خوازەکانی دنیاکردوە کە پشتگیری گەلی ئەنگولا بکەن دژی ئیمپریالیزمی پورتوگال • وە وتویە لە ئەنجامی ئەو پشتگیری یەی وڵاتانی ئاسیاو ئەفەریقاو وڵاتانی سۆشیالیستیو هێزە پێشکەوتنخوازەکانی دنیا لەبەرەی ڕزگاریهێنەری ئەنگولای ئەکەن شۆڕشگێران توانیویانە دەکەرت لە ئەنگولا ڕزگار بکەن •

پاشماوەی : هەواڵەکانی شاری کەرکوك

ئامادەیی ئیمام قاسمی کوڕان، یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە کەرکوك کۆڕێکی ڕۆشنبیری فراوانی بەست بەنیازی پێشخستنی وێژەو هونەری کوردیمان لە شاری کەرکوك ، لەپێشا مامۆستا (باییز سعید تالەبانی) وتەی لقی کەرکوکی خوێندەوە ، وەپاشان کاك شاسوار بەدوورودرێژی دەوری خەباتی لاوانی خستە ڕوو ، وەهەموو ڕێکخراوە کوردستانی یەکانو نوێنەری پارتیش بەشداریان تیاکرد •

تۆمار

تن‌آسانی گزیند خویشتن‌را
زن‌و فرزند بگزارد بسختی

◆

شاعرو فەیلەسوفی فارس (سەعدی شیرازی) لەو دێرە شیعرەی سەرەوەدا سەرزەنشتی ئەو کەسانە ئەکات کە خۆیان لەخۆشیدا ئەژین‌و رائەبوێرن‌و ماڵ‌و منداڵەکانیشیان بەناخۆشی‌و موحتاجی رۆژ ئەبەنە سەر .

سەعدی حەوت سەدەو نیو لەمەوبەر ئەم شیعرەی داناوە، بەڵام ئەم شیعرە هەتا هەتایەو تا ئادەمیزاد لەسەر روی زەوی بژی جێگایەکی بایەخداری ئەبێ .

شاعیر ئەو جۆرە کەسانە بە دل رەق‌و بێ بەزەیی ناو ئەبات‌و ئەوەش ئاشکرا ئەکات کە هەرگیز بەختەوەر نابن‌و بەئاسودەیی ناحەوێنەوە، ئینجا خەڵکینە با ئێمەش عیبرەت لەم پەندەی سەعدی وەربگرین .. با ئەوانەمان شەو لەسەر مێزی خواردنەوەو رابواردن رۆژ ئەکەنەوەو ماڵ‌و منالەکانیشان بەدەستی ئەم‌و ئەوا ئەروانن با بیر بکەنەوە .

- برهان -

دۆستێکی بابی دەدۆزێتەوە !

بە حەمە رەزا شا ئەڵێت :

- بابت (بەرەحمەت بێ) ئەو ساڵەی مەجلیسی شورای میللی دایەبەرتۆپ‌و ساختومانەکەی روخان‌و ویرانی کرد، بابی بەندەی‌حازریتان (سینوان یەکومی) تۆپخانە بوو .

- وەرە دانیشە .. تۆ یادگاری (ئەعلاحەزرەتی) ! و فەضلت لەسەر بنەماڵەی ئیمە هەیە .. ئەگەر تۆش وەکو بابت زیرەك بیت ئەوا جێگات لەسەر چاوان دەبێت .

دەستەی دامەزرێنەری تیپی :

شانۆی پێشڕەوی کوردی

بۆهاوکاری ئەدوێ

● دامەزراندنی تیپێکی شانۆیی نوێ لە سلەیمانی ..

● جیا بونەوەی هەندێك ئەندامی کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی‌و دامەزراندنی تیپێکی نوێ .

لە (فەهمی قەرەداغی)یەوە
پەیامنێری - هاوکاری -
لە سلەیمانی

لەم دواییەدا چەند هونەرمەندێکی سەربەخۆو لەگەڵ چەند ئەندامێکی کۆمەڵی هونەروویژەی کوری تیپێکی شانۆیی نوێیان دامەزراند، بەهیوای ئەوەی بتوانن بەسەر ئەو گیروگرفتانەدا زەد ببن کە تیپەکانی تر توشیان بون ئەم هونەرمەندانە پرۆگرام‌و پەیرەوی ناوەوەیان داناو تیپەکەیان ناونا « تیپی شانۆیی پێشرەوی کوردی » .

دەستەی دامەزرێنەی تیپەکە لە(احمد سالار، بەدیعە دارتاش حیکمت هندی، دڵشاد مەریوانی، روءوف حسن، مصطفی احمد، طـە باراوی، گەشاو مەریوانی) پێکهاتووە جا لەبەر ئەوەی هەنگاوی ئەم چەند هونەرمەندە شایەنی سەرنج‌دان‌و باسە لەروی هونەری شانۆگەری کوردیەوە چاومان بە هەندێکیان کەوتو ئەم گفتوگویەمان لەگەڵ کردن:



احمد سالار



روءوف حسن



کمال صابر



مصطفی احمد



دلشاد مەریوانی

- چۆن بیرتان لە دامەزراندنی ئەم تیپە نوێیە کردەوە ؟

مستەفا ئەحمەد :

پێشکەوتنی هونەر لە کوردستاندا پێویستی بەکەسانی دلسوزو کارامەیە، ئێمە لەئەنجامی ئیش کردنی پێکەوەمان لەماوەی ساڵانی رابوردوا توانیمان لەیەکتر زیاتر نزیك ببینەوە، ئەم لیك نزیك بونەوەیە هانی داین بۆ هەنگاونانێ کە باوەرمان بەسەرکەوتنی هەیە، سەرەرای باوەربونمان بە پێویستی لادان لەو هەڵەو کەموکوریانەی رابوردو لەجولانەوەی هونەرا رویان ئەدا .

روءوف حسن :

لە ئەنجامی ئیش‌کردنی ساڵانی رابوردوا هەندێ کەموکوریمان بەدی کرد وەچەندجارێکیش هەوڵی تەواومان دا بۆ چارەسەرکردنی بەڵام هەمو تەقەلایەکمان بەفیرۆ رۆشت، لەبەر ئەوەدەرچونمان لەکۆمەڵ‌و هەنگاونان لەلایەن خۆمانەوە زۆر پێویست بو هەر چەندە هاتنە دەرەوەی ئێمە زیان لە کۆمەڵ نادات بە پێچەوانەشەوە هیوامان وایە هەمیشە بتوانێ دەوری خۆی لە پێش‌خستنی هونەرا ببینێ .

دلشاد مەریوانی :

هەروەکو کاك روءوف رای گەیاند لەوەپێش هەوڵمان‌داوە هەر لەناو کۆمەڵا ئەو گیروگر- فتانەی هەن چارەسەربکرێن، بەڵام ئەنجام وانەبو، بۆیە بریارمان‌دا کە تیپێکی نوێ دابمەزرێنن بەو نیازەی بتوانن چارەسەری ئەو کەم‌و کوڕیانە بکەین لە جۆلانەوەی هونەری شانوگەری کوردیایە . ئەویش بەپێی توانامان .

- چیتان ئامادە کردوە ؟

کاك کمال صابر وەڵامی ئەم پرسیارەی داینەوە :

● بێ‌گومان ئێمە بۆ ئەوە نەهاتوین لەژێر ناوێکدا بەبێ بەرهەم لافی هونەرمەندی لێبدەین، بەڵکو گەلێ بەرهەمی نایابمان ئامادە کردوە لەکاتی خویدا پێشکەش بە جەماوەری ئەکەین . هەتا ئەگەر ماوەمان هەبێ لەسەر شەقام‌و لەساحەکانی ناو شاریشدا چیروکی شانۆیی پێشکەش ئەکەین .

- دەربارەی ئیجازەی تیپەکەتان، چیتان کردوە .

کاك ئەحمەد سالار وتی :

چاومان کەوتوە بە (مامۆستا علی عبداللە)ی پارێزەری سلەیمانی‌و ئامانج‌و نەخشەی داهاتوی تیپەکەمانمان بۆ رون کردەوەو دانەیەك پرۆگرام‌و پەیرەوی ناخۆیی تیپەکەمان پێشکەش کرد، ئەویش پێخوشحالی خۆی دەربری‌و پشت گیری هەنگاوەکەی کردین‌و ئیستاش چاوەڕێی دەرچونی ئیجازەکەین .

پەیامنێری هاوکاری :

خۆینەری خۆشەویست، مشتومڕێکی زۆرمان لەگەڵ ئەم هونەرمەندانە کرد، دەربارەی هونەرو دەوری هونەر لەخزمەتی جەماوەری گەلی زەحمەتکێشا جا حەز ناکەم لێتان بشارمەوە زوربەیان لەم روەوە وا بیرئەکەنەوە کە : ئەیانەوێ جەماوەر بێتە ئاستیان نەوەك ئەمان بچنە ئاستی جەماوەرەوە جا هیوادارین لەم بارەیەشەوە هێلێ جەماوەرو هونەر بۆ خزمەتی جەماوەر بگرن . هەروەها ئاواتە خوازیشین بتوانن لەرێگای پێشخستنی هونەری کوردیا هوشیارانە هونگاوبنێن .

ڕەش
سپی

بۆ کوێری کرد !

ئامادەکردنی : حەمە ئەمین

● لە بناری شارەزور، کابرایەکمان دی، چاوێکی کوێربو، لێمان پرسی :

- بۆ چاوت کوێر بووە ؟

لە وەڵاما وتی :

- دایکم بوی گێرامەوە، وتی : تۆ منداڵ بویت، رۆژێك من‌و باوکت لە (باوەشی فریشتەدا بوین) ... لە خۆشترین کاتی ژیانا بوین، خەریك بوین دەرگای بەهەشتمان ئەکردەوە، لەو کاتەدا تۆ دەستت کرد بەگریان، منیش ویستم ژێرت بکەمەوە، دەستم بەم لاو ئەو لای خۆما گێرا، سوژنێکم هات‌بەدەستەوە هەڵم دایە بەردەمت بۆ ئەوەی خۆتی پێ ژێر بکەیتەوە، ئێمەش خوشیەکەمان لەکیس نەچێ !! تۆش یاریت بە سوژنەکە ئەکردو کردت بەچاوی خۆتا .. چاوی چەپت کوێر بو، منیش وتم : ئایا دایە گیان ئەگەر تۆ ئەو سوژنەت نەدامایەتێ هەتا ئیستەش هەر ئەگریام ؟! یان ئەو چاوەی من کە دنیای پێ ئەبینم‌و رەش‌و سپی پێ لێك جیا ئەکەمەوە لەو تۆزە خۆشیەی ئێوە بەنرخ تر نەبو؟! وتی بەڵێ بەڵام زۆر کەس هەن لە پێناوی خۆشی خۆیانا هەزار چاو کوێر ئەکەن‌و بە دوو چاوی زەقی خۆشیان رەش‌و سپی لێك جیا ناکەنەوە !

منیش وتم : زۆریش هەن لە پێناوی خۆشی خەڵکی ترا چاوی خۆیان دائەنێن ...

● ئێمەش وتمان : خاڵۆ لە هەموو کات‌و شوێنیکا رەش هەر رەش‌و سپی هەر سپی !.

لەشیعری یاخی بووەکانی ئەمەریکا

گۆڕینی : سامی شۆرش

١) مستەر ریفەرز : تکایە،گوێمان لێ‌بگرە !
لەجیاتی دانانی یاسای‌قەدەغەکردنی
سووتاندنی ئاڵای ئەمەریکا
یاسایەکمان بۆ بێنەکایەوە ..
سووتاندنی منالْ .. لە ڤیێتنام‌داو ...
سووتاندنی قوڵەرەشەکان ..
لە خوارووی (کارۆلینا)دا قەدەغە بکات !

٢) پیاوەکە گومانی هەبو..
نەیئەزانی ئەم شەڕەلە پای چی ؟
ناردیانە وڵاتی میللەتێکی‌تر ..
بۆئەوەی بیانکوژێ !
بەڵام .. کاتێ ..
کە بینی ئەو میللەتەی‌ئەم هاتووە
بیانکوژێ،
زۆر بەنەرمی لەگەڵی‌دائەجولینەوەو
رێگەی راستەقینەی‌خەباتی پێ‌نیشان ئەدەن،
سەری سوڕما،
هەموو رۆژێ ..
شتێکی تازەیان فێرئەکرد..
سەری سوڕما :
بەرە بەرە تێگەیشت..
ئەو میللەتەی ئەم هاتووە بیانکوژێ ..
تەنیا مەبەستیان بەرگری‌کردنە
لەو سەربەستیانەی ...
کە باپیرەکانی ئەم ..چەند سەدەیەك لەمەوبەر ..
لەپێناویاندا ..
لەسەر گردە بەخوێن‌سووربووەکانی ئەمەریکادا
خۆیان دا بەکوشت !

غەسان کەنەفانی وشەو تفەنگ



غەسان کەنەفانی

هونەرمەند « قاسم حول »کە یەکێکە لە هونەرمەندە سینەما زانەکانی عیراق، فلیمێکی دەرهێناوە بە ناونیشانی (غەسان کەنەفانی: وشەو تفەنگ) ئەم فلیمە « وثائقیە » باسی شەهیدی شۆڕشی فەلەستین غەسان کەنەفانی ئەکات‌و بەعەرەبی‌و ئینگلیزی تۆمار کراوە . شاعیری ناسراوی فەلەستین محمود دەرویش قسەی لەسەر ئەکات .

● هونەرمەندێکی ساوا ●

(رەوند اسماعیل) لە باخچەی هونەری کوردیماندا، چرۆیەکە تازە دەم ئەکاتەوە، خونچەیەکە تازە ئەپشکوێ، بەهرەیەکی هەڵچووە ئەیەوێ رێبگا، لێمان پرسی :

- تەمەنت ؟
+ نۆ ساڵ !
- لەکام پۆلی ؟
+ پێنجەمی سەرەتایی !
- حەز لەچی ئەکەی ؟
+ شیعرو مۆسیقاو گۆرانی !
- لە مۆسیقا ژەنی‌دا کامیان ئەزانی ؟
+ ئۆکۆردیۆن .
- دەنگی ئۆکۆردیۆنەکەت گەیشتۆتە سەرشانۆ ؟!
+ بەڵێ !
- کەی ؟
+ پار لەئاهەنگی رێزگرتنی قوتابیە یەکەمەکان ! کە یەکێتی مامۆستایان رێکی‌خستبوو .
- ئاواتت ؟
+ بیمە مرۆڤێك، بەکەڵك کوردستان بێم‌و خزمەتی بکەم، ئاواتی هەرە گەورەشم رزگار- بوونی کوردستان ..
- ئومێدەوارین هەر لە پێشکەوتن‌و سەرکەوتنا بیت‌و سوپاس -

ڕەبەند ئیسماعیل

لە هەولێرەوە بۆمان هاتووە

خاڵەی رێبوار لە سلەیمانی

کۆمەڵی هونەرو وێژەی‌کوردی لقی هەولێر، دوای ئەوە بە شێوەیەکی سەرکەوتو،شانۆگەری (خاڵەی رێبوار) لە هەولێر پێشکەش کرد ،بەم زوانە ئەچێتە سلەیمانی‌و هەمان شانوگەری پێشکەش‌ئەکات .

ناصر حسن

شانۆگەری ئیملا

بەم زووانە داوو دەزگای ئیستگەو تەلەفزیون بەشی کوردی شانۆگەری ئیملا تۆمار ئەکات ئەم شانۆگەریە ئەوهەر مراد نوسەری‌پێشکەوتن‌خوازی ئیرانی نوسیویتی‌و بریتیە لە وەثیقەیەکی گرنگی سیاسی دەربارەی دووبەرەکی وناکۆکی نیوان گەل‌و هێزەپێشکەوتن خوازەکانی ئیران‌و رژێمی حمە رەزا شا . بریاریش وایە کە ئەم شانۆگەریە لە شاری سلێمانی و کەرکوك وبەغدا پیشان بدرێت‌و بۆئیستگەی کوردی‌و تەلەفزیونی بەغداو کەرکوك تومار بکرێ، شانۆگەریەکەش هونەرمەند کاك ناصر حسن دەرهێنەر لە ئیستگەی کوردی بوشانوی دری‌هێناوە .

سێ شانۆگەری

لە چاوەڕێی چەپ‌ڕەوا

● تیپی تەمسیلی یانەی وەرزشی هێرش لە هەولێر خەریکی خۆ ئامادە کردنە بۆ پێشکەش کردنی شانوی « لە چاوەڕێی چەپ رەوا » لە نوسینی - کلیفورد ئۆدیتس و دەرهێنانی هونەرمەند سەردار عبدالمجید .

●

کاوەی ئاسنگەر :

● کۆمەڵی هونەرو ویژەی کوردی لە سلەیمانی خەریکی خۆ ئامادەکردنە، بۆ پێشکەش کردنی شانوی « کاوەی ئاسنگەر » لە نوسینی شیرکۆ بێ‌کەس‌و دەرهێنانی هونەرمەند نوزاد مجید، ئەم شانۆیە لە ١١-٣-١٩٧٣ پێشکەش ئەکرێ .



٣٠ دەقیقە لە جیاتی مانگێك

لەم دواییەدا..لە زانستگای بەرمەنگهام - ئینگلترە، جهازێکی تازە دروست‌کراوە بۆ ئەوەی فەحصی ئەو کەسانەی پێ‌بکرێ کە نەخۆشی‌ی گورچیلەو دل‌و جگەریان هەیە .. وەدەست نیشان‌کردنی ئەم نەخۆشیانە بەم جیهازە تازەیە تەنیا ٣٠ دەقیقە ئەخایەنی .. کەچی جاران ئەبوایە نەخۆش مانگێك لەخەستەخانە لەژێر چاوەدێری‌ی پزیشکدا بوایە .

لەم وێنەیەدا پزیشکێك بە جیهازەکە نەخۆشێك فەحص ئەکا .

سالم‌و شیعری نیشتمانی

یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی هەولێر لە ئێوارەی روزی سێ‌شەممەی رێکەوتی ٣٠-١-١٩٧٣ کۆرێکی ئەدەبی فراوانی لە هۆڵی نیقابەی مامۆستایانی کوردستان بەست .

لەسەرەتادا مامۆستا احمد شریف سکرتیری رۆشنبیری کۆڕەکەی بەووتاریکی‌سەرپێ‌پێ دەست‌پێ‌کردو بەخێرهاتنی ئەندام‌و میوانەکانی کرد .

ئینجا مامۆستا هۆگر گوران لێکولینەوەیێکی ئەدەبی بە ناونیشانی (سالم‌و شیعری نیشتمانی) خوێندەوەو درا بەدوای ئەو مامۆستا کمال غەمبار ووتارکی لەسەر شاعیریەتی (سالم) پێشکەش کرد و مامۆستا مدحت‌بێ‌خەو بە هەڵسوڕاندنی کۆڕەکە هەڵسا و بەشداری کرد لە وەلامدانەوەی پرسیاری بەشداربووانی کۆڕەکە .

وە مامۆستایان : ممتاز حەیدەری و فاضل عرفات و احمد دلزارو محمد حسن مەنگوڕی‌و حسین رەشوانی‌و نوری عبداللە هەریەکە روون کردنەوە وتێ‌بینی خۆیان بەرامبەر بەوتارەکانی کۆڕەکە دەبڕی‌و کۆڕەکە نزیکەی دوو سەعاتی خایاند .

⊙

چاپ کراوی نوێ

(ورشەی ئاوات) سێ‌یەم کۆمەڵە شیعری کاك مدحت بێ‌خەوە، لە بەرگێکی قەشەنگ‌دا کەوتە بەردەست خوێنەرانی ئەدەبەوە، دانەیەکی پێش‌کەش بە رۆژنامەکەمان کرد .. هیوادارین سەرکەوتو بێت .

لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی ژیانی گۆران

(شیعری عبداللە گۆران)لێکۆلینەوەیەکی دوورو درێژی مامۆستا (محمد حسین‌شانۆفا)یە دەربارەی شیعرو ژیانی شاعیری بەناوبانگی کورد (عبداللە گۆران) .

لەم دواییەدا پێشکەشی‌وەزارەتی راگەیاندن کرا بۆ ئەوەی ئیجازەی چاپ کردنی بدات .

ئاموژگاری‌یەك بە پەنجا فلس

پاپۆڕەوانی سوێدی - ورگ‌سفینصون - ئیعلانێکی بلاوکردەوە تیایا ئەڵێ :

بە تاقی‌کردنەوەی خۆم گەیشتومەتە چەند ئەنجامێکی راست جا هەر کەسێك ئەیەوێت سوود لە تاقی کردنەوەکانم وەربگرێت کە یەکێکیان چونێتی خۆ پاراستنە لە گێژیی دەریا ئەوا نامەیەکم بۆ بنووسێت لەگەڵ پونێکی پەنجا فلسی کارنەکراودا .

پاپۆڕەوانی ناوبراو ئەم‌ئامۆژگاری‌یەی خوارەوەی بۆ خاوەن نامەکان بلاوکردەوە :- **« سواری پاپۆڕ مەبن ! »**

خواردنی سەگ لە خواردنی حەپسەکان گرانترە

مارك کالیل، وەزیری ناوخۆی بەریتانیا لە پەرلەمانا وتویەتی : خواردەمەنی‌ی ئەو سەگانەی‌پاسەوانی بەندیخانەی لیستر ئەکەن .. دوو ئەوەندەی خواردەمەنی حەپسەکانی تێ ئەچێ .. کالیل وتویەتی: ئەم سەگانە رۆژێ ٧٥٠ گرام گۆشت ئەخۆن‌کە لەهەفتەیەکدا ئەکاتە ٣ جونەیهی ئینگلیزی.. لەکاتێکدا خواردەمەنی‌ی حەپسەکان لە هەفتەیەکدا بای جونەیهونیوێکە !

●